# کلتووری کورد

گۆڤارێکی کلتووریی ڕۆشنبیریی گشتیی وەرزییە خانەی کلتووریی لەپزێڕین لە کۆیە دەریدەکات
پوشپەڕی ٢٧١٦ / حوزەیرانی ٢٠١٦

خاوەن ئیمتیاز
**د. عەتیە حەمە سەعید لەپزێڕین**

سەرنووسەر
**فازیل شەوڕۆ**

بەڕێوەبەری نووسین
**د. هاوژین صلیوە**

دەستەی نووسەران
**عەبدولکەریم شێخانی**
**د. هێمن عەبدولحەمید شەمس**

سەرپەرشتیاری چاپ و بڵاوکردنەوە
**دێدەوان یەعقوب**

ڕاوێژکاری یاسایی
**ئاسۆ هاشم**

دیزاین
**توانا ئەحمەد**

چاپ
**چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر**

ناونیشان
کۆیە، شەقامی سەرا، خانەی کلتووریی لەپزێڕین.

Email: kalturikurd@gmail.com
Mobile: (٠٠٩٦٤) ٠٧٧١ ٢٠ ٩٠ ٧٠٢)
(٠٠٩٦٤) ٠٧٧٠ ١٥ ٣٠ ٢٩٣)

## ڕەوتی گۆڤارەکە:

**-کلتووری کورد گۆڤارێکی کلتووریی ڕۆشنبیریی گشتیی وەرزییە، بایەخ بە ناساندن و خزمەتکردن و بەرزڕاگرتنی کلتووری کوردی دەدات، لە ڕێی داتەکاندنی تەپوتۆزی ڕۆژگارە ڕەشەکانی سەردەمی ژێردەستی و ئارایشتکردنەوەی ڕوخسارە جوانەکانی، بە مەبەستی بەرجەستەکردنیان لە ژیانی سەردەمیی ئیمڕۆ و ئایندەدا.**

**-دەوڵەمەندکردنی ئەرشیف و کانگای سەرچاوە کوردییەکان بە زانیاری دەربارەی کلتووری نەتەوەکانی دیکە و ئاشنابوون و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی مەڵبەندە کلتوورییەکانی دنیاو بەرهەمەکانیان.**

**-کاردەکات بۆ خولقاندنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ دانان و تۆمارکردنی ئینساکلۆپیدیای کلتووری کوردی.**

**-دەستی ئەو نووسەر و توێژەر و لێکۆڵەرانە دەگرێت کە خەمخۆری کلتووری کوردین و کار بۆ زیندووبوونەوە و گەشەکردنی دەکەن.**

ژمارە ٣

## لەم ژمارەیـەدا ئەم بابـەتانە بخوێنـەوە:


• بۆ کردنەوەی دوو پەنجەرەی داخراوی کلتووری کوردی
سەرنووسەر........................................ (٣)

• تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك
مەڵبەندی عیرفان و زانست و پێکەو ژیان و مەقاماتە
د. نوری تاڵەبانی........................................ (٥)

• بەیت و بەیتی دمدم لەنێوان دوو تێکستدا
نێچیروان شوانی ..........................................(١٤)

• بەسەرهات و رووداوەکانی وڵاتی کۆیە لە تەفسیری مەلاێ گەورەدا
پ. د. جەواد مەلا حمدأمین چۆمحەیدەری.....(٢١)

• تووتن و تووتنەوانی لە کوردستانی باشووردا
سەلاحەددین حەمە سەعید حاجی سابیر........(٢٨)

• کورتەیەك لە زمانی شیعر و شێواز لە شیعری فۆلکلۆریدا
پ. ی. د. ئازاد ئەحمەد ............................(٣٢)

• (١٠٠) مامکا کو هێشتا نەکەڤتینە سەر کاغەزێ
حجی جعفر............ .................................(٣٧)

• دەکرێ شانازی بە ڕۆمانەکانمانەوە بکەین؟
ئازاد عەبدولواحید ........... ........................(٤٢)

•ئاهەنگگێران بەبۆنەی مەولوود خوێندنەوە لەکۆیە
عەبدولکەریم شێخانی..........................(٤٨)

• ناوچەی قەراج
عەزیزی مەلای رەش............................(٥٤)

• گۆرانی کلتور
د. هێمن عەبدولحەمید شەمس...............(٥٧)

• شێواز و ڕێگەکانی توێژینەوەی مەیدانی
ئا: پیرداود مەخمووری..............................(٦٠)

• چیرۆك و چیڤانۆکێن کوردی
تزبیێن هارون رەشیدی
عبدالرحمن بامەڕنی.................................(٦٥)

• بەرەو کلتوور
کەلەپوور و گری نامۆیی
ڕەهبەر سەید بڕایم..................................(٧٠)

• لە پێناوی پاراستن و بەرەو پێشەوە بردنی سامانی نەتەوایەتیماندا
د. کەمال غەمبار...................................(٧٢)

• هەر جارەو رۆمانێك
راڤەی ڕۆمانێ( بۆرە)
د. هاوژین صلیوە..................................(٧٦)

• حەیران بەرەو کزی، بۆ...؟
عەبدولوەهاب شێخانی...........................(٨٢)

• مامانی.. لەنێوان کلتوور و کەوڵکاریدا
د. عەتیە حەمە سەعید لەپزێڕین.................(٨٣)

• گۆپاری کوردەواری
حەمید ڕەشاش.......................................(٨٥)

• چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پرۆفیسۆر مستەفا زەلمی لەبارەی زمانەوە
پارێزەر: تارق جامباز..............................(٨٩)

• کلتوور و شانۆ
کەیفی ئەحمەد......................................(٩٥)

• پیاو لە چەند ئیدیۆمێکی کوردیدا
دێدەوانی یەعقوب..................................(٩٩)

• The British Museum
بەهەشتی شوێنەوار وشوێنەوارناسان (مۆزەخانەی بەریتانی)
هێمن نعمان ......................................(١٠١)

• دیوێکی ئەدگارەکانی خورافە لە کوردەواریدا
عەبدولکەریم حەمە ساڵح(مام هەژار).........(١٠٥)

• یارییە فۆلکلۆرییەکان
هۆشیار بەکر عەزیز...............................(١١١)


*** بابەتەکان گوزارشـت لە ڕای نووسـەرەکانیان دەکەن، گۆڤارەکە لێیان بەرپرس نییە.**
*** تکایە بابەتی بڵاوکراوە مەنێرن.**

# بۆ کردنەوەی دوو پەنجەرەی داخراوی کلتووری کوردی



## سەرنووسەر

لە ڕۆژی (٢٥ / ٧ / ٢٠١٦)، لە ژمارە (٢٤١٤) ی ڕۆژنامەی هەولێر، بەرنامەی کاری وەزارەتی ڕوشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستانی، لە ژێر ناونیشانی (هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی وەزارەتی ڕوشنبیری و لاوان بە پێی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٠) بڵاوکردەوە. بەرنامەی کارەکە بە (سەرنج)ێك دەستپێدەکات کە دەڵێ:»ئەمەی خوارەوە بەرنامەی کاری وەزارەتی ڕوشنبیری و لاوانە، بەو ئومێدەی پسپۆڕان و ڕوشنبیران و هونەرمەندان و نووسەران بە سەرنج و تێبینییەکانیان دەوڵەمەندی بکەن بەر لە پەسندکردنی کۆتایی.»

گۆڤاری (کلتووری کورد)، وەك تاکە گۆڤاری خەمخۆری کلتووری کوردی لە کوردستانی باشووردا، ئیمڕۆ بەو پەڕی جەرگسۆزیی و پەرۆشییەوە، نەك هەر دەستخۆشی لە هەر کارێك و هەنگاوێك دەکات، کە بچووکترین خزمەت بە کلتوور و زمانی نەتەوەکەمان بکات، بەڵکو خۆی بە دەستگر و پشتیوان و کۆمەککار و خزمەتکاری ئەو جۆرە کار و هەنگاوانە دادەنێت. جا لە سونگەی ئەم دروشمەوە، سەرنجی خۆمان لەسەر ئەم بەرنامەی کارەی وەزارەتی ڕوشنبیری و لاوان دەردەبرین، بەو ئومێدەی خشتێك بخەینە سەر ئەو قەلاّیەیی ئەوان نیازیانە بۆ کلتووری کورد بونیاتی بنێن و خوێنەرانیش هان بدەین قسەخۆیانی تێدا بکەن.

دەبێ سەرەتای وتارەکەمان (ئافەرین) بێت بۆ داڕێژەرانی بەندەکانی ئەم بەرنامەی کاری وەزارەتە، کە وردبینانە و کارامانە خاڵ بە خاڵی هێڵە گشتییەکان یان سیاسەتی خۆیان لەمەر ئەم بابەتە هەڵهێنجاوە و پوخت دایانڕشتوون. دوای خستنە ڕووی (٢٣) بەندی بەرنامەی کارەکە، وەزارەت ،(دیدگای خۆی بۆ لاوەکان)یش، لە (١٢) بڕگەی سەربەخۆدا نمایش کردووە. لەڕاستییدا، ئەوەی کە ئێمەی بەقسە هێنا، ئەوە بوو کە وشەی (کلتوور) (٤١) جار لە کۆی (١٨) بەندی بەرنامەکەدا دوپات کراوەتەوە. ئەمەش نیشاندەری خەمخۆریی ئەوانە بۆ کلتووری نەتەوەکەمان. لە بەندی (شانزدەیەم)

دا هاتووە: «وەزارەت لە کاتێکدا هاوکاری پڕۆژە جددییەکانی کلتوورکارە دیار و داهێنەرە بە ئەزموونەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێت، لە هەمان کاتیشدا دەستگیریی و هاندانی بەهرە و پڕۆژەی نوێ و سەرەتاییەکانیش فەرامۆش ناکات.»

بە هیوای پێشنیازکردن و نەخشەسازیی بۆ پڕۆژەی نوێی کلتووری، کە لە خزمەتی نەتەوەکەمان دابێ، وا گۆڤاری (کلتووری کورد) دوو پەنجەرە دەست نیشاندەکات، بە ئومێدی کردنەوەیان، کە دەبوایا زۆر زووتر چاوەکانیان بخرابانە سەرپشت و شووشەکانیان لە دووررا بدرەوشابانەوە. ئێستا قەد لە ئیمرۆ درەنگتر نییە بۆ کردنەوەی ئەو دوو پەنجەرەیە:

پەنجەرەی یەکەم، پڕۆژەی ئامادەکردن و وەبەرهێنانی (ئینسایکلۆپیدیای کلتووریی نەتەوەیی کورد)ە، کە کەم تا زۆر کاری سەردەمییانەی بۆ نەکراوە. ئەم پڕۆژەیە کارێکی دەستەجەمعیی هەرەوەزیی سنوورفراوانی گشتگیرە، هەرگیز لەتاقەتی تاکە کەسێك و گروپێکی بێپشتیوان و گیرفان بەتاڵدا نییە. گەنجینەی زاراوەی (کلتوور) هێندەفراوان و گەورەیە، مەحاڵە بە کوڵ و شانی تاکە کەسێك هەڵبگیرێت. ئەوەی کە ئێمرۆر ڕێخۆشکەرە بۆ تۆمارکردنی ئەم خەونە جوانەی کورد، دوو دەروازەی کراوەیە: یەك: دەتوانیین لە ئەزموونی گەلانی تر کە خاوەن ئینسایکاۆپیدیایی کلتوورین، سوود وەرگرین و نەکەوینە چاڵ وچۆڵان و ئاسانتر کارەکەمان ئەنجام بدەین. دوو: سوود لە هەموو زانکۆ و پەیمانگا و مەڵبەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان وەرگرین، بە تایبەتی ئەگەر زانکۆکانی کوردستان خەمخۆرانە، ئەم پڕۆژەیە بگرنە ئەستۆ، ئەوا یەك لەشکر مامۆستا و خوێندکاری بە توانامان هەیە کە دەتوانن سەرکەوتووانە ئەم خەونە بهێننە دی. بە مەزەندەی ئێمە، (٢٤ بۆ ٣٦) مانگ، کاری جددی و کارامەییی خاوەن پلان و بەرنامە، بەبەریەوە هەیە ئەم پڕۆژەی تێدا بێتە وجوود.

پەنجەرەی دووەم: پڕۆژەی کردنەوەی (مۆزەخانەی کلتووری نەتەوەیی یان نیشتمانی) یە، هەرچەندە لە یەکێك لەبەندەکانی (بەرنامەی کاری وەزارەت)دا، ئاماژەیەکی ناڕاستۆخۆ بۆنی لێدەکرێ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ، ئەمە لە زیندانی خەون و ئاوات دەربێنین و بیکەین بە پڕۆژەیەکی زیندووی نەتەوەیی و نیشتمانی کە جێگەی شانازیی نەوەکانی ئایندەمان بێت و دەستخۆشیمان لێبکەن. ئەمەش دەبێ لەسەر دوو ئاست بێت: یەك: کردنەوەی گەورەترین و سەرەکیترین (مۆزەخانەی کلتووری) کوردی، لە پایتەخت یان لە هەر شارێکی دیکەی کوردستان. دوو: هەوڵ بدرێت هەر شار و دەڤەرێك مۆزەخانەی کلتووریی تایبەت بە خۆی هە بێت. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، دەبێ ئەم پڕۆژانە خەمی حکومەت بێت و خۆی خاوەنداریەتیی بکات. بە مەزەندەی ئێمە، گەر بوار بڕەخسێت، خەونی ئەم پڕۆژەیە لە ماوەی (١٢) مانگ دەکرێ بێتە دێ و دەتوانین دەرگای مۆزەخانەی گەورە گەورەی کلتووری بخەینە سەر گازەرەی پشت.


ئێمە دەستخۆشی لەهەموو ئەو کلتووریەروەرانە دەکەین کە ماڵ و حەوشەو هەیوان و دوکانی خۆیان، بە ئارەقە نێو شانی خۆیان و بە پوولی خۆیان کردۆتە مۆزەخانەی تایبەت و ئەم سامانە بایەخدارەی کورد دەپارێزن. خۆزیا حکومەت هەر ئێمرۆکە هەموو ئەو مۆزەخانانەی دەکرییەوە یان خۆی خاوەنداریەتیی دەکردن. قەت بووە کوچك لە سێرێ گەرمتر بی؟! دەستتانخۆش کلتووریەروەر و کلتوورکار و کلتووریناسەکانی کورد. سەرکەوتنیش بۆ بەرنامەی کاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان دەخوازین.

# تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك مەڵبەندی عیرفان و زانست و پێکەو ژیان و مەقاماتە



**د. نوری تاڵەبانی**

تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك، کە لەناو کورد بە (تەکیەی گەورە) ناسراوە و لەناو تورکمان بە (بیوك تکیە) و لە ڕەسمییاتدا بە مزگەوتی (مەجیدیە)، کەوتۆتە قەراغی شاری کەرکوك، نزیك ڕێگای گشتی نێوان کەرکوك-سلێمانی. لەسەرەتاوە لەسەر گردێکی بەرز دروستکراوە، کە لە قەڵای کەرکوك بەرزترە. نوێژ و زیکری دەروێشان پێشتر لە ژێرزەمیندا دەکران، بەڵام لەسەردەمی مەولانا شێخ عەبدورەحمانی تاڵەبانی بە (خالص)، گەورە کراوەتەوە و منارەی بۆ دروستکراوە. هۆی ناونانی تەکیەی تاڵەبانی کەرکوك بە مزگەوتی (مەجیدیە)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاری کەرکوك تا



تەکیەی تاڵەبانی-کەرکوک

ساڵی (١٨٧٩) مەڵبەندی ولایەتی شارەزوور بووە و والیی عوسمانی لەوێ دانیشتووە. خێزانی سوڵتان عەبدوالمەجید, (پرتیڤنال)خانم و یەکێك لە والییەکانی ئەو شارە, موریدی شێخ عەبدورەحمان بوون و بەهۆی ئەوانەوە سوڵتان عەبدولمەجید فەرمانی فراوانکردنەوەی تەکیەی داوە و هەر بە هۆی ئەوانەوە سولتان عەبدولمەجید تەڵێك لە مووی پیرۆزی پێغەمەر، دروودی خوای لەسەر بێت، ناردووە بۆ شێخ عەبدورەحمان، کە ئێستاش لەوێدا ماوە.

تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك, سەرچاوەی هەموو تەکیەکانی تاڵەبانییە لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق و بەشەکانی دیکەی کوردستان و وڵاتانی عێراق و تورکیا و میسر و بەشێکی تر لە وڵاتانی ئیسلامی. لقی ئەو تەکیە دەمێکە لە ناوچەکانی گەرمیان و کۆیە و هەورامان و زەهاو و جوانڕۆ و سنە و مەریوان و سەردەشت و موکریان کراوەتەوە، هەروەها لە شارەکانی سیواس و ئورفە لە باکور. چەندین زاناو ناودارانی ئەو ناوچانە خەلیفەو موریدی ئەو تەکیە بون، یەکێکیان لە شاری (سیواس) دانیشتووە بەناوی شێخ نور باباعەلی و کورەزاکەی بەناوی (حاجی عەبدولواحید) لە ساڵی (١٩٥٦) سەردانی کەرکوکی کرد. ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی (مارتن ڤان بروینسن Martin van Bruinessen ) لە کتێبەکەی بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی: (ئاغا و شێخ و تەکیە و خانەقاکانی کورد), باسی کتێبێکی ئەو خەلیفە شێخ عەبدورەحمانەی کردووە، کە نووسیویەتی: «چەند جارێك سەردانی کەرکوکی کردووە و جارێك لەگەڵ شێخ عەبدورەحمان و چەند موردێکی پێکەوە چوون بۆ بەغدا بۆ بەشداریکردن لە یادکردنەوەی ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر، دروودی خوای لەسەر بێت». هەر لەو کتێبەدا نووسیویەتی: کاتێ گەیشتوونەتە بارەگای غەوسی گەیلانی لە بەغدا، بە دەف لێدان چوونەتە ژوورەوە، کە چەند شێخێکی سەر بە ڕێبازی دیکەی تەسەوفی لێبووە و ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست ئامادەبوون. لەوەدەچێ بەشێکیان نارەزایەتی خۆیان دەربڕیبێت بۆ ئەو دەف لێدانە، بەڵام سەید محەمەدی گەیلانی (نەقیبی ئەشرافی) بەغدا پێیان دەڵێ: «لە نێوان سولتان و بە دەستی ئاماژە بۆ مەرقەدی شێخ عەبدوالقادری گەیلانی دەکات و وەزیرکەی، ئاماژە بۆ شێخ عەبدورەحمان دەکات، من هیچم پێ ناکرێت»! ئەوە پلەو پایەی شێخایەتیی شێخ عەبدورەحمانی خالص دەردەخات لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی ئیسلامی، چونکە بارەگای غەوسی گەیلانی لە بەغدا مەڵبەندێکی گەورەی تەسەوفە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامی.

لە بەردەم تەکیەی تاڵەبانی گەڕەکێك بەناوی (بەرتەکیە) لەسەردەمی شێخ عەبدورەحمان و شێخ عەلیی کوڕی دروستکراوە، سەرەتا بۆ ئەو کەسانەی لە تەکیە بوون و پاشان بوون بەخاوەن خێزان و شێخ هاوکاریی کردوون و خانووی بۆ دروستکردوون. لە پشتی تەکیەش گۆڕستانێك بەناوی: (گۆڕستانی پشت تەکیە) هەیە، کە جادەیەك لەبەردەم تەکیەوە تێپەردەبێت تا دەگاتە دەشتی (چوارباغ) ئەو گۆڕستانە دەکات بە دوو بەشەوە، بەشی ڕاستی بە گۆڕستانی (پشتی تەکیە) ناودەبرێت، بەشی چەپی بە گۆڕستانی

(شێخ محێدین). لەو نووسینانەی لەسەر ئەو گۆڕستانە بڵاوکراونەتەوە، بە هەڵە ناوی هەردوکیان بە گۆڕستانی (شێخ محێدین) ناودەبرێن، گۆڕی خوالێخۆشبوو عەلی مەردان، لەسەر وەسیەتی خۆی، لە کۆرستانی پشت تەکیە بە خاکسپێراوە، چونکە خەڵکی ئەو گەڕەکە بووە.

دەشتی چوارباغ، پێشتر، موڵکی تەکیە بوو، باغێکی گەورەی تێدابوو بەناوی باغی شێخ حەبیبی تاڵەبانی، کە تا ساڵی (١٩٤٨) سەرۆکی شارەوانیی کەرکوك بوو. دەشتی چوارباغ، تا ساڵی (١٩٥٧) دەکرا بە گەنم بۆ تەکیە، لە هاویندا بەشێکی دەکرا بە (شینایی)، بە ئاوی ئەو جۆگە ئاوەی لەلای (ئاشە سوورکەوە) دەهات، ئاودەدرا. لەنزیك ڕێگای ئێستای سلێمانی- کەرکوك، پارچە سەوزاییەك هەبوو لە بەهاراندا گەنجان و فەقێیەکانی کەرکوك یاریی (سێ بان)یان تێدادەکرد. لەنزیکی ئەو سەوزاییەی ئێستا پارکێکی تێدا دروستکراوە، جۆگەلە ئاوێك هەبوو سەرچاوەکەی ئاوی کارێزێکی گەورە بوو، بە (بلاغ) ناودەبرا، لە نزیك مزگەوتی (ئیسکانی) ئێستا. لە دەشتی چوارباغ ئێستا چەند گەڕەکێکی گەورە دروستکراون، یەکێکیان گەڕەکی (ئیسکان)ە، لەگەڵ چەند گەڕەکێکی دیکەدا.

تەکیەی تاڵەبانی لە ساڵی (١٧٠٦)ی زاینی لەلایەن مەلا مەحمودی زەنگەنەوە بنیاتنراوە، کە باپیرە گەورەی شێخانی تاڵەبانییە، مەزاری مەلا مەحمود و شێخ ئەحمەدی کوڕی هەردوکیان لەوێدان. ئەم تەکیە پاشان لەلایەن شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی گەورەی شێخ ئەحمەد گەورە و فراوانتر کراوەتەوە. بە بۆنەی فراوانکردنەوەی ئەو تەکیەیە، چەند شاعیرێکی گەورەی ئەو دەمە، کە یەکێکیان (مەولەوی)ی دۆستی نزیکی شێخ عەبدوڕەحمان بوو، قەسیدەیێکی زۆر جوانی بە زمانی فارسی داناوە(١).

شێخ عەبدولڕەحمان، شێخێکی گەورە بووە لە مەیدانی عیرفان و تەسەوفدا، یەکێك بووە وەکو کاك ئەحمەدی شێخ و مەولانا خالدی نەقشبەندی. لە کۆنەوە دۆستێکی نزیکی کاك ئەحمەدی شێخ بووە، چونکە پێکەوە لەلای شێخ مەعروفی نۆدەیی لە سلێمانی خوێندوویانە. کاتێ کاك ئەحمەد لە سەفەری حەج دەگەڕێتەوە، لە کەرکوك دەبێتە میوانی شێخ عەبدوڕەحمان. شێخی (خالص) زانایێکی زۆر گەورە بووەو خۆی دەرسی بە فەقێیەکانی وتووەتەوە، کە یەکێکیان حاجی قادری کۆیی بووە، کە ماوەیەك فەقێی موستەعید بووە لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك. شێخی خالص شاعیرێکی زۆر پایەبەرز بووە، نازناوی شیعری (خالص) بووە، لە(خالصا لله) وە هاتووە. بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی لە بواری عیرفان و تەسەوفدایە بە هەرسێ زمانی فارسی و تورکی و کوردی (شێوەزاری هەورامی)، بە عەرەبیش شیعری داناوە، بەڵام بەشی زۆریان فەوتاون. دیوانی شیعرەکانی: (جەزبیەی عیشق) و (کتابولمەعارف)، تا ئێستا چەند جارێك چاپکراون. (جەزبیەی عیشق) بۆ یەکەمجار لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم لە ئەستەنبول، لەسەردەمی شێخ عەلی کوری گەورەی چاپکراوە، چاپی دووەمی لە ئێران لە ساڵی (١٩٥٠) لەسەردەمی شێخ جەمیلی تاڵەبانیی باوکم، لەژێر چاودێریی موریدێکی بە ناوی میرزا مەحمود محەمەدی قادری چاپکراوە. ئەو موریدەی چەند ساڵێك لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك، بەمەبەستی کۆکردنەوەی شیعرەکانی ماوەتەوە. چاپی سێیەمی دیوانەکەی لە ساڵی (١٩٩٣) لە ئێران چاپکراوەتەوە.

لەبارەی مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانەوە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویەتی:» ئەم زاتە سەروێك بووە لە چەمەنی شاهانەی ئەولیادا، ئەدیب و نووسەرێکی تاقانە بووە لە باخی

ئەسفیادا و مامۆستایەکی زاناو بەتوانا بووە لە ناو مامۆستایاندا و مورشدێکی هەڵکەوتوو بووە لەناو کۆڕی مورشیدەکاندا». هەر لەوێدا نووسیویەتی سەردەمی شێخی خالص سەردەمی زێڕینی هەموو بنەماڵەی تاڵەبانی بووە، «چونکە ئەوەندە جیلوەی خودایی بووە تەکیەکەی بووە بە دائیرەی تەکیەی دەروێشان، خوێندگاکەی دەرمانخانەی دڵریشان بووە، هۆدەکانی تەکیە مەڵبەندی پیاوان و ناوداران بوون و هەموو جۆرە خوێندەوار و زمانزانی تێدا دانیشتووە و وچانیان داوە». پاشان باسی ڕەوشتی بەرزی شێخی خالصی کردووە و نووسیویەتی: « بە مەعنای کەلیمە مەردی مەیدان بووە و شێری ناو مەردان بووە، تاجی سەری ئەولیاکان بووە، لەناو پیاوە هەڵکەوتووەکانی جیهاندا لەڕیزی سەرەوە ناوی نوسراوە».(٢) پاشان نووسیویەتی، شێخ عەبدولڕەحمان پیاوێکی زۆر سەخی تەبیعەت بووە، هەرچیی دەستکەوتووە بەگوێرەی توانا سەرفی کردووە. تۆفیق وەهبی بەگ، شێخ عەبدورەحمانی وەکو فەیلەسوفێکی گەورەی ئیسلامی تەماشاکردوە و دەیگوت ئەگەر کورد نەبوایا ناووشۆرەتی لە (تاغور)ی هیندی زیاتر دەبوو. حاجی قادری کۆیی، کە هەموو ئاگاداری هەڵوێستی ئەوین بەرانبەر بە تەکیە و خانەقا و شێخەکان، بەڵام کاتێ باسی شێخی خالصی کردووە بە (غەوسی سانی) و (حاتەمی مەزهەب) ناوی بردووە. لە بەیتێکدا دەڵێ:

(غەوسی سانی) و (حاتەمی مەزهەب)

عەبدورەحمانی خالصی مەشرەب.

تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک, مەڵبەندێکی گەورە بووە بۆ زیکر و عیبادەت لەسەر ڕێبازی (قادری)، ئێستاش هەفتەی دوو جار: ڕۆژانی هەینی و شەوانی سێ شەممە زیکری تێدا دەکرێت، بەڵام هەرگیز ڕێگەنەدراوە موریدەکانی ئەو تەکیەیە (تیغبازی) بکەن، چونکە شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی هەموویان سەرەتا خوێندوویانە و بوون بە مەلای چاک، ئەوجا دەستیان بە ئیرشاد کردووە، بۆیە ڕێگایان بە کاری نا شەرعی نەداوە. هەروەها ڕێگەش نەدراوە بە خەلیفەکانی تەکیەی تاڵەبانی بەسەر موریدەکانیاندا بگەڕێن، تا نەبنە باری قورس بەسەریانەوە. ڕێبازێکی دیکەی شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی، کە تا ئێستاش لەسەری بەردەوامن ئەوەیە، سیاسەتیان لەگەڵ دین و ئاین تێکەڵ نەکردووە، بەڵام هەمیشە پشتگیریان لە بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردی و نیشتمانپەروەرانی کوردستان کردووە. بۆ نموونە، لەسەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمود، کاتێ مەحمود خانی دزلی و چەکدارەکانی نزیکدەبنەوە لە شارۆچکەی (قەرە هەنجیر) و لە شەڕێکی نابەرابەردا لەگەڵ لەشکری ئینگلیزدا شەڕێکی قورس دەکەن و دەشکێن، مەحمود خان و بەشێک لە چەکدارەکانی دەگیرێن و ڕەوانەی زیندانی کەرکوک دەکرێن. لەو ماوەی لەوێدا دەبن، بە فەرمانی شێخ جەمیلی تاڵەبانی ڕۆژانە لە تەکیەوە خواردنیان بۆ دەنێرن و پاش دەرچوونیان لە زیندانیش ماوەیەک لە تەکیەی کەرکوک دەمێننەوە، چونکە ڕێگایان پێ نادرێ بگەڕێنەوە بۆ هەورامان، لەو ماوەدا هەموویان میوانی شێخ جەمیل دەبن لە تەکیەی تاڵەبانی.(٣)

تەکیەی تاڵەبانی هەمیشە هەژرا و فەقیر و لێقەوماوانی کوردستانی لێ بووە، بەتایبەتی خەڵکی ناوچەکانی هەورامان، کە بەشی زۆریان لەبەر هەژاری و دەستکورتی دەهاتنە کەرکوک بۆ کارکردن لە وەرزی زستان وسەرەتای بەهاردا. لەبەر ڕێزی تەکیە، بەرپرسانی حکومەت چاوپۆشیان لێ دەکردن، بە شەو لە ژوورە زۆرەکانی تەکیە دەمانەوە و ژەمی ئێوارەیان پێ دەدرا. ئەم دیاردە تا ساڵی (١٩٥٨) بەردەوام بوو.

تەکیەی تاڵەبانی هەمیشە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و

فیکری و جێگای فێربوونی مەقامی ڕەسەنی کوردی و تورکمانی و عەرەبی بووە، چەندین مەقامزانی گەورەی ئەو شارە لەو تەکیە فێری مەقام بوون، شێخەکانی تەکیە هەموویان حەزیان لە مەقامی ڕەسەن بووە، زۆر جاران لەوێدا گوێت لە مەقامەکانی (ئەڵڵاوەیسی) و (خاوکەر) و (سیاچەمانەی) هەورامان و (هۆر)ەی جافان و (حەیران) و (لاوک) دەبوو، کە موریدەکانی تەکیە بە دەنگی خۆشەوە دەیانگوت.(٤)

لەپاش کۆچکردنی مەولانا شێخ عەبدوڕەحمانی خالص، چەند شاعیرێکی گەورەی ئەو دەمە، بەتایبەتی (مەولەوی)ی دۆستی نزیکی, بەو بۆنەوە بە زمانی فارسی, قەسیدەیێکی نایابی داناوە، لە قەسیدە شیعریەکەی مەولەوی بە (حەرفی ئەبجەد) ساڵی کۆچکردنی دیاریکراوە:

بتاریخش قلم نان سان رقم رد
برحمت جان پاکش باز گردید
کە دەکاتە ساڵی (١٢٧٥) کۆچی.
واتە: لە مێژوویدا قەڵەم بەو چەشنە نووسی:
گیانی پاکی بەڕەحمەت گەڕایەوە.

مەولانا شێخ عەبدوڕەحمان چوار کوڕی هەبووە، هەموویان پیاوی ناوداربوون لە مەیدانی جیاوازدا، شێخ عەلی، کە پاشان بە شێخ عەلیی گەورە ناسراوە، زانا و شێخێکی ئیرشادی گەورە بووە، لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و شێخ ڕەزای شاعیر و شێخ عەبدولواحید. (٥)

شێخ عەلیی گەورە, سەرەتا لەلای باوکی خوێندوویەتی، دواتر چۆتە چەند شارێکی دیکەی کوردستان بۆ تەواوکردنی خوێندن، کە یەکێکیان شاری کۆیە بووە و لەلای مەلا ئەسعەدی جەلی زادە، لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای کوڕی پێکەوە خوێندوویانە و هەر لەوێ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. پاشان



دیمەنێکی تری تەکیەکە

ماوەیەك لە مزگەوتی (بلاغ) نزیکی تەکیە، لەلای مەلا سەید محەمەد، لەگەڵ شێخ عومەری کوڕی شێخ عوسمانی سیراجودینی تەوێلە, پێکەوە خوێندوویانە. هەر لەتەمەنی گەنجیدا خەریکی سلووکی تەسەوف بووە تا لە ژێر چاودێریی باوکی گەیشتۆتە پلەی خیلافەت، بۆیە کاتێ باوکی کۆچی دوایی کردووە، زانایێکی شارەزا و مورشیدێکی بەتوانا بووە، «لەبەر ئەوە باشترین جێگری باوکی بووە»(٦). حاجی شێخ عەلی جگە لەوەی زانایێکی گەورە بووە لە زانیاریی فیقە و شەریعەتدا، هەموو قورئانی پیرۆزیشی لەبەر بووە، لەگەڵ بەشی هەرە زۆری فەرمودەکانی پێغەمبەر و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز. مامۆستا مەلا عەبدوالکەریمی مودەریس نووسیویەتی:» کۆڕی دانیشتنی هەمیشە بە زانایانی سەردەم ڕازاوەتەوە، جێگەی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی موسڵمانان بووە، هەرکاتێ ڕووداوێکی گەورە ڕویدابێ، زاناکانی کەرکوك چوون بۆ تەکیەکەی لە خزمەتیا چارەسەریان

کـرددوە».(٧) شێخ عەلیی گـەورە هەمیشە ڕێـزی لە زانایان گرتووە و لەگەڵ بەشی زۆری گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی بە دۆستایەتی ماوەتەوە، کە یەکێ لـەوانـە مـەلا عـەبـدوڵـلای جـەلـیـزادە بــووە، ئـەویش خۆشەویستیی بەرانبەر شێخ عـەلی دەربڕیـوە. شێخ عومەری بیارە بە نامە داوا لە مەلا عەبدوڵلا دەکات لەسـەر دەستی تەمەسسوك بکات، بـەڵام بـەم بەیتە شیعرە عوزری بۆ دەخوازێ و بۆی دەنووسێ:

لەپاشی تۆ، خودا بۆخۆی عەلیمە

لە کەرکوکێ دوعاگۆی شێخ عەلیمە (٨).

شێخ عەلی، ئەدیبێکی بەرز و شاعیرێکی باڵادەست بووە، بەڵام بەداخەوە شیعرەکانی کۆنەکراونەتەوە. لە پارچە شیعرێکی بە بۆنەی کوشتنی شێخ سەعیدی حەفید لە شاری موسل لە ساڵی (١٣٢٦) کۆچی، بە زمانی فارسی باس لە شـێوازی نامرۆڤانەی شەهیدکردنی شێخ سەعید لەو شارە دەکات.

حاجی شێخ عەلی لە ئیرشادا، جێگایەکی گەورەی هەبووە لەناو کوردستان و دەرەوەدا، بەشی زۆری مەلا بەناوبانگەکانی کەرکوك، وەك مەلا ناسیح و مەلا ڕەزای واعیز و مەلا مەحمودی مەزناوە خەلیفەی ئەو بوون. مەلای ڕەزای واعیز لە بەیتێکدا، کە لەسەر دەرگای مەزارەکەی لەسەر مەرمەر هەڵکەندراوە نووسیویەتی: (شیخ علی کان قگب زمانه)، کە لەوێدا ساڵی کۆچکردنی بە حەرفی ئەبجەدی دیاریکراوە. شێخ عەلیی گەورە، سێ بـرای هـەبـووە، دوانـیـان شـاعیری گـەورە بـوون: شێخ عەبدوالقادر، کە نازناوی شیعریی (فاین) بووە، شیعرەکانی هەمووی لەمەیدانی عیرفان و تەسەوفدا بـوون، لـەگـەڵ شێخ ڕەزای کەڵە شاعیری بەناوباگی کورد، برای سێیەمی شێخ عەبدالواحید بووە کە شێخی ئیرشاد بووە.(٩)

لـەپـاش کـۆچـکـردنـی شـێخ عـەلـیـی گــەورە، شێخ محەمەد عەلیی کوڕی گەورەی، لەجێگای باوکی، دەبێ بە شێخی ئیرشاد. شێخ محەمەد عەلی، پیاوێکی زۆر بە هەیبەت و خاوەن شکۆ بووە. بەپێچەوانەی باپیرانی، ئەو گۆشەگیر نەبووە و بەشداریی لە سیاسەتی ئەو دەمەدا کردووە. تۆفیق وەهبی بەگ لەساڵی (١٩٧٤) بۆی گێڕامەوە و وتی: لە پاش دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی، شاندێکی باڵای شێخانی تاڵەبانی لە کەرکوکەوە بەسەرۆکایەتیی شیخ محەمەد عەلی، کە ئەو دەمە سەرۆکی بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی بووە، گەیشتنە سلێمانی و شێخ مەحمود زۆر بە گەرمییەوە پێشوازیی لێکردن. پێش گەڕانەوەیان، لە ئاهەنگێکی گەورەدا، کە پیاوماقولان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی کوردی ئامادەی بوون، شێخ مەحمود (عەبای سورمەلی) لەشانکردون وەك ڕێزلێنان. (باسیلی نیکیتین)، لەو کتێبەی لـەسـەر مـێـژووی کـورد نووسیویەتی، باس لەهاتنی خۆی بۆ کوردستانی عێراقی کردووە لەکاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا و نووسیویەتی، سەرۆکی بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی لە کەرکوك و ناوچەکانی دیکە، شێخ محەمەد عەلیی تاڵەبانی بووە.(١٠)

شێخ جەمیلی تاڵەبانی، کە کـوڕی گـەورەی شێخ محەمەد عەلی بووە، لەسەردەمی باوکی بە بەردەوامی خەریکی خزمەتکردنی تەکیە و مورید و میوانەکانی بووە، جگە لە ئیرشادکردنی موسڵمانان و ئەو خەڵکانەی ڕوویان لە تەکیە کردووە. لەپاش داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن لەشکری ئینگلیز لە کۆتایی ساڵی (١٩١٨)دا، شێخ جەمیل بڕیاری داوە نەچێتە دەرەوەی تەکیە، لـەو دەمـەوە خـۆی دوورەپـەرێـزگـرتـووە لە ئینگلیز و لە کاربەستانی حکومەتی بەغدا، لـەماوەی زیاتر لە (٤٠) ساڵ نەچووەتە دەرەوەی تەکیە، دووجار نەبێت، یەکەمیان لە ساڵی (١٩٣٧) کە سەفەری حیجاز دەکات بۆ ئەدای فەریزەتی حەج، جاری دووەم لە ساڵی ٩٥١

که نەخۆش دەکەوێت و دەچێتە بەغدا بۆ سەردانی پزیشکەکانی ئەو شارە، لەو ماوەی لەوێ دەبێ میوانی سەیید عاسم گەیلانی، نەقیبی ئەشرافی بەغدا بووە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کاك وریا ئەحمەد لە (ڕابوون) بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەوەم بۆ کردووە، کە لەو ماوەی باوکم لە بەغدا بووە زۆر جاران خوالێخۆشبوو عەلی مەردان لە ئێواراندا لەگەڵ ئامۆزایەکی، بەناوی کاك حەمە غەریب، سەردانیان کردووە. جاروبار لەسەر داوای باوکم، عەلی مەردان مەقامی (ئەللا وەیسی) بۆ وتووە، پاش ئەوەی میوانەکانی ڕۆیشتوون، چونکە حەزی لە مەقامی ڕەسەنی کوردی بووە.

تەکیەی تاڵەبانی لەسەردەمی شێخ جەمیلدا, دەبێتە مەڵبەندێکی گەورەی کۆڕ و جێگای دانیشتنی زانایانی کەرکوك، هەروەها خوێندگایەکی گەورەی لێ بووە و لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە فەقێ ڕوویان دەکردە تەکیە. شێخ جەمیل چاودێریی خەلیفەو موریدەکانی کردووە، بەشێکی زۆریان ساڵانە دەهاتنە تەکیە. تەکیەی تاڵەبانی لەناو خەڵکدا بە تەکیەی شێخ جەمیل ناودەبرا، چونکە زیاتر لە (٤٠) شێخی ئیرشادی ئەو تەکیە بووە. لەساڵی (١٩٣٧) لەسەر ئەرکی خۆی بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێك لە سەنتەری شارەوە هێڵی کارەبای بۆ تەکیە ڕاکێشاوە و ناو تەکیەی کردووە بە چیمەنتۆ، کە پانتاییەکەی لە هەزار مەتری چوارگۆشە زیاترە.

هەڵوێستی جوامێرانەو نیشتمان پەروەرانەی شێخ جەمیل لەبیر ناکرێت، بۆ نموونە، لەسەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابوردوو, ڕەزا شای ئێران هێرش دەکاتە سەر ناوچەی هەورامانی ئێران بە مەبەستی چەککردنی عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە، خەڵکی چاونەترسی هەورامان بەرەنگاری لەشکری ڕەزا شاە دەبنەوە، بەڵام لەدواییدا سەرکردەکانیان ناچاردەبن ڕووبکەنە کوردستانی باشور. بەهۆی چەند موریدێکی شێخ جەمیل لەو ناوچەیە، ئاگاداری دەکەنەوە کە سەرکردەکانی عەشیرەتی (لهۆن)ی هەورامان، کە گەورەترین خێڵی هەورامانە، بەنیازن ڕووبکەنە کەرکوك, بەڵام بە نهێنی و خۆیان تەسلیمی حکومەتی عێراق نەکەن. بە ڕەزامەندیی شێخ جەمیل (جعفەر سوڵتان) و (ئەفراسیاو بەگ) و چەند کوڕێکیان بە نهێنی دەگەنە کەرکوك، شێخ جەمیل پێشوازیان لێ دەکات و لە چەند ژوورێکی لابەلای ناو تەکیە بۆ ماوەیەك دەمێننەوە، پاشان دەیاننێرێ بۆلای شێخ جەمالی برای لە گوندی (زەرداو)ی سەر بە قەزای کفری. پاش چەند مانگێک خۆیان ئاشکەرا دەکەن و حکومەتی عێراق وەك پەناهەندە قبووڵیان دەکات، بەڵام لەسەر داوای خۆیان، حکومەت لە کەرکوك لە نزیکی تەکیە خانوویان بۆ بەکرێ دەگرێت، بەشی زۆری کاتەکانیان لە تەکیە بەسەردەبەن. حکومەتی ڕەزا شاە, لە ساڵی (١٩٤١) دەروخێت، ئەوجا هەموویان بۆ هەورامان دەگەڕێنەوە. شێخ جەمیل, هەرگیز هاوکاریی ڕژێمەکانی عێراقی نەکردووە و دوژمنێکی سەرسەختی ئینگلیز بوو. لە ساڵی (١٩٥٣), ساڵح جەبر, وەك سەرۆکی حیزبێکی سیاسیی عێراقی دێتە کەرکوك و دەبێتە میوانی شێخ حەبیبی تاڵەبانی، کە یەکێك بووە لەسەرکردەکانی ئەو حیزبە. ساڵح جەبر داوادەکات سەردانی شێخ جەمیل بکات لە تەکیە، بەڵام داواکەی ڕەت دەکرێتەوە. لە ساڵی (١٩٧٥) کە لە لەندەن بوم، پرسیارم لە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ کرد بە هۆی کێوە خوالێخۆشبوو شێخ مەحمود لە تاسلوجە چووە بە پیری سالح جەبرەوە؟ چونکە تۆفیق وەهبی بەگ و شێخ بابا عەلی کوڕی شێخ مەحمود لەگەڵی بوون لەو حیزبە, بەڵام پرسیارەکەم بێ وەڵام مایەوە! هەموو دەزانین کە بە فەرمانی سالح جەبر چوار ئەفسەری کورد لە ساڵی (١٩٧٤) لەسێدارەدران.(١١)

شێخ ئەمجەدی زەهاوی ساڵانە لەگەڵ شێخ محەمەد مەحمود سەواف دەهاتنە کەرکوك و لە تەکیەی تاڵەبانی میوانی شێخ جەمیل دەبوون. شێخ ئەمجەد پیاوێکی زۆر نوورانی و موبارەك بوو، داوا لە شێخ جەمیل دەکات ببێ بە ڕابەری کۆمەڵەی (الاخوە الاسلامیە) لە کەرکوك، شێخ داواکەی ڕەت دەکاتەوە. ساڵی پاشتر جارێکی دی هەردوکیان دێنەوە بۆ کەرکوك، بەڵام لە تەکیە میوان نابن، ڕۆژی پاشان شێخ ئەمجەد و سەواف و نورەدین واعیز و چەند مەلاییێکی تر، دەچنە تەکیە بۆ سەردانی باوکم. شێخ جەمیل لەبەرچاوی هەموویان پرسیار لە شێخ ئەمجەد دەکات، بۆ لە تەکیە میوان نەبوون وەکو ساڵانی پێشتر؟ پێیشی دەڵێ ماڵی مامۆستا مەلا ڕەزای واعیز وەك تەکیە وایە، بەڵام دەست بۆ (سەواف) درێژ دەکات و دەفەرموێ دەزانم خەتای جەنابت نییە، خەتای ئەوە! سەواف پیاوێکی عرووبەویی بوو زیاتر لەوەی ئیسلامی بێت.(١٢)

شیخ جەمیل، پیاوێکی دڵپاك و چاونەترس بوو، سڵی لەکەس نەدەکردەوە، بەدرێژاییی تەمەنی خەریکی خزمەتی هەژاران و لێقەوماوان بووە، جگە لە مورید و ئەو کەسانەی ڕوویان دەکردە تەکیە.(١٣) لە یەکی ئابی (١٩٦٠) پاش نەخۆشییێکی چەند ساڵە، کۆچی دوایی دەکات، لەپاڵ گۆڕی باپیر و باوکی، بە بەشداریی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری کەرکوك، بەخاك دەسپێردرێ. مەلا عەبدولمەجیدی قوتب، لە بەیتە شیعرێکدا بە زمانی فارسی، بەپێی حروفی ئەبجەدی ساڵی کۆچکردنی دیاری دەکات.

شێخ عەلی تاڵەبانی کوڕی گەورەی شێخ جەمیلە، لەجێگای باوکی دەبێتە شێخی ئیرشادی تەکیەی تاڵەبانی، ئەویش لەسەر ڕێبازی باوك وباپیرانی ڕۆیشتووە، سەرەتا خوێندنی شەریعەتی تەواوکردووە و بووە بە مەلا، هەر لەسەردمی باوکییەوە خەریکی خزمەتی تەکیە بووە و وتارخوێنی نوێژی هەینی بووە. (١٤)

لەبەر ئەوەی شێخ عەلی لەسەردەمی بەعسدا خۆی لەو ڕژیمە زۆر دوور گرتووە، لە ساڵی (١٩٦٣)دا موڵکەکانیان لە دەرەوەی شاری کەرکوك لەلایەن بەعسەوە داگیردەکرێن و موڵکەکانیان تا ساڵی (٢٠٠٣) بەو جۆرە دەمێنێتەوە. شێخ عەلی، لەسەر ڕێبازی بنەماڵەکەیان، هەمیشە خۆی لە سیاسەت دوور گرتبوو و خەریکی خزمەتکردنی خەڵك و موسڵمانان و موریدەکانی تەکیە بوو. ماوەیەکی زۆر سەرۆکی لیژنەی عیلمی بووە لە ئەوقافی کەرکوك، بەڵام بە بەردەوامی خەریکی دەرس وتنەوە بووە بە فەقێیەکانی لە تەکیە. لەناو خەڵکدا لە کەرکوك و لەناوچەکە، وەك خواڵی خۆشبووی باوکی، زۆر بەرێز و حورمەتەوە تەماشاکراوە، هەر کەسێك کێشەیێکی شەرعی یان کۆمەڵایەتی هەبوایا ڕووی لە تەکیە دەکرد بۆ چارەسەرکردنی و بەنائومێدی نەگەڕاوەتەوە. شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی هەرگیز جیاوازییان لەنێوان کورد و تورکمان و عەرەب و نەتەوەکانی تر نەکردووە، بۆیە تەکیە وەکو جێگایەك بۆ کۆکردنەوەی هەموویان تەماشاکراوە. پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن بەعسەوە لەساڵی (١٩٩٠) ، سەرانی بەعس لە کەرکوك کۆبوونەوەیەك بۆ پیاوانی ئاینی ڕێکدەخەن تێیدا، لەبەر ئەو ئابلۆقەی لەسەر عێراق دانرابوو، داوا دەکەن دەرگای تەکیەو خانەقاو مزگەوتەکان پاش ڕۆژئاوا دابخرێن. لەناو زیاتر لە ٢٠٠ پیاوی ئاینی و کۆمەڵایەتیدا تەنیا شێخ عەلی هەڵدەسێت دەڵێت تەکیە و خانەقا و مزگەوت بۆ ئەوە دروست نەکراون دەرگاکانیان دابخرێن، پاشان دەڵێ ئەمەیە «کەرەمی عەرەب»، کە باسی لێ دەکەن؟، «سەربازێك بە مۆڵەت دەگەڕێتەوەو دەگاتە کەرکوك، بەڵام پاش سەعات چوار ڕێگای پێ نادرێت بەرەو شارەکەی

بەرێ کەوێت، زۆریان پارەیان نییە بچنە ئوتێل، ئەگەر دەرگای تەکیە دابخرێت دەبێ ئەو شەوە لە جادە بە برسیەتی بمێننەوە، هەتا نانێکم مابێ دەیکەمە دوو لەتەوە لەگەڵ میوانەکانم، هەتا ماوم دەرگای تەکیەکەم داناخەم».(١٥) شێخ عەلی لەبیروڕادا زۆر کراوە بووە، جگە لە بواری فیقە و شەریعەتدا، شارەزاییەکی زۆری هەبووە لەزانستەکانی تردا. لەگەڵ خەڵکیش زۆر زمان شیرین بوو، بۆیە کاتێ لە کارەساتێکی تایبەت بە ڕێگاوبان لەسەر ڕێگای کۆیە لە کۆتایی مانگی دێسەمبەری (١٩٩٠)دا کۆچی دوایی دەکات، هەموو شاری کەرکوک بە گەورەو بچوکەوە ئامادەی بەخاکسپاردنی دەبن. ئەویش لەپاڵ باوك باپیرانی لەناو تەکیە بە خاك سپێردراوە، لەهەموو تەکیەکانی تاڵەبانی لە بەشەکانی کوردستان پرسەی بۆ دانرابوو.

لەپاش کۆچکردنی، شێخ یوسفی کوڕی, لەجێگای باوکی, بووە بە شێخی ئیرشاد. شێخ یوسف کۆلێجی شەریعەتی لە مەدینەی منووەرە تەواوکردووە، لەسەردەمی باوکی خەریکی فێربوونی ئادابی سلوکی تەسەوف بووە لەژێر چاودێریی باوکی. ئەویش وەك باوك و باپیرانی ئایینی لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ نەکردووە و بەیەك چاو تەماشای هەموو مورید و ئەو کەسانە دەکات کە ڕوو لە تەکیە دەکەن، کورد بن یان تورکمان یان عەرەب.

## پەراوێزەکان:

١-دکتۆر نووری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناوداری تری ئەم بنەماڵەیە، چاپی دووەم، چاپخانەی (چاك)، هەولێر ٢٠٠٢، ل ٤٥.

٢-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٨٤، ل ٥٧٦، هەروەها نووسینێکی دکتۆر نووری تاڵەبانی لەژێر ناوی: مەولانا شێخ عەبدولرەحمانی خالص، زانا و شاعیر و شێخی عیرفان، گۆڤاری (باسکار)، کە لە لەندەن دەردەچوو، ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٩، ل ٦٥ - ٧٦.

٣-دکتۆر نووری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشو، ل ٨٢.

٤-گۆڤاری (ڕامان)، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ دکتۆر نووری تاڵەبانی لەلایەن کاك وریا ئەحمەدەوە سازکراوە، ژمارەی (١٦٠)، مانگی ئەیلولی ٢٠١٠، ل ١٣٣.

٥-دکتۆر نووری تاڵەبانی، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٤٦.

٦-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران، سەرچاوەی پێشو.

٧-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران.

٨-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران.

٩-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران.

١٠-باسیلی نیکیتین،الکرد، دراسة سوسیولوجیة وتاریخیة، نقله من الفرنسیة وعلق علیه الدکتور نوری طالباني،الطبعة الخامسة، ٢٠٠٨، مطبعة (خانی)، دهوك, ص ٣١١.

١١-دکتۆر نووری تاڵەبانی، لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ زانای گەورەی کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ، (ئاوێنە)، ٣١ی ئاداری ٢٠٠٦.

١٢-دکتۆر نووری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناوداری تری ئەم بنەماڵەیە، ل ٨٣.

١٣-عبدالمجید فهمی حسن، دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة، الجزء الثاني الخاص بلواء کرکوك، مطبعة السلام، بغداد ١٩٤٧، ص ٣١٢.

١٤-دکتۆر نووری تاڵەبانی، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٨٦

١٥-دکتۆر نووری تاڵەبانی، هەمان سەرچاوە.

# بەیت و بەیتی دمدم لەنێوان دوو تێکستدا



نێچیروان شوانی

## پێشەکی

ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و میللی هەر میللەتێك بەشێكی زیندووی کولتووری ئەو میللەتەیە و سامانی ڕۆشنبیری و فیکریی میللەتەکە پێکدەهێنێت.میللەتی کورد لەمڕووەوە خاوەنی سامانێکی فۆلکلۆریی زۆر و دەوڵەمەندە. ئەوەی تێبینی کراوە ئەم سامان و گەنجینە بەنرخە، تاکو ئێستا بەتەواوی و وەکو پێویست لێی نەکۆڵراوەتەوە لەڕووی کۆکردنەوە و پۆلینکردن و پاشان تیۆریزەکردنی. ئەدەبی فۆلکلۆری و میللیی کوردی لە چەند بەشێك پێکدێت، لەوانە:پەند،قسەی نەستەق،گۆتەی سەرزاری، مەتەڵ، بەیت... تاد. هەر یەکە لەمانەیش خاسیەت و خەسڵەتی خۆیان هەیە و لە خانەی ئەدەبی فۆلکلۆری پۆلین دەکرێن و بوونەتە بەشێك لە کولتووری زیندووی میللەتەکەمان.

بەیت، وەکو بابەتێکی گرنگی فۆلکلۆری کوردی، بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە نەکراوە، هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمان داوە بەپێی پێویست تیشك بخەینە سەر چەند لایەنێکی بەیت و لەو نێوانەیشدا بەیتی دمدم وەکو نموونە وەربگرین و لەوێوە ئاوڕێك بەلای ئەو کارەساتە مێژووییەی میللەتەکەمان بدەینەوە، کە لە بەیتەکاندا ڕەنگڕێژ بووە و ئەوەندەی پێمان بکرێت،چەند لایەنێکی لێ شەنوکەو بکەین.

## چەمك و پێناسەی بەیت

بەر لەوەی پێناسەی بەیت بكەین، پێویستە كەمێك باسی خودی زاراوەكە بكەین، پاشان لە چوارچێوەیێكی دیاریكراودا پێناسەی بكەین. (بەیت) لە بواری ئەدەب و بەتایبەتیش لە شیعردا چەمكێكی دیاریكراو دەگەیەنێت،كە لە شیعری كلاسیكی نەتەوەكانی رۆژهەڵاتدا (كورد، عەرەب، فارس و تورك)،بریتییە لە((دێرە شیعرێكی عەرووزی، لە دوو نیوە شیعر پێكهاتووە))(١). واتە لە نیوە دێڕی یەكەم(صدر) و نیوە دێری دووەم(عجز) پێكهاتووە، كە لە زمانی عەرەبیدا لە (بیت الشعر)ەوە هاتووە. لە زمان و ئەدەبی كوردیدا، زاراوەی(دێڕ) لە بەرانبەریدا بەكارهاتووە و هەندێكجاریش هەر خودی زاراوە عەرەبییەكە بەكاردەبرێت.

ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە جگە لەو بەكارهێنانەی زاراوەی بەیت بۆ دێرە شیعر، بەیت بۆ ئەو فۆڕمە لە ئەدەبی فۆلكلۆری بەكاردێت،كە باسی بابەتێكی دڵداری، ئایینی،می ژوویی...تاد دەكات، كە بە كێشی برگەیی(خۆماڵی) و سەروای ڕەنگاوڕەنگ دادەرێژێت، ئەمەیان تایبەتە بە فۆلكلۆری كوردی. هەندێك پێیان وایە لە وشەی(بەیاد)ەوە هاتووە، ئەمەش بەو واتایەی یادی كەسێك یان ڕووداوێك لە ئارادا بووە و پاشان وردە وردە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بووەتە بەیت(٢). كەواتە ئەم بۆچوونە، بنچینەی زاراوەكە بۆ وشەیەكی كوردی دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش لەگەڵ سروشت و پێكهاتەی بەیت دەگونجێت، بەهۆی ئەوەی ئەم فۆڕمە بەشێكە لە فۆلكلۆری كوردی. هەرچەندە ئەگەر لە (بەیت)ی عەرەبییشەوە هاتبێت، ئەوا تارادەیەك ڕێی تێدەچێت، چونكە زاراوەی (بەیت) پەیوەستە بە شیعر و فۆڕمی(بەیت)ی كوردیش هەر لە چوارچێوەی شیعردایە و بە بەیت دەهۆنرێتەوە.

سەبارەت بە پێناسەی بەیت، دەبینین كۆمەڵێك ڕا و بۆچوون و تێڕوانینی جۆراوجۆر دەربڕاوە و لە چەند گۆشەنیگایەكەوە پێناسەی ئەم فۆڕمە ئەدەبییەی فۆلكلۆریان كردووە. (د.مارف خەزنەدار) پێیوایە، بەیت وەكو بابەتێكی چیرۆكی شیعری زیاتر بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەنرێت، خەریكی دڵداری و خۆشەویستی و سروشتە، هەروەها ڕووداوی مێژوویی و قارەمانیەتی و پاڵەوانیی نەتەوە لە شۆڕش و جەنگ و بەرگری لە نیشتیمان دەگێڕێتەوە.(٣). لەم پێناسەیەدا فۆڕمی بابەتەكە خراوەتەڕوو، كە فۆڕمێكی شیعرییە، هەروەها مەبەست و جۆری ڕووداوی بەیتی تێدا باسكراوە. بەیت، بەشێكی شیعریی(ئیپیك)ە، ئەو جۆرە بەرهەمەیە، كە گیانی چیرۆكی تێدایە، لەجێ و سەردەم و قارەمان و جوڵانەوە... بە قەوارە زۆر درێژ نییە، زمانی میللییە و ڕستەی ساكارە، زۆربەی خەڵك تێی دەگات، كێشی خۆماڵییە و سەروای ڕەنگاوڕەنگە، لەسەر بنەمای بنجی بەند دادەنرێت...(٤). لێرەدا چەند لایەنێكی تری بەیت خراوەتەڕوو ئەمە لەلایەنی ڕوخسارەوە.

ئەگەر لەڕووی ناوەرۆكەوە سەیری بەیت بكەین، ئەوا هونەرێكی یەكجار كۆنە. هەندێك لە شاعیرانی كورد، ئەوانەی كێشی خۆماڵییان بەكارهێناوە و پەیرەوی ئەدەبی میللیان كردووە، ئەم هونەرەیان بۆ دارشتنی بیر و خەیاڵ و ئەندێشە و تێبینی بەرانبەر بە ژیانیان بەكارهێناوە. دیارە ئەمجۆرە هونەرە لەسەر بنچینەی ڕووداو و گێڕانەوەی دڵداری و كۆمەڵایەتی و ئایینی و سۆفیزم و هی تر دادەمەزرێت، بێگومان كەم و زۆر گیانی ئیپیكی(مەلحەمی) تێدایە(٥).

هەر لەبارەی بەیتەوە ئاماژە بەوە كراوە، هەر چیرۆكێكی تاڵ و شیرینی دڵداری و هەر شایی و ئیشێكی گەورە لە هەر مەڵبەندێكی كوردستان



قه لای دمدم، کوردستانی رۆژهه لات

قـەومـاوە، خـۆویـژ و خۆشخوانە کـوردە نـەناسـراو و نەخوێندەوارەکان لەسەر کێشی بڕگەیی خۆمانە و بە زمانێکی ساکار، بەڵام پوخت و پاراو و ڕەسەن و ڕەوان هۆندویانەتەوە و ئاهەنگی تایبەتی خۆشیان بۆ داناوە، ئەمە پێیدەڵێن بەیت(٦). ئەم پێناسە جەختی لەسەر لایەنێکی تری بەیت کـردووە، ئەویش ئاماژەکردنە بە بەیتبێژەکان، کە بەیتەکانیان هۆنیوەتەوە و دواتر بەشێوەیەکی زارەکی بڵاوبووەتەوە و لە قۆناغێکی تردا بەیتەکان تۆمار کراون. یەکێکی تر لەو پێناسانە، کە لە بارەی بەیتەوە خراوەتەڕوو، پێیوایە(( بەیت هونەرێکی شیعری خۆماڵییە،بە کێشی پەنجە دەنووسرێت، زمانی دەربڕینی ساکارە و نزیکە لە تێگەیشتنی زۆرینە، لە داستان نزیکە، بەڵام لێشی جیاوازە)).(٧)

کەواتە دەکرێت بڵێین: بەیت، وەکو بابەتێکی ئەدەبی فۆلکلۆری، بە شێوەی شیعر لەسەر کێشی بڕگەیی و سەروای ڕەنگاوڕەنگ دادەڕێژرێت. لەڕووی ناوەڕۆکەوە مەبەستی دڵداری و ئایینی و مێژوویی و قارەمانی...تاد لەخۆدەگرێت و لەلایەن بەیتبێژەکانەوە بەشێوەیەکی زارەکی بڵاوبوونەتەوە و پاشان تۆمارکراون.

## تایبەتمەندییەکانی بەیت

١) لەڕووی مۆرکەوە: بەیت، شەقڵ و مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیارە،((چونکە خاوەنی دیارە، قارەمانەکانی دیـار و نـاسـراون، ئـەو زەمینەیە دەناسرێتەوە، کە ڕووداوەکانی بەیتەکەی تێدا ڕووی داوە))(٨). کەواتە لە ڕێگەی قارەمان و شوێنی ڕوودانـی ڕووداوی ناو بەیتەکە و دابونەریتی ناو بەیتەکە بەئاسانی دەتوانین مۆرکی نەتەوایەتی لە بەیتەکەدا بدۆزینەوە. بۆ نموونە (بەیتی دمـدم) بەهـۆی قارەمـان و ڕووداو و شوێنی ڕووداوەکە دەزانرێت ئەو بەیتە کوردییە.

٢) لەڕووی سەردەمەوە: زەمەنی سەرهەڵدانی بەیت بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە، واتـە سەردەمی پێش بەکارهێنانی کێشی عەڕووز لە ئەدەبی کوردیدا. هەر بۆیە بەیت بە کێشی خۆماڵی دەنووسرێت و وەکو داستان بە کێشی عەڕووز نەنووسراوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە زەمەنی بەیت بۆ سەردەمانێك دەگەڕێتەوە، کە ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ و بەتایبەتی عەرەب کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەدەبی کوردیدا نەبووە.

٣) شێوەی تۆمارکردن: بەیت، دەشێت بەشێوەی زارەکـی هەبن، کە هێشتا تۆمارنەکرابن و بەشێوەی تۆمارکراویش هـەن. هـەر یـەك لـە بەیتەکان چەندین گێرانەوەیان هەیە، کە هەندێکیان نموونەی بەیتی بەرزن، کە ئەوپەڕی هونەری بەیتبێژییان تێدا بەکار هاتووە و هەندێکیشیان بەو جۆرە نین، ئەمەش پەیوەندیی بە توانا و زیرەکیی بەیتبێژەکانەوە هەیە.

٤) سـەرچاوەی بەیت: ئـەم لایەنە پەیوەندیی بە ڕووداوە واقیعییەکانی نێو میللەتەکەوە هەیە و لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. ((ئەمانە بە خەیاڵ و سۆزێکی جوانەوە تێکهەڵکێش کراون بە سەرچاوەکانی ئایین و مێژوو و سروشت و دابونەریت...تاد))(٩). ئەو ڕووداوە واقیعییانە کرۆکی بابەتی بەیتەکەن، بەڵام ئەم ڕووداوانە

بەشێوەیەکی هونەرییانە و بە خەیاڵێکی داهێنەرانە داڕێژراون.

٥) لەڕووی ناوەڕۆکەوە: بەیت بۆ سێ مەبەست دەهۆنرێتەوە:

أ- بەیتی قارەمانی: ئەمەش دوو جۆرە: بەیتی قارەمانیی ئایینی و بەیتی قارەمانیی نەتەوەیی کە بەیتی قەڵای دمدم لەم جۆرەیانە.

ب- بەیتی دڵداری.

ت- بەیتی کۆمەڵایەتی.

٦) لەڕووی فۆڕمەوە: بەسەر چەند کۆپلە و بەندێکدا دابەش دەکرێت، کە ئەو کۆپلە و بەندانەش دەشێت یەك دێڕ، دوو دێڕ، سێ دێڕ، چوار دێڕ... تاد بێت.

٧) زمانی هۆنینەوە: بەیت بە زار و بنزار(شێوەزار) دەهۆنرێتەوە.

٨) وشە و زاراوەی زمانانی بێگانە: ئەو جۆرە وشە و دەستەواژانەی زۆر بەکەمی تێدا بەکاردێت.

٩) قاڵبی هۆنینەوە: لە هەندێ لە بەیتەکاندا، نیوە دێڕێك بەشێوەی تەرجیعبەند پات دەبێتەوە.

جیاوازیی نێوان بەیت و داستان

تێکەڵاویی زۆر لەنێوان بەیت و داستاندا دروست بووە و جۆرە ئالۆزییێکی لێ کەوتووەتەوە و هەندێکجار بەیەك فۆڕم دانراون و زاراوەکانیان لەبری یەکتر بەکارهاتوون. ڕاستییەکەی ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە و بەیت و داستان دوو فۆڕمی جیاوازن. دەکرێت ئەم تێکەڵاوییەش لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١) کەمیی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی میللی و فۆڕم و بەشەکانی(١٠)، بەتایبەتی بەیت.

٢) خودی ئەو لێکۆڵینەوانەی هەشن تێکەڵاوییان دروست کردووە و ئەو دوو فۆڕمەیان لەیەك جودا نەکردووەتەوە.

٣) زۆربەی بەیتەکان بەشێوە و فۆڕمی داستانیش هەن.

کەواتە لەبارەی جیاوازیی بەیت و داستان، دەتوانین بەم خاڵانە جیاوازییان بکەین:

١) شانۆ و ڕووداو و سەردەم و کات لە بەیتدا فراوان و درێژ نییە(١١). واتە لەڕووی درێژییەوە داستان درێژترە.

٢) بەیت بە کێشی بڕگەیی دەهۆنرێتەوە، کەچی داستان بە کێشی عەرووزی دەهۆنرێتەوە، وەك داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و داستانی(دمدم)ی فەقێ تەیران.

٣) لەڕووی سەردەمەوە بەیت لە پێش داستان سەری هەڵداوە و زەمەنەکەی دێرینترە.

٤) شاعیرانی داستاننووس، ڕۆشنبیرییێکی فراوانتریان لە بەیتبێژەکان هەیە، ئەمەش لە بەیت و داستانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

لێکۆڵینەوە و ڕەنگدانەوەی کارەساتی دمدم لە ژانرە ئەدەبییەکانی تردا:

جگە لەوەی ئەم ڕووداوە مێژووییە لە فۆڕمی لاوکی نووسراودا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بە فۆڕمی داستانیش هۆنراوەتەوە، وەکو داستانی قەڵای دمدمی فەقێ تەیران. ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین ڕووداوەکانی بەیتەکە لە چیرۆکی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە. یەکێك لەو چیرۆکانە، چیرۆکی (شەهیدانی قەڵای دمدم)ی (مستەفا ساڵح کەریم)ە، کە لە ساڵی ١٩٥٨ نووسیویەتی و لە ساڵی ١٩٦١ بڵاوی کردووەتەوە. چیرۆکنووس، ڕووداوە مێژووییەکانی لەڕووی پاڵەوان و شوێن و بابەتەوە لە چیرۆکەکەیدا تەوزیف کردووە و بەگشتی لە چوارچێوەی بەیتەکە نەچووەتە دەرەوە، ئەمەش لەڕووی ئەوەی ڕووداوەکان لەناوچەی تەرگەوەر و مەرگەوەر و بە دروستکردنی قەڵاکە دەست پێدەکات و بە داگیرکردنی قەڵاکە و کوژرانی ئەمیر خان و

قەڵانشینەکان کۆتایی دێت.

چیرۆکنووس لە ڕووداوی سەرەکیدا، لە چوارچێوەی ڕووداوە مێژوویییەکان نەچووەتە دەرەوە، تەنیا لەوەدا نەبێت، کە بابەتی دڵداریی تێدا تەوزیف کردووە و هەردوو دڵدارەکە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە بەرگریکردن لە قەڵا و دواجاریش خۆبەختکردنیان لەپێناویدا. هەروەها ئەو کەسەی سەرچاوەی ئاوەکە پیشانی دوژمن دەدات زۆر بە ناشیرینی خراوەتە ڕوو.

ئەم ڕووداوە مێژووییە مەزنە، لە ڕۆمانی کوردیشدا تەوزیف کراوە، وەکو ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەبی شەمۆ، کە لە ساڵی ١٩٦٦ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە سوودی لە ڕووداوەکانی قەڵای دمدم وەرگرتووە. هەر ئەوەندە پارێزگاری لە ڕووداوە مێژووییەکانی کردووە، ئەوەندەی کەڵکیان هەیە بۆ ئەو ڕووداوە نوێیەی لەپێناو داهێنانی ئەدەبیدا دروستی دەکات. بەم جۆرە ڕۆمانەکە کارێکی داهێنانی ئەدەبییە. ڕۆماننووس، ڕاپەڕین و بەرگریکردنی خانی لەپزێڕین لە قەڵای دمدم دەکات بە ڕەمز بۆ بەرگریکردن لە هەموو کوردستان. ڕۆماننووس زۆر بایەخ بە هاوسێیەکانی کورد دەدات، پێی وایە پێویستە پەیوەندی لەگەڵیاندا دۆستانە و ئاشتییانە بێت، لەوانەش بایەخدانی بە ئەرمەن، ئەمەش زیاتر لەوەوە هاتووە خۆی لە نزیکی ئەوانەوە ژیاوە.

لە ڕۆمانەکەدا هەندێک دیاردەی تێدایە، لەڕووی مێژوو و جوگرافیاوە، لەگەڵ واقیع و مێژووی ئەوکاتەدا ناگونجێت، وەکو ئەوەی ڕۆماننووس تارانی کردووە بە پایتەختی دەوڵەتەکەی شا عەباسی سەفەوی، بەڵام ڕاستییەکەی ئەسفەهان پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی بوو. لەلایەکی ترەوە باسی جگەرەکێشانی هەندێک جەنگاوەری کورد دەکات، لەکاتی پاسەوانیکردنیان لە قەڵاکەدا، دیارە ئەمەش لەگەڵ واقیعی مێژوویی ناگونجێت. ڕۆماننوس ڕۆمانەکەی بەسەر دە پاژدا دابەش کردووە، ئەوانیش: بازاڕ، مزگەوت بیناکردن، هەمزە چاوەش، بەزمی دەروێشان، شایی، سەربهووردی خانۆ، قاسیدی شەمدینان، قوڵی خان، حسێن خان، هێرش بۆ سەر قەڵا. ئەنجامەکەشی خۆبەدەستەوەدانی قەڵانشینان و سەرکەوتنی دوژمنە. جاسمێ جەلیل یەکێک لە داستانە شیعرییەکانی قەڵای دمدمی لە ساڵی ١٩٧٠ لە یەریڤانی ئەرمەنستان لە کتێبی (گۆرانییەکانی چیا)دا بڵاوکردووەتەوە.

بەیتی دمدم و ڕووداو و تراژیدیای ئەو ڕووداوە بووەتە هەوێن و ناوەڕۆکی شانۆگەریی (قەڵای دمدم)، کە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن شانۆکارانی شاری هەولێر نمایش کراوە. ئەم شانۆگەرییە ناوەڕۆکەکەی لە مێژوو و بەیتە فۆلکلۆرییەکانەوە هەڵهێنجراوە و لە فۆرمی شانۆدا داڕێژراوەتەوە و لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش کراوە و نیشاندانی خەڵکی دراوە. ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوا جان دۆست دیوانە شیعری (قەڵای دمدم) ی لە ساڵی ١٩٩١ لە ئەڵمانیا بڵاو کردووەتەوە.

لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەوەش بڵێین لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستیدا، ئاوڕ لە قەڵای دمدم و خانی لەپزێڕین و ڕووداوەکانی ئەو مێژووە دراوەتەوە. دکتۆر کەمال فوئاد ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی(داگیرکردنی قەڵای دمدم بەگوێرەی گێڕانەوەکانی تاریخی عالەم ئارا و فۆلکلۆری کوردی) لە ساڵی ١٩٦٢ پێشکەش بەشی زمانە ئێرانییەکانی زانکۆی بەرلین کردووە. ئۆردوخانی جەلیل کارەسات و قارەمانییەتی ئەمیرخان و قەڵانشینانی دمدمی کردووەتە بابەتی دکتۆرانامەکەی و لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوی کردووەتەوە. فۆلکلۆریستی کۆچکردوو خالید جوتیار، لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی لەسەر قەڵای

دمدم و ئەو کارەساتە لە کتێبی(سەمای ئەجندان) دا بڵاوکردووتەوە، کە تێیدا لە کۆمەڵێك لایەنەوە لێی کۆڵیوەتەوە.

## بەیتی دمدم لە نێوان دوو تێکستدا

ڕووداوی قەڵای دمدم، وەکو ڕووداوێکی مێژوویی و کەسایەتیی خانی لەپزێڕین، وەکو سەرکردەی قەڵاکە و قارەمانێکی کورد لە مێژووی کورددا، وەکو ڕووداوێکی گەورە و قارەمانێکی نەتەوەییی مەزن سەیرکراون. ئەم ڕووداوە مێژووییە بووەتە هەوێنی چەندین بەیتی کوردی و شایەر و بەیتبێژەکان زار بە زار گێڕاویانەتەوە و کۆمەڵێك گێڕانەوەی هەیە، بۆ نموونە (حاجی جندی) کتێبێکی بەناوی(دمدم) بڵاوکردووەتەوە و شانزە گێڕانەوەی بەیتی دمدمی لە خۆگرتووە. هەروەها لە کتێبی(کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی)ی (قەناتی کوردۆ)، بەیتی دمدم بڵاوکراوەتەوە.

ئەو دوو بەیتەی لێی دەکۆڵینەوە و پێکەوە هاوسەنگییان دەکەین، بریتین لە بەیتی(دمدم) لە کتێبی(توحفەی موزەفەرییە) لە کۆکردنەوەی ئۆسکارمان و بەیتی(خانی دمدم)ە، لە کتێبی(داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا)ی عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی.

أ_ لەلایەنی ناوەرۆکەوە

١) بەیتی دمدمی ئۆسکارمان، سەرەتاکەی باسی دەروونی بەیتبێژ دەکات، کە خەم و ژانی خۆی دەخاتە ڕوو لەبارەی ئەو کارەساتەی کە ڕوویداوە.

((دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ غەمێ لەبەر ئەوێ ژانێ

بانگێکم وەبەر خولاّی، ئەوی دیکەم بەر پێغەمبەری ئاخر زەمانێ))(١٢)، بەڵام ئەمە لە بەیتی

(خانی دمدم)دا بەرچاو ناکەوێت.

٢) لە بەیتی (دمدم)ی ئۆسکارماندا، ئایینی ئیسلام بە هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعەوە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو:بانگکردن لە خوا و پێغەمبەر، ناوهێنانی هاوەڵانی پێغەمبەر، ناوهێنانی شوێنگەلی وەکو مەشهەد، کەربەلا...تاد.

((هات عەشەرەی دە موبەشەرە

هەمزە و هەباس و هەیدەرە))(١٣)، بەڵام ئەمە لە بەیتی(خانی دمدم)دا نابینرێت.

٣) بەیتی(دمدم)، زیاتر جەختی لەسەر قەڵاکە کردووە و بەیتی(خانی دمدم) زۆرتر باسی خانی لەپزێڕینی کردووە.

٤) بەیتی(خانی دمدم) باسی ئەو کەسە دەکات، کە سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە پیشانی دوژمن دەدات:

((ئەحمەد بەگی لێتانی

ڕووی ڕەش بێ لەگەر شەیتانی

ئەو بەسەرچاوەی دەزانی

پیشانی دا سەر و کانی))(١٤)، ئەمە لە بەیتی(دمدم) دا نابینرێت.

٥) هەر دوو بەیتەکە باسی ئازایەتیی ئەمیر خانی برادۆست دەکەن.

ب_لەلایەنی ڕوخسار

١) بەیتی(دمدم) زۆر درێژترە لە بەیتی(خانی دمدم).

٢) بەیتی(دمدم) بە شێوەزاری موکرییە،بەڵام بەیتی(خانی دمدم) بە شێوەزاری هەولێرییە.

٣) هەردوو بەیتەکە لەسەر کێشی بڕگەیین.

٤) هەر دوو بەیتەکە بەسەر چەند بەندێکدا دابەشکراون، لە بەیتی(دمدم)دا نیوە دێڕی (خان بە غەزایە مەشغوڵە) و لە بەیتی (خانی دمدم)دا نیوە دێڕی(هێی سراو لە خانۆی دمدمە) بە شێوەی تەرجیعبەند پات دەبێتەوە.

٥) بەیتی(دمدم) بە ناوی قەڵاکەیە، بەڵام بەیتی (خانی دمدم) بەناوی ئەمیر خانی برادۆستە.

٦) ئەم نیوە دێڕانە لە هەردوو بەیتەکە دەبینرێن

بەکەمێك جیاوازییەوە.

بەیتی (دمدم):((دمدم بەردێکی زۆپە))(١٥)

بەیتی (خانی دمدم):((دمدم بەردەکی چ شینە))(١٦)

بەیتی (دمدم):((کاریتەی گەییە هۆزانێ))(١٧)

بەیتی (خانی دمدم):((کاریتەی گەییە ئاسمانێ))(١٨)

٧) ژمارە حەوت لە هەردوو بەیتەکە چەند جارێك پات بووەتەوە.

## ئەنجام

١) بەیت بابەتێگی گرنگی فۆلکلۆری کوردییە و بە کێشی خۆماڵی دەهۆنرێتەوە. وشە و زاراوەی بێگانەی کەم تێدا بەکاردێت و لێهاتوویی و زیرەکیی بەیتبێژ ڕۆڵی لە بەهێزی و پێزی بەیتەکەدا هەیە و کۆمەڵێك مەبەستی وەکو: دڵداری، ئایینی، پاڵەوانی... تێدا باس دەکرێت.

٢) قەڵای دمدم وەکو بەیت چەندان گێڕانەوەی هەیە، کە لە کرۆکی بابەتەکە هەموویان وەکو یەکن، بەڵام لە هەندێك ڕووداو و کەسایەتیدا جیاوازییان هەیە.

٣) ئەو دوو (بەیت)ەی لێکۆڵینەوەمان لەبارەیانەوە کردووە لە چەند لایەنێکەوە هاوشێوەن، وەکو: ڕووداوەکان، شوێنی ڕووداو، کەسایەتیی ئەمیر خان، داگیرکردنی قەڵا لەلایەن شا عەباس و سوپاکەی.

٤) ئەو دوو (بەیت)ە، لە چەند ڕووییەکەوە جیاوازن، وەکو: زمان، قەوارە...تاد.

٥) بەگشتی ڕووداوەکانی ئەو بەیتانە بوونەتە بنەمای ئەفراندنی داستان و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆ و شیعر....هتد و ئەو ژانرە ئەدەبییانە سوودیان لە ڕووداوە مێژووییەکە وەرگرتووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١_ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٥٢.

٢_ قادر فەتاحی قازی، سێ بەیتی فۆلکلۆریك، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥.

٣_ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل١٧٧.

٤_ سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٩

٥_ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٧٣.

٦_ عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٠٢.

٧_ د.ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٩١.

٨_ سەرچاوەی پێشوو،ل١٩١.

٩_ سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٤.

١٠_ سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٢.

١١_د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل١٦٩.

١٢_ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، پێشەکی و ساغکردنەوەی:هێمن موکریانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل١٢٧.

١٣_ سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٧.

١٤_ عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی کوردی لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٦.

١٥_ ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە،ل١٣٢.

١٦_ عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی کوردی لە فۆلکلۆری کوردیدا، ل١٦.

١٧_ ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، ل١٣٣.

١٨_ عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی کوردی لە فۆلکلۆری کوردیدا، ل١٧.

# بەسەرهات و ڕووداوەكانی
# وڵاتی كۆیە لە تەفسیری مەلای گەورەدا



پ. د. جەواد مەلا حمدأمین چۆمحەیدەری
زانكۆی كۆیە

تەفسیری كوردی لە كەلامی خوداوەندی، ئەو كارە زانستییە دانسقەیەیە كە دیاریی مەلای گەورە (مەلا محەمەدی كوڕی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) یە بۆ میللەتەكەی، میللەتی كورد، كە لە ڕاستیدا ئەم تەفسیرە یەكەم تەفسیری قورئانی پیرۆزە بە زمانی كوردی، تائێستاش كەس لەوانەی تەفسیری قورئانی پیرۆزیان بە زمانی كوردی كردووە، شانیان لە شانی مەلای گەورە نەداوە و هەر ئەم تەفسیرە سەرقافڵەی تەفسیری كوردی بۆ قورئان گرتۆتە دەست. من لە ساڵی ٢٠٠٩ ز. شەرەفی ئەوەم پێدرا سەرپەرشتی چاپی ئەم تەفسیرە بكەم، كە لەسەر ئەركی جەنابی (مام جەلال) لە ١٠ بەرگدا چاپكراوە، وەك دیاریی بەڕێزیان لە كوردستان و دەرەوەی كوردستان دابەشكرا.

ئەوەی جێگای سەرنجە، مەلای گەورە لەم تەفسیرەدا، زۆر لە ڕوداوەکانی ژیانی وڵاتی کۆیەی بۆ تۆمارکردوین و بە ئەمانەتەوە وەکخۆی بۆمان دەگێڕێتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخا مەلای گەورە لە ناو خەڵك و بۆ خەڵکیش ژیاوە و قەت لە دانیشتوانی وڵاتەکەی و شارەکەی دانەبڕاوە. لەم چەند لاپەڕەیە هەندێ لەو بابەتانە هەڵدەبژێرم کە مەلای گەورە لە تەفسیرەکەی ئاماژەی پێکردووە و تۆماری کردووە کە گوزارشت لە ڕوداو و بەسەرهاتەکانی کۆیە و دەوروبەری دەکات:-

١- مەلا عەبدوڵڵای جەلی و شیعر[1]

مەلای گەورە، لە باسی سەردەمی منداڵیی خۆیدا، باسی باوکی (مەلا عەبدوڵڵای جەلی دەکات)، دەڵێ: باوکم لە زەمانی منداڵیم بعضی أشعاری کوردی مشفقانە و ناصحانەی بۆ دائەنام، أزجملە ئیستاش ئەم دوو بەیتەم لە خاطرە (لەبیرە)

مەلا زادەی نەخوندی مثلی سەگسار
دەبێ هەر هەڵپەری یا وەك سەگی هار
قوڵ و قاچی موسڵمانان دەرێنێ
لە سفرەی ظالمان نانێ ڕفێنێ

دیارە مەلا عەبدوڵڵا شیعری وەك ئامرازێکی پەروەردەیی بەکارهێناوە و دەیەوێ کوڕەکەی (مەلا محمەد) هانبدا بخوێنێ، تا نەبێتە مەلازادەی نەخوێندەوار، دواتر بە نەخوێندەواری ڕێگا لە میللەت بگۆڕێت و ببێتە داردەستی کاربەدەستە ستەمکارەکان، بۆ جوانکردنی ڕەفتارە قێزەونەکانیان لە پێشچاوی خەڵك[2].

٢- هاتنی کۆمەڵێ جادوگەر (سیحربان) بۆ کۆیە :

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی: ((ویتعلمون مایضرهم ولا ینفعهم))[3] باس لە کۆمەڵێ سیحر باز دەکا کە هاتونەتە کۆیە. ئەو بە چاوی خۆی کارە ئەفسوناوییەکانیانی بینیوە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

چەند ساڵ لەمەو پێش شەخصێك هاتە کۆیە لە حچوری باوکم و شێخ عبدالکریمی بەرزنجی[4]، گەلێ شتی عجایبات و غریباتی کرد. حتی لە من چوار پولە سۆرکەی سکەی عوسمانی وەرگرت، هاویشتیە ناو کاسەیێ ئاو دەسە سرێکی بەسەردا دا، نەختێ پستە پستی کرد پولەکانی هینایە دەرەوە عینا لیرە بوو، زێڕی خالص و پاك، بە تأریخ و طورە ی شاهانە.

من پیم گوت: مادام ئەمە ئەزانی بۆ ئەگەڕێی بەم لباسە شڕو ونجڕە،لەوێ و لەوێ ئەخولێیەوە. هەر وەقتێ ئارەزوت کرد یەك دوو پولەکە سورەکە بکە لیرە و بۆخۆت زەریف گوزەران بکە، گوتی قوربان: ئەوە ( بۆفە ، ڕووکەشە ، مزخرفە ) کەم وەختێ خۆی بە لیرە ئەنوێنێ، لە پاشدا ئاشکرا ئەبێ نیهایەت سەرم بە هیلاکەت ئەچێ.

دوای لیرەکانی هاویشتەوە ناو کاسەکە بعضی ئەفسونی و مەفسونی پێدا خوێند هێنایەوە دەر،پولە سورەکانی خۆم بوو. بەستەزمانە بەونەیرەنگی و شعبدانە بووبوە سەرسەری و سواڵکەر[5].

هەروەها لە تەفسیری ئایەتی (.... ولبئس ماشروا بە أنفسهم )[6]، باسی هەندێ سیحربازی ئێرانیمان بۆ دەکات و دەڵێ: چەنێ لەمەوپێش جەماعەتێك لە حەقبازانی ئێرانی هاتنە کۆیە لە حەوشی قەهوەخانەی


متصل، به مزگەوتی گەورە، گەلێ ئیشی سەیر سەیریان کرد، بانگی موسڵمانیان دەکرد:((ئەی برادەران پێمان هەڵمەخەڵتێن، بە خودا ئەوە گشتی پڕو پووچە، حەقیقەت نییە دیارە اربابی ئەو صنعەیە لە کویە نین، ئەگەر ئێمە لە تەبرێز بواین لە مێژبوو حیلەمان بە دەر ئەکەوت.

لە سەر ئەو ڕاستییە گەلێ ئافەرینم لێ کردن،مع أنە ئەگەر بە ناوی شێخاتی بها تابونایەو ئەو عجاییات و غرایباتانەیان بنواندبوایە، گەلێ کەس پێیان هەڵدەخەڵەتان، دەبوون بە مرید یان گەلێ مالیان بە دەست ئەکەوت، بە کەمالی حورمەت ئەژیان، جاجشتی زۆر خراپ بوو[٧]. وادیارە مەلای گەورە، لێرە دەردی دڵی خۆی دەردەبڕێ لە دژی ئەو کەسانەی بە ناوی شێخایەتی فێڵ لە خەڵك دەکەن و خەڵك هەڵدەخەڵەتێنن.

٣- مەلای گەورە، یان فەقێ محەمەد:

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی (لتكتمون الحق وهم يعلمون)[٨]دا دەڵێ: حەق بزر دەکەن یا وجودی ئەزانن کە حەقە حەسادەت و عناد بغض و عداوەت کە لە دڵدا قوەتی ساند، ڕووی ئینسان لە حەق وەردەگێڕێ، ئەو نەوعە عنود و حسودە لە هەموو زەمانی زۆرن لە ناو هەموو قەوم و صنفی بەشەر بڵاون، کەسێ ئەحوالاتی روحیەی أقوام بزانێ،تجاربی بە شەری کردبێ هیچ گرفتی لەم قسەدا نییە.

شەخسێك لە خزمانی خۆم محبەتی لە حەقم هەبوو، کە ناوی ئەهێنام بە علامەی یاد ئەکردم تەصادفا ساردییەك کەوتە بەینێ، بیستمەوە کە ناوی ئەهێنام



قورئانی پیرۆز،دەستخەتی باپیر فەقێ ئەحمەد، کۆیە

ئەی گوت: فەقێ محمد، منیش زەردەخەنەم کرد گوتم بۆ دوێنێ علامە بووم و ئەمڕۆ بووم بە فەقێ محمد؟ دیارە معظمی بەشەر هەوا و هەوەسی خۆی ئەپەرستێ[٩]. لێرەش دەردەکەوێ مەلای گەورە ئازاری هەبووە لە دەست ئەو کەسانەی دووڕووبوون. خۆ گەر لە زەمانی ئەودا هەندێ کەس دوو ڕوو بووبن، ئەوا ئەمڕۆ مرۆڤی دووڕومان گەلێ زۆرە.

٤- بۆردومانی شاری کۆیە لە لایەن فرۆکەکانی ئینگلیزەوە[١٠]:

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی ((ورأوا العذاب وتقطعت بهم الاسباب))[١١]دا دەڵێ: زۆرترینتان دیتتان ئەو ڕۆژەی کە کۆیە بۆردومانکرا، سەگ و شێخ و مەلا و صۆفی و فەقێ، هەموویان هەر ڕایان ئەکرد خۆیان ئەشاردەوە ئەچونە ناو ئەشکەوتان، کونە سەگان، ئەوجا قورتان بەسەر بە تەمەعی ئەوەن کە ئەوانە لە هولی «تەنگانە»ی دواڕۆژ نجاتتان بدەن، پەناو ملجأ و نمونەی قیامەت لە دونیا زۆرە.[١٢]

لێرەش مەلای گەورە دەیەوێ پەیامی خۆی بگەیەنێ



مەلای گەورەی کۆیە

کە هەندێ کەس دونیا دەخۆن بە ناوی دوارۆژەوە خەڵك هەڵدەخەڵەتێنن، ڕاستیی بڕوا و ئەکتیڤی لە کاتی تەنگانەدا دەردەکەوێ.

٥- سەردەمی گرانیی کۆیە :

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی ((کذالك یبین الله أیاته للناس لعلهم یتقون))[١٣] دا دەڵێ :-

ئێمەش لە زەمانی گرانی (ساڵی ١٩١٨ ز ١٣٣٦ك) دیتمان گەلێ کەس کە بە لذائذ فێربووبوو لەبەر بێ رزقی نەمرد لەبەر بێ لذائذی مرد، کەوابێ اقتیات بۆ دونیا و قیامەت باشە وە حەکیم ئەڵێ بخۆ بۆ ئەوەی بژی نەوەك بژی بۆ ئەوەی بخۆی))[١٤].

هەروەها هەر لە بابەتی ساڵی گرانی دەڵێ: گەلێکمان دی لە گرانیی (ساڵی ١٩١٨ ز ١٣٣٦ك) بە دەخیل و ئامان بە سواڵ و پاڕانەوە، تا لقمە نانێکی چنگ ئەکەوت. بە هەزار جرنا و فرنیا تا نەجاتیان بوو، ئەمڕۆ بە نان و ساوار و نیسك دانەدۆك ڕازی نابێ، دەستی خۆی بە خواردن پیس ناکات، بە کەوچك و چنگاڵ ئەخوا ئەڵێی نە بای هاتووە و نە باران[١٥]. لە ڕاستیدا ئەوەی مەلای گەورە لێرە ئاماژەی پێ کردووە، ئێمە ئیستا بە چاوی خۆمان دەیبینین و دیارە دەکرێ بوترێ مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە.

٦- کۆپلە شیعرێ لە شیعری مەلای گەورە:

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی ((إن الله لذو فضل علی الناس))[١٦] بەڵگە بە شیعری خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێ :-

زۆر بووە بەرخەکی لەڕو لاواز
بویتە خرتیکی دونگ زەلام و قەڵەو
یان منالیکی سیسە و مردۆخە
بویتە مەردێکی گورج و گۆڵ و پتەو
گەلێ میللەت وەها بەسەرکەوتن
کە نەبیتە خەیاڵ و وەهم و خەو
بۆیە ئومێد ئەکەم لە لوتفی خودا
خالقی مانگ و ڕۆژ و شەو
کوردەکانیش بکاتە صاحب جاه
سنه الله في الذين خلوا»[١٧]

لێرەش مەلای گەورە دەردی دڵی خۆی دەردەبڕێ و وانەیەك بۆ مێژوو بە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەڵێ، ئەو دەیەوێ فێری هیممەت و خۆڕاگریمان بکات بەرامبەر ڕۆژگار، بەڵام ئایا ئێمە ئەو وانەیەمان وەکخۆی وەرگرت؟

٧- کەڵە پیاوی کوردستان حمە ئاغای غەفوری[١٨]:

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی ((مثل الذین ینفقون اموالهم في سبیل الله کمثل حبة انبتت سبع سنابل في کل سنبلة مأة حبة والله یضاعف لمن یشاء

والله واسع عليم ))[١٩]دا باسی حمە ئاغای کۆیە دەکا و دەڵێ: لە ئەیامی ئێمە حماغای غەفوری زادە، لەو کۆیە هەبووە، هەزار لیرەی بدابوایە کەسێك، کەسێ لێی نەئەبیست، بە هیچ جۆرێ باسی نەئەکرد.[٢٠]

ئەوەی جێگای سەرنجە، کاتی خۆی حەماغای گەورە، وەك مەلای گەورە ئاماژەی پێ کردووە،پیاوەتی دەکرد نەیدەهێشت کەس بزانێ، لەم سەردەمە خەڵکانێ بوختان بە خۆیان دەکەن پیاوەتیش ناکەن لە لای خەڵکی خۆیان هەڵدەدەنەوە و دەڵێن وامان کردوە و وابوین.

٨- دکتۆرەکانی کۆیەی ئەوێ رۆژێ:

لە تەفسیری ئایەتی ((هن أم الكتاب وأخر متشابهات))[٢١]دا مەلای گەورە دەڵێ: تشابە أو تشابهیە لە هەموو عیلمێ هەیە، بەڵام ماهر ئەوەیە تفریقی بکاو تێ نەکەوێ، دوری نەجەڤ بە ئەڵماس لێ نەگۆڕێ سکەی قڵب لە جیاتی سکەی ساغ وەر نەگرێ.

لە ئەوائلی ئینقلاب[٢٢] یەکێ لە ئەفرادی عائلە نەساغ بوو، دوو دوکتوری (دوو پزیشك) باش لێرە (کۆیە) بوون، یەکێ تورك و موسڵمان،(نصرت فۆاد)، یەکێ ئینگلیز (میللەر). ناردم لە دویان هاتن پاش عصر بوو، معاینەیان کرد گوایە عیللەتەکەی (حمای مرزخیە) یە، بەو گوێرەی تەرتیباتیان دانا شەو زۆر بێ سحەت بوو، ئەو دەرمانەی ئیستعمال دەکرد زێدە ئەلەمی ئەدا، زێتر تەحریکی کۆکەی ئەکرد، سبەینێ زوو نصرت هات بە تالووکە بەمشەوەشی، گوتم خێرە وا زوو هاتی؟ بێ لە دوا ناردن ؟ گوتی : لام وایە لە کەشفەکە بە هەڵەدا چووین، تشخیصی عیلەتەکەمان بۆ نەبووە. گوتم: حقیقە وا بە دەرئەکەوێ ئەمشەو پاش تەرتیباتی ئێوە زیادە بێ قەرار بوو. تکرار معاینەی کرد گوتی: بەڵێ غەڵەت بووین ئەو نەساغیە (ذات الرئة)یە. لەو (ئانەدا)کاتەدا میلەریش هات. نصرت بە لسانی طبیی عهرضي کرد، ئەویش معاینەی کردەوە بە دەنگی بڵند- پاردوون»ببورە»، نوسرەت تقدیری مقدەرەتی نصرتی کرد، بالاتفاق تەرتیبێ کە بۆ ذات الرئە موافق بێ کردیان، شوکر نەساغەکە چاك بووەوە.[١] ئەوەی جێگای سەرەنجە لێرەدا، دکتۆرەکانی ئەو سەردەم پێیان شەرم نەبوە بڵێن: لە دەستنیشانکردنی نەخۆشی هەڵەمان کرد و بچنە لای نەخۆشەکە داوای لێبوردنی لێ بکەن، بەڵام ئیستا دوای نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەم ڕوداوە، لە وڵاتی ئێمە، دەیەها نەخۆش بە دەستنیشانکردنی هەڵەی نەخۆشی گیان لەدەست دەدەن.

٩- کۆپلە شیعرێکی مەلای گەورە

لە تەفسیری ئایەتی (.... والراسخون في العلم يقولون أمنا به كل من عند ربنا ومايذكر إلا أولوا الألباب)[٢٣]، مەلای گەورە کۆپلەیەك لە شیعری خۆیمان بۆ دەنوسێ ئەمەش دەقەکەیەتی:

لە بە عضی أشعاری کوردی خۆم عرضم کردبوون:

مەلای نادان بە عنوانی شریعەت

حەرامی کرد لە تۆعیلمی تەبیعەت

لە بۆیێ هەر جی لەو عەردە یە[٢٤]

لە زێڕ و زیو و توج و باقر و نەوت[٢٥]

بە کلی کەوتە ژێر دەستی فەرەنگان

چیاو چۆڵان دەنۆڕن وەك پڵنگان

بیان نۆڕن چیایان چۆن ئەكۆڵن

هەتاكەی ئێوە هەر بەرماڵ بە كۆڵن[٢٦]

هەزار رەحمەت لە گۆڕی مەلای گەورە، دەڵێی لەم ڕۆژگارەمان دەژێت، تا بەرهەمی نەوت و زێڕ و كانزاكانمان زیادی كرد، زیاتر هەڵیانلوشی، ئێمە برسیتر بوین و زیاتر بەرەو دواوە گەڕاینەوە.

١٠- بەیتێ لە شیعری حەزرەتی حاجی قادر

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی ((قل للذین كفروا ستغلبون وتحشرون الی جهنم وبئس المهاد))[٢٧] بەیتێ لە شیعری حاجی قادر بە بەڵگە دێنیتەوە دەڵێ: دونیا دەگۆڕێ و تقلباتی زۆرە وەك حاجی قادر دەڵێ:

ئەمین مەبە لە سبەینێ ئەوەت بەسەر دێنێ

حوادثاتی زەمانە كە نابیتە تەخمین

واپێدەچێ ئێمە ئەوەی لەبیرمان نەبێ ئەمڕۆ، ئەم فەرمودەیەی حاجی قادرە و تەخمینەكانمان وەك بۆی دەچین وادەرناچێ

١١-مەجلیسی دوێنێ و ئەمڕۆی كۆیە.

مەلای گەورە لە تەفسیری ئایەتی ((فلم تحاجونە فیما لیس لكم بە علم واللە یعلم وانتم لاتعلمون)) باسی مەجلیسێك لە مەجلیسی پیاوی لێهاتوی دوێنێی كۆیە دەكا و دەڵێ:- چەند ساڵێ لەمەوپێش شەوێك لە مەجلیسی پێیاوێكی گەورە جمعێك لە سەرسپیان حاضر ئەبن یەكێك سوئالیان لێ ئەكا، ئەڵێ:- حەزرەتی موسی مقدم بووە یا حەزرەتی داوود؟ بەعزیك ئەڵێن نازانین، ئەو سائلە سبەی هاتە لای من گوتی: كاكە مەلا ئەم شەو شتێ وا بوو، تۆ چی ئەفەرمووی؟ گوتم ئەوانە هەروەكو ئاگایان لە تاریخ نیە، ئاگایان لە قورئانیش نیە لە مەسئەلەی طالوت، كە مەلەئی اسرائیلی طلبی علامەتیان كرد، نبی یەكە گوتی: ئایەت و سلطنتی ئەو ئەوەیە كە تابوتیان بۆ دێت و كەسكینیە و بقیەی نزیكەی ئالی موسی وئالی هارونی تیایە و، لە حەربی طالوتی لەگەڵ جالوت داوود جالوتی كوشت و بووە مەلیك مع الاسف مەلەئی (میلەتی) كوردان زۆر لە تاریخ ناشارەزان.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە :

أ- شارەزاییی مەلای گەورە لە مێژووی كۆن - مێژووی ئایینیەكان و پێغەمبەرە كانی خوا، ئەوەشمان بۆ راست دەكاتەوە كە داوود چەند ساڵێ لەدوای مووسا بووە، راستە ئەویش هەر لە بەنی ئیسرائیل دەژمێردرێت.

ب- دڵتەنگیی مەلای گەورە بەوەی كە میللەتەكەی شارەزای مێژوو نین. دیارە ئەو ئەوە دەزانی مێژوو قوتابخانەیە و زۆر لە ڕوداوەكانی دوێنێ و ئەمڕۆ دوبارە دەبنەوە، بەڵام دیارە ئێمەی كورد وانەی لێوەرناگرین.

ت- دیارە مەجلیسی دوێنێی كۆییەكان، مەجلیسی گفتو گۆی زانست و مێژو و ئەدەب بووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان

١) مەلا عەبدوڵای جەلی لە كۆیە ساڵی ١٨٣٩ز ١٢٥٠ ك لە دایك بووە لە بنەماڵەی جەلی،لە لای هەندێ لە زانا بەناوبانگەكانی كوردستان خوێندنی تەواوكردووە. یەكێك بووە لە زانا

لێهاتووەکانی کوردستان لە سەردەمی خۆی، ساڵی ١٩٠٨ ز ١٣٢٦ك کۆچی دوای کرد وە,چەند کتێب و دانراوێکی هەیە لەوانە مەولود نامە بە زمانی کوردی : بنوارە کەریم شارەزا یادی حاجی مەلا عەبدوڵای جەلی– گۆڤاری هیوا ژمارە ١١– ساڵی ١٩٥٨ لاپەڕە ٨،٧.

٢) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١), لاپەرە ٩٣.

٣) ئایەتی ١٠٢ لە سورەتی بەقەرە.

٤) شیخ عبدالکریمی بەرزنجی، هاو تەمەن و هاوڕێی مەلا عەبدوڵای جەلی بوو، بە گویرەی نوسینی مامۆستا مسعود محمد دەبێ ساڵی ١٩٠٣ وەفاتی کردبێ.

مسعود محمد: بنوارە گەشتی ژیانم, چاپی سێیەم, سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە ٢٠٠٩, لاپەرە ٥٨.

٥) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەرە ١٢٩–١٣٠.

٦) ئایەتی ١٠٢ لە سورەتی بەقەڕە.

٧) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەرە ١٣٠.

٨) ئایە تی ١٤٦لە سورە تی بە قەڕە.

٩) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەڕە ١٧٠.

١٠) لە ساڵی ١٩٢٢ رویداوە.

١١) ئایتی ١٦٦ لە سورەتی بەقەڕە.

١٢) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەڕە ١٨٧.

١٣) ئایەتی ١٨٧ لە سورەتی بەقەڕە.

١٤) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەڕە ٢١٤.

١٥) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەڕە ٢١٥.

١٦) ئایەتی ٢٤٣ سورەتی بەقەڕە.

١٧) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەرە ٢٧٣ بنوارە گولبژێریک لە دیوانی مەلا محمدی کۆیی – چاپخانەی سید یان – مهاباد – ١٩٤٣ز ١٣٢٢ك – لاپەرە ٣

١٨) حمە ئاغای گەورە, حەمە ئاغای کۆیە – غەفوری – ناوداری وڵاتی کۆیە و کوردستان، لە بواری بەڕێوەبردنی خەڵك و سەخاوەتی بێ سنور, لە ساڵی ١٢٥٤ ك لە کۆیە لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٢٠ ز ١٣٣٨ك یا ١٣٣٩ ك کۆچی دوایی کردووە. بنوارە مسعود محمد – حەمەغای گەورە – ل ٣٣ – چاپخانەی سومەر ١٩٨٦ بەغدا.

١٩) ئایە تی ٢٦١ سورە تی بە قەڕە.

٢٠) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەرە٣٠٦.

٢١) ئایەتی ٧ سورەتی ئال عمران.

٢٢) مەبەستی ئینقلابی بكر سدقیە لە ١٩٣٦/١٠/٢٩ کە کودەتای سەربازی بەسەر دەسەڵاتدارانی عێراقی ئەوکاتدا کرد لە ١٩٣٧/٨/١١ لە موصل لە سیدارە دراوە

عەلی کەندی / بنوارە ئینسکلوبیدیای مێژوو نامە / چاپی دووەم / ٢٠٠٩ ز ٢٧٠٩ك, چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری و لاوان, هەولێر, بەرگی (٢) ل ٤١٩

٢٣) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەرە٣٤٢.

٢٤) ) وشەی عەرد بە خاك هاتوە گولبژێرێك لە( سەرچاوە ی پێشوو )ل ١٢.

٢٥) لە جیاتی توج رادیوم نوسراوە (گولبژێرێك لە)( سەرچاوە ی پێشوو) ل ١٣.

٢٦) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەرە٣٤٢.

٢٧) ئایەتی ١٢ سورەتی ئال عمران.

٢٨) تەفسیری مەلای گەورە, بەرگی (١) لاپەرە٣٤٩ لە دیوانی حاجی قادر نوسراوە حەوادیساتی، بنوارە دیوانی حاجی قادری کۆیی, س ردار حمید و کەریم شارەزا, چاپی یەکەم, ١٣٩٠,انتشاراتی کوردستان, سنە، ئێران.

Jawad. ali @koya university.org

# تووتن و تووتنەوانی لە کوردستانی باشووردا



**سەلاحەددین حەمە سەعید حاجی سابیر**

مێژووی تووتن بۆ چەند هەزار ساڵێك پێش زایین دەگەڕێتەوە، مرۆڤ تووتنی وەکو بادە و ماددەهۆشبەرەکانی دیکە, بۆ خۆ سەرمەستکردن و بێهۆشکردن و خەم وخەفەت لەبیر بردنەوە، بەکارهێناوە، ئەگەر نەشئە بەخشییەکەی تووتن بە خەون و خەیاڵیش بێ.

(٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین، هیندۆسەکان، خودای دوکەڵیان (god of Chillum) پەرستووە و (٢٠٠٠) ساڵیش پێش زایین، لە نێو مۆمیاکانی میسرییە دێرینەکاندا, پاشماوەی تووتن دۆزراوەتەوە. لە ئەمەریکای باکووریشدا (قەنەی تووتن کێشان), ڕەمزی ئاشتەوایی و سولحکردن بووە.١ کە باس لە تووتن دەکرێ، دەبێ ناوی (کریستۆفەر کۆڵۆمبسChristopher Columbus ) (١٤٩٢) بێنین، کاتێ ئەو بۆیەکەمین

---

١( http://en.wikipedia.org/wiki/Pipe- smoking

جار گەیشتە ئەمەریکای باکوور، بینی هێندێك لە هۆزەکانی هیندییە سوورەکانی ئەوێندەرێ، دوکەڵی تووتن بۆ نەشئەوەرگرتن، لە بۆنە ئاییننییەکانیاندا بەکاردەهێنن. جا دواتر هێنایانە ئەورووپا و لە وێشرا بۆ هەر چوار ئیقلیمی جیهان بلاو بۆوە.٢

هەرچەندە شوێنەوارناس و مێژووناسان، کوردستان بە یەکەم فێرگەی کشتوکاڵی مرۆڤی سەردەمە دێرینەکان ناودەبەن, بەلام مێژووی تووتن و تووتنەوانیمان لە کوردستاندا بۆ ساغ نەبۆتەوە. واش پێناچێ کە جوتیاری کورد زۆر لەمێژبێت تووتنەوانیی کردبێ و جگەرەش نەریتێکی هاوەردە بووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆر کەم لە ئەفسانە و چیرۆك و حیکایەت و بەیت و بالۆرەی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر ڕەنگیشی دابێتەوە مێژووەکەی زۆر کۆن نییە. جگەرە لە کۆڕ و مەجلس و دیوەخانەکانەوە شتێکی باو بووە، ئاووهەوای کوردستان بۆچاندنی تووتن زۆر لەبارە، بۆیە سەرچاوەیەکی باشی داهات بووە و لەناوچە گوندنشینەکاندا چاندویانە و وەرزێرێکی زۆر پێوەی سەرقاڵ بوونە و داهاتیان لێبەرهەمهێناوە، ئەم تووتنەش بە چەند قۆناغێك ئەودەست و ئەودەستی پێکراوە, تاوەکو چۆتە کارگەی جگەرە، واتە جگە لە وەرزێرەکان، کەسابەتی بۆ بازرگان و کرێکارانیشی مەیسەر کردووە.٣

پووختەی شێوازی پشکنینی تووتنە لە چلەکان تا حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو لە کۆیە و شارەکانی دیکەی کوردستان.

لەڕاستیدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە جوتیارانی کورد، بژێوی و گوزەرانیان لەسەر چاندن و فرۆشتنی تووتن بوو، هەرچەندە بە گشتی باری دارایی و ئابووریی جوتیاری کورد هەمیشە نزم بووە. سەرمایەدارەکان، بەچەندین ڕێگە و فرتوفێڵ، دەیانچەوساندنەوە و قازانج و خێروبێری ئەوانیان بۆ خۆیان دەبرد.

هەموو ساڵێك، کە تووتن لە کوردستاندا بەرهەمدەهات و دەگەیشتە دائیرەکانی ئینحیساری تووتنی شارەکان، لە فەرمانبەرە پسپۆڕەکانی تووتن، لیژنەی پشکنین(فەحس) پێکدەهێنرا، کە ژمارەکەیان (٦) کەس بوو، یەکێکیان کەسێکی نافەرمانبەری شارەزای تووتن بوو، وەکو تووتنفرۆشێکی ناسراو، یان تووتنناسێکی کارامە وشارەزا کە جێگەی متمانە بێ. پێوەری پشکنینەکە، لە ڕووی چاك و خراپییەوە شەش پلە (دەرەجە)ی هەبوو:

پلەی یەکەم (ممتاز)بوو.تا خراپترین جۆر کە پلە یان نمرە شەش بوو.


دوای تەواوکردنی پشکنینەکە، هەر توتنەوانەی، دۆسییەی خۆی بۆ دەکرایەوە و دواتر پارەکەی خۆی پێدەدرا.

بنکەی سەرەکیی تووتن فەحسکردنی عیراق, لە بەغدا بوو, سەر بە وەزارەتی (کاروباری باکوور) بوو بە ناوی (ئیدارەی ئینحیساری

---

٢( Judi news.net

٣ ) جگەرە لە جیهانبینیی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، فازیل شەورۆ / د. هاوژین صلیوە (دەستنووس)



تووتنەوانێكی كورد

تووتن)، كه بەڕێوەبەرێكی گشتی خۆی هەبوو. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، لە (٥) پارێزگای عیراق بەڕێوەبەرایەتی، وەكو لق هەبوو، بەناوی:

بنكەی سولەیمانی.

بنكەی هەولێر.

بنكەی دهۆك.

بنكەی كەركووك.

بنكەی كەربەلا ( بۆ وەرگرتنی تنباك).

ئەو پسپۆڕانەی ڕێبەرایەتی و ئامۆژگاریی تووتنەوانەكانیان دەكرد، لە توركیا بەشداریی خوولی تایبەتیان كردبوو بۆ ماوەی ساڵێك، زانیاریی باشیان لەبارەی چاندن و پیشەسازیی تووتن پەیداكردبوو. ئەم ناوانەی خوارە نێردراوی بەڕێوەبەرایەتی دائیرەی ئینحیساری تووتن بوون بۆ توركیا لە ساڵی (١٩٥٧):

صلاح الدین حەمە سەعید حاجی سابیر (هەولێر).

فەتحی شێخ جەمیل ( هەولێر).

ئەنوەر ئەدهەم (سلێمانی).

سولەیمان مەجید ( سلێمانی).

تاهیر مەعروف قەرەداغی ( كەركووك).

ئەمە جگە لەو دەستە پسپۆڕانەی خوارەوە، كە چوونە توركیا و بۆماوەی (٤) ساڵ خەریكی خوێندن و لێكۆڵینەوە و خولی تایبەت بە جیهانی تووتن بوون:

جەمیل عەبدول لەتیف (هەولێر)

ئازاد سائیب (سلێمانی)

كەمال حەمدی (سلێمانی)

حیشمت؟ (سلێمانی)

جا هەردوای گەڕانەوەیان، ئەم پسپۆڕانە، (بنكەی چاككردنی تووتن)یان لە كوردستاندا كردەوە، كە ئەم ناوەی لێندرا: (مەڵبەندی چاككردنی تووتن لە سلێمانی و دهۆك)، كە ئیشەكەیان تایبەت بوو بە چاككردنی تووتنی ڕۆژهەڵاتی و فرجینی. جا ئەم بنكانە لە كوردستاندا كرانەوە:

لە هەولێر: وێستگەی تووتنی حەریر / وێستگەی تووتنی تەقتەق / وێستگەی تووتنی كۆڕێ / وێستگەی تووتنی كویسنجاق / وێستگەی تووتنی ڕەشدور (باڵەكایەتی).

لە سلێمانی: وێستگەی تووتنی بەكرەجۆ / وێستگەی تووتنی زڕگوێز / وێستگەی تووتنی

زەمەقی / مەڵبەندی ئیرشاد لە کەناروێ/ مەڵبەندی ئیرشاد لە دوکان.

لە دەهۆك: وێستگەی تووتنی کفلسن / وێستگەی تووتنی قەرش/ وێستگەی تووتنی گلکا / وێستگەی تووتنی مەهدیە / وێستگەی تووتنی خبزاڤا.

کاری ئەو بنکە و مەڵبەندانە ئەوەبوو، کە باشترین شتڵە تووتن، بەسەر تووتنەوانەکاندا دابەش بکەن و فێری چاندن و چاککردنی ئەم بەرهەمە بە سوودەیان بکەن. بەرهەمەکانیشیان کەرەستەی خاوی هەر دوو کارگەی جگەرە بوون لە بەغدا و سلێمانی.

بەندە، وەکو پسپۆڕێکی بواری چاندن و چاککردنی تووتن، کە بەشداری خولی تایبەتیم لە تورکیا کردبوو، بەسەر گوندەکانی دەڤەری کۆیەدا، بۆ ڕێنمایی و نیشاندانی چۆنیەتیی کشتوکاڵکردنی تووتن، بە شێوەیەکی زانستییانە، دەسووڕامەوە و هاوکاریم بە شێوەی پراکتێك دەکردن.

بێگومان، بەرهەمی تووتن، ڕۆڵی باشی هەبوو لە بوژاندنەوەی بازاڕی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە دوای ساڵی(١٩٧٤)، حکومەتی عیراق، بە ئەنقەست پشتی لەم کەرتە بەقازانجە کرد و نەیەویست جوتیاری کورد و بازاڕی کوردستان سوود لەم بەرهەمە پیشەسازییە ببینن. نەبوونی کۆمەك و وەرنەگرتنی تووتن لە جوتیار و هاوردەکردنی تووتنی بیانی، بوونە هۆی مردارکردنەوەی کشتوکاڵی تووتن لە باشووری کوردستاندا. لە ساڵی (٢٠٠٠)، تووتنەوان (عیسا کەریم)ی مەسیحی, دوایین کەس بوو لە هەرمۆتە- کۆیە تووتنی داگرتووە.

لە کوردستاندا، حکومەتەکانی بەغدا، دوو جار تووتنیان تێکەڵ بەسیاسەت کرد، ئەویش بۆ گورز وەشاندن لە نەتەوەی کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان. جاری یەکەم ، کە لە ساڵی (١٩٤٦) کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، لە ترسی ئەوەی پڕیشکی ئەو بزوتنەوە نەگاتە کوردستانی باشوور, حکومەت هەڵسا بە مەشغولکردنی هەموو خەڵك بە تووتن، ئەوەبوو حکومەت پارەی باشی بە تووتن دەدا، بەو نیازەی پارە بڵاوبێتەوە خەڵکەکە ئاگایان لە کۆمارە نۆبەرەکەی کورد نەمینێ. ئەو ساڵە حکەمەتی عیراق بایی (٢٨) ملیۆن دینار تووتنی کڕی. کە بڕە پارەکە شتێکی خەیاڵییە، چونکە ئەوکات، پارە زۆر بوو ڕەسیدی دینار دابەزی، مسقاڵی زێڕ لە دیناڕێك بووە سێ دینار.

جاری دووەمیش، ئەو کاتە بوو کە شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا، جا بۆئەوەی کارێك بکات جوتیاری کورد بیر لە چاندنی تووتن نەکاتەوە، نرخەکەی زۆر زۆر داشکاند و وای لێهات کەس لێیوەرنەدەگرتن. ناچار جوتیارەکانیش وازیان لە چاندنی ئەم بەرهەمە پیشەسازییە هێنا.

بەڕاستی پشتگوێخستنی ئەم بەرهەمە بە نرخە لە لایەن حکومەتی خۆجێیی خۆمانیش جێگەی سەرسوڕمانە!

# کورتەیەك
# لە زمانی شیعر و شێواز لە شیعری فۆلکلۆریدا



پ. ی. د. ئازاد ئەحمەد

لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، هەوڵی دڵکاریی و بەئەنجام درا بۆ ئەوەی پێناسەیەکی زانستی و پەسەند بۆ فۆلکلۆر بکرێت، ڕایەڵەکانی ئەرك و بنەماکانی بەدیار بخرێن، فۆلکلۆر دامەزرێنرێت. ئەمەیش لەڕێگا و بە ئاکام گەیاندنی چەندین لێکوڵینەوە و توێژینەوەی مرۆیی، کە گرینگیان بەم مژارە داوە هاتۆتە ئاراوە، پنت و بنەمای ڕۆشنبیریی و ئاستی تەکانی فۆلکلۆریان دەستنیشان کردوووە.

هەندێك لەو توێژینەوانە لایان لە زمان و ئەرکی زمان و چالاکی زمانی شیعر و ڕەنگدانەوەی لە فۆلکلۆریان کردۆتەوە، دەبێت ئەوەیش لەبیرنەکەین هەروەك چۆن لە تەواوی پێکهاتە و مرۆڤایەتیی مرۆڤدا، لێکچوون و یەکەیی بەدی دەکرێت، لەنێوان زمانانی گشت بوونەوەرەکانی جیهان و فۆلکلۆریشدا خاڵی بەیەکگەیشتن هەیە، تەنیا چۆنێتی مامەڵەکردن و ڕەنگاڵکردنی بە هزری سەردەمیانە و بەشەپۆلکردنی تەوەرەکانی سوود بینین، لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت.

فۆلكلۆر بریتییە لە : كۆمەڵگەلیی هونەری كۆن، چیرۆك، سەرگوزشتە و ئەفسانەكان، لە هەر وڵاتێك لە وڵاتیانی جیهاندا، چەقی بازنەی كۆمەڵەتاكێكی دیاریكراوی كۆمەڵگایە، بەشێوەیەكی زارەكی لە وەچەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر گوازراونەتەوە، بێگومان لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا هەر وەچەیەك هێندێك شتی تازەی تێترنجاندووە و كەمێكیشی لێ قرتاندووە بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعی تازەدا بیگونجێنێت، ئەم داهێنانەیش ڕەنجی تاكەكەسی نییە، بەڵكو لەناو كۆمەڵگا بەرهەمی كۆمەڵە كەسێكە.


ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت قامكی بۆ درێژبكەین و تیلنیگایەكی بخەینە سەر، پانتایەك و چالاكییەكی زمانە، كە بەناوی زمانی شیعر(فۆلكلۆر) خۆی دەردەخات و ڕووبەری دیتنگایەك دادەپۆشێت.

زمانی شیعر لەناخدا بونیاتێكی پڕ ناخە، وردەكاری ئاوەزیی و نیگایی بەشێوازێكی جوان ڕێكدەخات و بە ڕێوەی دەبات، لە ئەنجامی دیاری كردن و هەڵبژاردن و دۆزینەوەی وشەی گونجاو و گونجاوتر، داهێندراو، ڕایەڵەكانی هەموو دەرەتانەكانی ژیان بە ئایۆنبوون دەكات. شاعیر* خۆی بەدەست وشەوە نادات، تخووبەكانی دەسەڵاتی لەلا پەسەند نییە، چونكە كار و چالاكیی زمانی شیعر بۆ دەلالەتی قووڵیی شیعر دەگەڕێتەوە، شیعریش لە سۆنگەی دەسەڵاتی ئەو زمانەوە هەوڵدەدات : (( ئەو شتە بەدەست بهێنێت، كە لەزمان بەهێزتربێت و شاراوە و ڕەمزەكانی جیهانیش، شاراوەتر و پڕ لەهێماتر بن ))[1]، چونكە شیعری فۆلكلۆریی لە ڕوانگەی شیعر و كار و چالاكییەوە گوزارشت لە واقیعی و ڕاستی دەكات، زۆر كەڕەتیش ئەم واقیعە بەپێی یاسا دەستەبەر ناكرێت، ناچار دەستووری واقیع ڕێگا بە یاسایەك دەدات تا زمانێكی تر بونیات بنێت.

لەپەڕەناوكردن، هەڵسەنگاندن و تێڕامانی فەلسەفییانە بۆ دەقە فۆلكلۆرییەكان، ناوەندێكی تێكچڕژاوی واقیعییانەی دەسەڵاتی سروشت و پڕاوپڕ لە هێماكانی دەرەوەی ئەم قەڵەمڕەوە هەموو نهێنییە پەنهانییەكان بەردیدە دەكەوێت، تەنیا ئێستێتیكا لەخۆناگرێت، بەڵكو كاری پوختە و پڕ لە چالاكی و پیشەیی و بیروباوەڕن، لەگەڵ واقیع و زانست هاوتەریب دەبێت.

لەبەرهەمی فۆلكلۆرییدا، شێواز دیاردەیەكی گۆڕاوە، هەرچەشنە بە توانستی دەسەڵات و شارەزایی شاعیر لە یاساكانی زمان دەردەچێت، تایبەتمەندییەكانی شێواز لەناو شێوازی هەربابەتێكدا، مانایەكی فراوانتر بەڕایەڵەكانی شێواز دەبەخشێت.

شێواز لە فۆلكلۆردا ئاوێتەی هەرپێناسەیەك بێت لە تێكڕای زمانی شیعری و شێوازەكاندا بەجیاوازی تاكایەتییان ڕەگی قووڵی هەیە. بە بەراورد لەگەڵ پێوانە و بەدژبوونی ڕێكخستن، لە هەموو شتە بنەما ئەندازەییەكانی یاسا، یەك ئاستی بابەتایەتی دەردەكەوێت، یان بە هاوسەنگكردن لەگەڵ پێوانە دەنگییەكانی زمانی ڕۆژانە، دووبارە بابەتایەتی خۆی دەنوێنێت، ئەمەیش هەڵگری ئەم ڕاستییەیە لە ئاستی دەلالەتدا، لەناوەڕۆكە جۆراوجۆرەكاندا، یاسایەكی هاوتەریب بە( بابەت ) هەیە، لێرەدا شیعر لەگەڵ زمان، شیعرایەتیش لەگەڵ شێواز سەرچاوە دەگرن و دەبنە هۆكاری دروستبوونی زمانی شیعر، هەموو ماكە بنەڕەتییەكان لەخۆدەگرن. لەو ئاسۆیەوە كە شیعری فۆلكلۆریی دەبێتە بەشێك لە زمان، شیعرایەتیش چەشنێكە لە شێوازگەری، لەم ناوەندەدا زمانێكی شیعری چەكەرە دەكات بەدوای بنەما بنەڕەتییەكانی



ئاگری پیرۆز

خۆیدا دەگەڕێت، بنەما بنەڕەتییەکانیش هەموو ئاسۆیەکی سروشتی و ناسروشتی شێواز دەگرێتەوە، زمانی شیعر دەبێتە هۆکاری پیشاندانی چییەتی و چەندایەتیی شێوازی شیعر، بە دیوێکی تر چییەتی و چەندایەتیی شیعری فۆلکلۆریی لەڕێگای زمانی شیعرەوە ئاشکرا دەکرێن.

شێواز و شێوازگەری لەبواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا لەبارەی بابەتی، ڕەخی ڕووداودیاریکردن لەخۆدەگرێت، چونکە شێوازیکی فۆلکلۆریی نایەتە ناو پانتاییی زانستی شێواز، وەك (لادان) خۆی دەنوێنێت لە شێواز دەردەچێت، لە تێبینی کردندا دەبینین برگەی کورت لە شیعری فۆلکلۆری و چیرۆك پێویستان وەك یەك نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستی برگەی کورت لەشیعری فۆلکلۆریدا بنەمایەکی شێوازی بێت، بەڵکو ئەمە تەنیا ڕووداوی سوکی کێشی شیعری فۆلکلۆرییە، لە ڕاستیشدا ڕاستی هەمەجۆر لە شێوازدا لە سروشتی چۆنێتی نەك چەندایەتی دایە، بەمەبەستی پەیبردن و زوو حاڵیوون و وێناکردن، دیاریکردنی خەسڵەت، دەروازەیەکی فراوانی شیعرایەتییە و لە کاری ئاساییدا پشتی پێ دەبەسترێت. هەروەها (سۆز)یش لەبابەتی فۆلکلۆریدا بۆ ناساندنی شەقڵ و مۆرکی فۆلکلۆر بە ئەدەب و بەرانبەر کردنی بابەتێك لەگەڵ بابەتێکی تر، ڕەگەزێك بە ڕەگەزێکی تر، هاوکار دەبێت.

شیعری فۆلکلۆری لەپێوەندییەکانی دال و مەدلوول، مەدلوولەکان لەگەڵ یەکتر خاوەن شێوازیکی تایبەتن، ئەو پێوەندییانە جۆرێك لەیاساکانی شێواز لەناو دەقدا، زمانی شیعری دیاری دەکات، شێوازگەریش جۆر و چییەتیی پێوەندییەکان ئاشکرا دەکات، حاڵەتیش بەدی دەکرێت. پێوەندییەکان سەرەڕای شێوازی تایبەت بەخشین، دیاردەی نێگەتیفیش دەنوێنن، چونکە بنەماکانی وێنە شیعرییەکان لە فۆلکلۆردا، کە زمانی شیعری فۆلکلۆری پێکدێنن، لە ئالیی شێوازگەریدا جیاکاری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی ئاست و ئاراستەی هەمەچەشنەیی و هەمەڕەنگی ساز بکەن، هۆکاری هەمەچەشنەییان دەبێت، بە تێپەڕاندنی سنووری یاساکانی زمانی ئاسایی، کە لە دەرەتانی شێوازگەریدا بە بەرانبەرکردنی دەقێك لەگەڵ دەقێکی تردا بەدیار دەکەوێت. نابێت ئەوەش لەبیربکەین، کە لەناو گرینگی کرۆکی شێوازگەریدا زمانێکی نائاسایی شیعر هەیە هەر ئەویشە پێوەندییەکان دەستنیشان

دەکات. ئەگەر لەفۆلکلۆردا شیعر نەبێت زمانی شیعر چ ڕەهەندێك بۆ بەهای شیعری فۆلکلۆری دادەنێت، دوورکەوتنەوە بۆ دەرەوەی شیعریش لە فۆلکلۆردا یاساکانی زمانی شیعر لەشێواز و شێوازگەریدا پێگەیان نابێت.

زمان بەگشتی لەبەر ئەوەی پابەندە بەگشت دیاردەکانی کۆمەڵایەتیی سروشتی، بە بەردەوامی لە گۆڕاندا دەبێت، ئەم گۆڕانەیش لایەنئامێزە، چونکە ئەوەی نەگۆڕێت بە تەنیا ))‌:فەرهەنگی زمانە، بەو پێیەی، کە زمان بەبێ دەرهاویشتنی ڕەخێك لەهەموو کار و چالاکیی بەرهەمی مرۆڤی بەشدار دەبێت، بەڵام سیستمی ڕێزمان، بەشێوەیەکی زۆر سیست نەبێت ناگۆڕێت، ئەم دیاردە هێدییەی ڕێزمانیش، بۆ چاکسازی و نوێکردنەوەی بەند و ئاستەکانی ڕێزمان دەبێت))[٢].

لە فۆلکلۆریشدا بواری ڕێزمان بەشداری لایەنێکی گرینگ دەکات ئەویش زمانی شیعری دەقە، کە شێواز و دەربڕین لە بونیاتی ژێربێژی دەکات، لەلایەنی پێکهاتە، یان ژێربێژی، وشە نرخی بۆ دادەنێت و هەڵیدەسەنگێنێت، ئاواز لەڕیتم، وێنە هەستیارە بێ وێنەکانیش دەگرێتەوە[٣].

زمان لە هەموو جۆری چالاکیی مرۆڤی ڕەنگی داوەتەوە، مالینۆفسکی دەڵێت : (( زمان بەتەنیا هۆکاری تێگەیشتن و پێوەندی نییە، بگرە لە کار و چالاکی و ڕەوشتی تاکدا، ئەڵقەیەکی ئامادەباش و بەشدارە، بە تەنیا ئاوەژووی کاردانەوەی بیر و ئاوەز نییە ))[٤]. هەربۆیەشە زمانی شیعر بە بەشێك لە پێشکەوتنی زمانی ئاسایی دادەنرێت، ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆری کارێکی ئاسایی و زیندووە، بەگۆڕانی شێوازیش دادەنرێت[٥].

زمانی شیعر دیالێکتێکە لە زمانی گشتی، ئەو هەڵوێستانەی کە زمانی گشتی لە جێی کار و چالاکی مرۆڤی وەریاندەگرێت گشت دەرەتانێك دەگرێتەوە، ڕووبەری فراوانی ڕازاندنەوەی زمان لەخۆدەگرێت.

لە فۆلکلۆردا، زمانی دەربڕین و هەرەوەزی کۆمەڵ ڕەنگدانەوە و دیاریکردنی جۆری کار، مۆسیقا یان پیشە دەگەیەنێت، وشەکان زۆر بەسانایی لە خولگەی چەمکی چالاکییەکاندا دەخولێنەوە و شەقڵی ئەو ئیشە هەڵدەگرن، کە ئاوێزانی دەبن. زمانی شیعر لە بەیت، گۆرانی، تەنانەت مۆسیقاشدا[٦]، هەمان مۆرك دەگەیەنێت و دەبێتە پەنجەمۆر و لێی دانابڕێت، چونکە جیاکاری هەموو دیاردەیەکی پراکتیکی و چەشنەیی زمان، زمانی دەربڕین و گوزارشت کردن (شیعر)، تێیدا بەشدارە.

زمان، گوزارشت لە دەربڕینی چین و توێژ دەکات هەر لایەنە بۆ ئاکامێك لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت، شوێنی هەڵوێستی کار و جۆری چالاکی ڕۆڵ لە کاری هەمەچەشنەیی زمان ( زمانی دەربڕینی کار ) دەبینێت. لێکۆڵینەوە جیاوازەکان لە بارەی هۆزەکانی ئوسترالیا و هیندە سوورەکانی ڕۆژئاوا، ئاشکرایان کردووە، کە زمانی ڕاوچییەکان لەگەڵ زمانی کوشتوکاڵییەکان، ڕیتم و مۆسیقایان جیاوازە. ئاواز و ڕیتمی دەربڕین زۆر بەهێمنی لەگەڵ جۆری کارەکان هاوسەنگ دەبێت[٧]. ئەم دیاردەیە گشتییە هەر نەتەوەیەك بەپێی تایبەتمەندی زمان و ژینگە و جوگرافیاوە، جۆرێك لە تایبەتمەندی دەربڕینی خۆی هەیە.

ئەگەر لە کەلتووری کوردی بەتایبەتیش فۆلکلۆر وردبینەوە، هەست دەکەین تایبەتییەکی دەربڕینی زمانی شیعر لە کار و هەرەوەزی کوردی بەدی دەکەین،

زمانی شیعری گۆرانی لەجیاکاری جۆری چالاکییدا، نیشانەی دیاردەی هەرەوەزی دەگەیەنێت، بە وێنە : ئاواز و ڕیتمی زمانی شیعری گۆرانی ( دروێنەکردن )، لەگەڵ ئاواز و ڕیتمی زمانی شیعری هەرەوەزی (ساوارکوتانەوە)، دەتوانین بە ئاشکرا هەستیان پێبکەین، هەروەك چۆن ئاوازی زمانی شیعری کاری (بێری)، لەگەڵ ڕیتم و ئاوازی زمانی شیعری (مانگادۆشین) و(پەلەوەڕ دان دان...) لەیەکتری جیاوازن. ئێمە ئەم ڕیتم و ئاوازە بە بنەمای زمانی دەربڕینی تەبایی دادەنێین، چونکە چ لەنێوان یەکەکانی بەشداربووی هەرەوەز، یان لە نێوان کاری تاکی بۆ بەرانبەر قایل کردن هەڵگری بارگەی تەباییيە، لەناو ڤالآی پێوەندیکردندا، بە توانست و گوڕی تەبایی دادەنرێت، پێوەندی تاك بە تاك، تاك بە کۆمەڵ، تاك بە گیانەوەر، سروشت (پتر لە لاوك و حەیران بەرچاوە)، ڕادەگەیەنێت لە داب و نەریتدا وەك یاسایەکی سەرەکی سەیر دەکرێت.[8]

هەروەها زمانی شیعری ڕیتمی مۆسیقای : هەڵپەرکێ، گۆرانی، بەیت، لاوك و حەیران... لەلایەك بە هۆکاری گوزارشتی خۆشی و ناخۆشی دادەنرێت، بنەمای دیاردەی تەبایی، هەرەوەزی و نەریت دەگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە بۆ چەشنی هەریەك لە بابەتەکان نیشانەشن، کە لە ئامرازە سەرەتاییەکانەوە تا کەرەستەی مۆسیقای سەردەم دەگرێتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

* لەهەموو بابەت و لایەنە فۆلکلۆرییەکاندا گەل (میللەت) خاوەنە، ئەرکی تاکەکەسی نییە، بەڵام ئێمە بۆ وردی بابەتەکە لەشوێنی پێویست، وشەی ( شاعیر )مان بەکارهێناوە مەبەستمان کەسە نادیارەکەیە.

١-جان كوهن، بنية اللغة الشعرية، ت : محمد الولي ومحمد العمري، دارتوبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٦، ص : ٢٥ - ٢٦

٢-محمد الأسعد، مقالة في اللغة الشعرية، مؤسسة للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص : ١٤٧.

٣-أرشيبالد ماكليش، الشعر والتجربة، ت : سلمى الخضراء الجيومي، دار اليقظة العربية للتأليف والترجمة والنشر، ١٩٦٣ ص: ٥١

٤-محمد الأسعد، مقاله في اللغه الشعريه، ص : ٣٨ - ٣٧

٥-د.ئازاد ئەحمەد، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپ : دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠١٣، ل : ١٤٩

٦-د. ابراهيم السامرائى، فقه اللغه المقارن، المكتبه العصريه، بيروت، ١٩٦٨، ص: ٥٦

٧-عدنان قاسم، لغه الشعر العربى، ليبيا، ١٩٨١، ص: ٦

٨-د.ئازاد ئەحمەد، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل : ١٥٠

# (١٠٠) مامكا كو هێشتا نەکەڤتینە سەر کاغەزێ




**حجی جعفر**

ل سالا ١٩٨٦من نێزیکی (١٢٦) مامك بناڤونیشانێت (داکو ووندا نەبن)دکۆڤارا کاروان دا ژمارە (٥١)سالا ١٩٨٦ بەلاڤکربون.دوی دەمی دا من ناڤێ سێ پرتووکان هینابون کو ژمارەکا باشا مامکان دناڤ خودا کۆمکربون, ئەو ژی ئەڤە بون :

ئا- دوو مـراری....ب ناڤێ پێزانێ ئالیخانی, ١٩٨٥هـەولـێر ب- کانی...ب ناڤێ ئەحمەد قەرەنی, ١٩٨٤بەغدا

ج- مامکێن کوردی.... ب ناڤێ ئەحمەد عەبدولا زەرو,١٩٨٥بەغدا.

هەروەسا من گوتبو, کو نێزیکی (٣٢٤) مامك دپرتووکا (مامکێن کوردی)دا هاتینە, بیستی ژوان خو دووبارە کرینە. نێزیکی (٢٠٧)مامکا دپرتووکا (دوو مراری..)دا هاتینە, بتنێ ئێك دووەکا خو دووبارە کرینە. نێزیکی



(١٣٤) مامكا د پرتووكا (كانى)دا هاتينه. مامكێت دووبارەبوين دناڤبەينا پرتووكا (مامكێن كوردى) و (دوو مرارى)دا نێزيكى (١٥٠) مامكانه, (٥٠)مامك لگەل پرتووكا (كانى) ژى دووباره دبن, يێت دلەپێت مەدا دمينن, ئەز دشێم بێژم نێزيكى (٤٠٠) چار سەد مامكانه, ئانكو (٤٠٠) مامك نهو دناڤ لاپەرێت ڤان هەر سێ پرتووكاندا هاتينه پاراستن.

مەتەلۆكێت – مامك– كوردى ب گشت نابنه (٧٠٠) مەتەلۆك, ئانكو يێ لوێرێ ماين نێزيكى (٣٠٠)مامكا كو هێشتا نەكەڤتينه سەر كاغەزێ.

ئەڤێت نهو ژى لگەل وان, ئەوێت دڤان سالاندا هاتينه بەلاڤكرن دێ بنه نێزيكى (٢٠٠) دوو سەدێت زەلال, چونكى پريا وان خو دووباره كرينه, ئەڤه هەموو بونه نێزيكى (٦٠٠) شەشسەد مامكان. داكو وندا نەبن, ئەڤێت خوارێ ژى دێ بەلاڤكەين:

١–دەھ برانه, هەر دەھ تێنه دەشتێ, هەر ئێكى فەرشەكێ ل پشتێ. (تلن – تبلن و نينۆكن).

٢–ژهنگڤينى شيرينتره, ژ رساسى گرانتره. (نڤستنه– خەوە).

٣– ترشه, مزه, هنار نينه, يێ دبەحرێ دا, خەواس نينه, ئەو حاكمه, حاكم نييه, ئەو كوليلكه, بهار نينه. (دل)ه.

٤– چوومه شكەفتەكا تارى, تژى تێدا مرارى. (ددانن).

٥– چوومه شكەفتەكا كير, تژى تێدا نێريێت چير. (دەڤ و ددانن).

٦– كانيا ل نزارى, مير و حاكما ئاڤ ژێ ڤەخوارى. (مەمكێت دەيكێنه – چچك). هندەك دبێژن: (كانيا لسەر كەندالى...).

٧– هەڤرست, ژكەڤرى ڤەرست. (پرچا سەرى).

٨– سەرێ وى ل دەڤێ تە, بنێ وى ل دەيكا تە. (مى يە).

٩– هەلبەت هەلبەت, ئاڤا مەزن شلقا ڤەدەت, هندى دبرن كاتا ژخو دەت. (پرچا سەرى يە گاڤا تراشن).

١٠– هەمى دنيا دچيتێ, لێ دەستەكێ لێ ناچيتێ. (گوهن).

١١– وى لايى پەژان, وى لايى پەژان, لنيڤەكێ مۆرى و مەرجان. (چاڤن).

١٢– هێرڤه مله, وێڤه مله, دناڤدا ئێك كولڤله–كۆڤله– (سەره).

١٣– هينى و مينى, يێ ل بەر كوينى, ئەزێ دبينم, تو نابينى. (چاڤن).

١٤– ئەو رەخ ديواره, ئەو رەخ ديواره, يێ لنيڤەكێ سەيێ هاره.(ئەزمان و لامن).

١٥– وى رەخى پەنچەرن, وى رەخى پەنچەرن, لنيڤەكێ مۆرى و مەرجانن. (چاڤن).

١٦- گایێ سۆرێ دگەلیدا گرێدایی. (ئەزمانە).

١٧- یێ لبن مێوەکا سەدانی, ژخودێ پێڤە نزانی. (ژنکا ئاڤزە).

١٨- تەیر شازدە سالا, لسەر هێلینا خو نافرێت, پشتی هنگێ رۆژەکێ ددانە سەر پشتا ماهینێ و نا زڤرێت. (کچە, گاڤا شوی دکەت).

١٩- هەشت میە و دوو بەرنن. (تلێت دەستانە).

٢٠- چوو دکونێڤە نە مارە, چانتك پێڤە نە جووتیارە. (؟)

٢١- سێ سوار تێنو ئەسەر, ئێك چوو ژوو, دوو مانە لبەر. (؟)

٢٢- عەلی خشت, لپشت داتە روینشت. (گییە).

٢٣- ل دۆر تە دزڤرێت لێ تە ناگێت. (دۆخینە).

٢٤- پرا دارین, کۆچا ئاخین, خارنا وێ گیایێ شین. (قەلینە).

٢٥- تشتیکێ منۆ تشتۆ.... ب هەمی تشتەکیڤە دنسێت. (ناڤە).

٢٦- قەسرا دوو دەر, ژبنی تێهەلچووم, لسەری هاتمە دەر. (کراسە).

٢٧- پاتکە بێ سەر, پشتە بێ زگ, دەستە بێ پێ. (چاکیتە).

٢٨- زەر زەرە, نە زەعفەرانە, نڤیسیە نە قورئانە. (زێرە).

٢٩- ل کەرەکی سیار دبیت روح تێنە, دوو بەرانا دخوت هەستی تێنە. (زارۆکە دەما دلاندکێدا مەمکێت دەیکا خو دمێژیت).

٣٠- مەلایێ ب لنگەکی, چوو شەڕێ گوندەکی. (تەڤرە - قەزمە).

٣١- بەرەك ل سەر بەرەکێ, تەیرەك دخوینیت ل دۆلەکێ, کونا قونێ ل نیڤەکێ. (دستارە).

٣٢- گۆلکێ مەلایی, زلەك نەهێلا ل سەرێ چیایی. (شالۆکە).

٣٣- سپێدێ هەتا ئێڤاری, ئاخێ ب سەرێ خودا دکەت و دەردکەڤیت وەکی بویکا. (گێسنە).

٣٤- هۆ دکەت, هۆدکەت, ل دەرێ بازاڕا کاردکەت. (مەقەسە).

٣٥- کەرۆ کەرۆ, کایێ دکەمە بەرۆ, هێدی هێدی دبێمێ وەرۆ. (باگوردانە)

٣٦- هندی بکەنێ, تژی نابیت, هندی بدەنێ, تێرنابیت. (ئاشە)

٣٧- کەڤلێ گایی,دئاڤێ ڕا مایی,نە نمیایی. (سێلە)

٣٨- سندریکا ل سەر سندریکێ, کلیلکا ددەستێ بویکێ. (دستارە).

٣٩- مار حولیسێ دکوورێدا, هەچیێ هات حنکەك لێدا. (جۆهنی یە).

٤٠- چوومە مالکێت ژێری, من دیت ژنا ل سەر مێری, من گوتێ, دێ چ لێکەی؟ گوت دێ ئینمە نێری. (دستارە).

٤١- ژسەرڤە هەلامەت, ژ بنڤە قیامەت, ب تەڕی دبەمێ, ب هشکی تینمە دەر. (تەنویرە).

٤٢- سەر نشیڤا لنك ل هەوا, سپێدێ ڕادبن ژخەوا, کارێ بێریڤانا ئەوا. (مەشکە).

٤٣- لێدا حنك, کەتێ کودك, ژدل بو مەخنك. (مەشکە).

٤٤- دەنێ وێ ل دەنێ تە, گوییێ وێ ل ناڤ ڕیهێت بابێ تە. (مەشکە).

٤٥- کشتو مشت چوو وێرا هە ڕوینشت. (گێسکە).

٤٦- هۆ دکەت, هۆ دکەت, ل دەرێ قوونا تە

دکەت. (دەرزی یە).

٤٧- عەمەرێ لەنگ، چوو چیایی کر دەنگ، دەنگ... (بڤرە).

٤٨- چوومە سەرێ دارەکێ، من قوتا بزمارەکێ، دەنگ چوو هزارەکێ. (بڤرە).

٤٩- هندی بدەنێ تێر ناخوت. (ئاشە).

٥٠- تشتێ منۆ تشتە، ل دویڤ تەرا خشتەخشتە، نە بەرە نە پشتە. (باگوردانە).

٥١- هەرۆ دەیکا تە، قەفتەکا کیرا دشوت. (کەڤچکن).

٥٢- باپیرێ تە، داپیرا تە، دکەتە پشتا خو. (تل و نینۆکن).

٥٣- دبنڤە سپیندارە، دسەردا مەیدانە، سەرێ وێ کۆفیخارە. (تەشیکە).

٥٤- یێ ب سێ لنگا، یارێ ژنکا. (خانکە).

٥٥- تشتۆ--- تشتۆ، ل دویڤ من وەرە، نە کەرە، نە ماکەرە. (باگوردانە).

٥٦- تشتیکێ منۆ تشتۆ، درەقسیت، نە دخوت، نە ڤەدخوت.(تەشیکە).

٥٧- بلبلێ ب هزار دەنگا. (رادیو).

٥٨- دنیا هەمی ل سەر نکلێ وی ئاڤایە. (قەلەمە).

٥٩- تشتیکێ منۆ تشتۆ، تشتەکە هەمی دبنرا دچن. (قەلەمە).

٦٠- من برایەکێ هەی هەرۆ دچیتە مالەکێ. (سێلە).

٦١- چوومە سەرێ دارەکێ، دکەم هشکە هاوارەکێ، سەد مێر تێن ب جارەکێ. (مەلایە دەما بانگ ددەت).

٦٢- نیڤ دتەرا، نیڤ دکەری را، نیڤ دئەردی را. (گەنمە).

٦٣- دەیکا شینە، کچا شیرینە، کچا کچێ یا هارودینە. (مێوا تری یە).

٦٤- بابێ مری، دسێ گلڤلکا وەرکری، ل نیڤا رێ ژبیرکری. (پیڤۆکە).

٦٥- چووم شکەفتەکێ، تژی بزنێت ب شاخەکێ. (مێویژن).

٦٦- هلندر ملندر، کوڕ ژبابێ بلندتر. (رێڤاسە).

٦٧- تشتەکە، مرۆڤ سەرژێدکەت و ژێرا دگریت. (پیڤازە).

٦٨- گرێکا بزمارا، وا لپشت مالا، بۆ جاروبارا. (هنارە).

٦٩- چێل لڤێرە دزێت، گۆلك لوێرا هە خو دهەلاڤێت. (گوندۆرە).

٧٠- مامکێ منۆ، پسمیرێ ب شەبکەکی. (دندکا برنجیە ب پیشکڤە).

٧١- ژڤێرە پێدا، من عەجێبەك دیت درێ دا، کێ دیتیە ماك دزکێ بەرخێ دا. (پەمبی یە).

٧٢- مامکێ منۆ، ماهینا سپی، ریشێت شین. (پیڤازتەرکە).

٧٣- چوومە گۆڤەکا بێ دەر، تژی تێڤە میهێت قەر. (شتیە).

٧٤- مامکێ منۆ، بەحرا سۆرە، ماسی درەشن. (شتیە).

٧٥- هە ژڤێرە هەتا بەرێبهار، هەمی لاوکێت دفنخار. (فلفلە- بیبەر).

٧٦- پیرا تە یا مری، یا دمێزەرێ وەرکری، دکەندالێ سۆر را کری. (شتیە).

٧٧- کەرێ عەتارا، خو سۆرکر ژبەندو گوهارا. (هەلهەلۆکە).

٧٨- تشتێ منۆ تشتە، نە بەرە، نە پشتە.

(نیسکە).

٧٩- مـری دارە, تـابـیت گـۆشـتـە. (قـەسـپـە-خورمەیە).

٨٠- برنجا ب شەلوشەپك. (ئیپراخە).

٨١- سڤۆرێ زەقزەقی, سـەد و بیست و پێنچ تێشکێت دزکی. (هنارە).

٨٢- هاتە مالا مە عنتەر, دوو کورتەکێت دبەر, ئێك سپیە, ئێك زەر. (هێکە).

٨٣- حەیدەرە, سێ قوتك ل بەرە, دوو سپینە, ئێك زەرە. (هێکە).

٨٤- مامکێ منۆ, چاندکا من دوو نان دچنە تێدا. (گویزە).

٨٥- کچا میری سـەد کراسێت لبەر. (سەرکێ کەلەمیێ یە).

٨٦- سـەر سـەیـدە, نیڤ مـەلایـە, بن سۆفیە. (پیڤازتەرکە).

٨٧- قورئانا دنـێ, هەفت مەلا هاتنێ, نە هاتە خاندنێ. (کڤارکە).

٨٨- قەسرا خودێ چێکری, بەنییا کون تێڤەکری. (کولندە).

٨٩- بابێ روونشتی دیوانێ, گونێت وی چوونە کولانێ. (کولندە).

٩٠- هەلەجە هەلەجە, بیست و پازدە دەوزەجە. (کونجینە).

٩١- ئـەز چـووم سـەرێ مـلـەکـێ, من کر هشکە هاوارەکێ, سەد مێر هاتن ب جارەکێ.(توی یە).

٩٢- لەشێ وی رەشە, سەرێ وی کەسکە, دلێ وی سپی یە.(باجانسۆرکە).

٩٣- هۆلەکێ دکەڤریدا پاڤێ ناشکێت, پاڤێ کولەکێ دێ شکێت. (کەزانە).

٩٤- مامکێ منۆ, کێ دیتیە گۆشتێ ب گارس. (هژیرە).

٩٥- مامکێ منۆ, کێ دیتیە خانیێ بێ دەری. (هێکە).

٩٦- مامکێ منۆ, لاوێ زەر یێ دقەسرا سپیدا. (هێکە).


٩٧- تـەیـرەك هـات, نانەك پـات, لێ نە ژرەنگێ زادی. (شانا مێشا هنگڤینیە).

٩٨- تشتەکە, ل دنێ سۆرە, مرۆڤێت وێ درەشن, ب کلیلکێ ڤەدبیت. (شتییە).

٩٩- تشتێ منۆ تشتە, دەرمانێ هەمی تشتە. (خێ یە).

١٠٠- ژ قوونا تە رەشترە, ژ کیرێ تە درێژترە. (باجانرەشکە).

# دەکرێ شانازی بە ڕۆمانەکانمانەوە بکەین؟



ئازاد عەبدولواحید (*)

• دوای ئەوەی ڕۆمان وەك جۆرج لۆکاتش وتی: بووە مەلحەمەی سەردەم و جێگەی بایەخی نەتەوەی جیاجیا و وڵاتانی سەرانسەری جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، لەوە بەدواوە ڕۆمان ڕەونەق و ئەفسوونی لە زۆر ژانر و جسناتی ئەدەبی کەم کردەوە. وای لێهات نەتەوە فەرامۆش کراو و لەبیر کراوەکانیش بەهۆی نووسینی ڕۆمانەوە، توانییان لەڕێی ئەو هونەرەوە سوود لە میراتی کولتووری و کەلەپووری (موروپ)ی خۆیان وەربگرن و کەوتنە ڕۆماننووسین، بەو هۆیەشەوە زۆر هاتنە پێش و ناویان کەوتە ناو ناوانەوە، لەوانەش وڵاتانی ئەمریکای لاتین کە زۆر زوو ناویان چووە سەر نەخشەی داهێنان و تایبەتمەندیی خۆیان لە بواری ڕۆماننووسیندا بەدەرخست. چەند

ساڵێکیش بۆ چەند جارێك گرەوی خەڵاتی نۆبلیان بۆ خۆیان بردەوە، یەکێك لەو ناوە درەوشاوانە (گابریل گارسیا مارکیز) بوو کە بەهۆی ڕۆمانی (سەد ساڵ لە دوورەپەرێزی)یەکەی ناو و ناوبانگێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد و لە کەسێکی نەناسراو و دەستکورت و نەدارەوە، بوو بە کەسێکی بەناوبانگی دەوڵەمەند، کە تەنانەت لەو پارەیەی لە خەڵاتی نۆبڵ و داهاتی ڕۆمانەکانی، یان فرۆشی وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانەکانی دنیا، دەسمایە و سەرمایەیەکی باشی بۆ خۆی پێکەوە نا، کە هەر بەو پارەیە هاوکاریی شۆڕشگێڕانی (کۆلۆمبیا)شی دەکرد.

• لەم ساڵانەی دواییدا عەرەبەکان کە زانیویانە گرنگیی (ڕۆمان) لەچیدایە و دەور و کاریگەریی ڕۆمان لەو سەردەمەدا چۆنە، بە تایبەتی لەدواندنی عەقڵی ڕۆژئاواییەکان و خوێنەرەکانیان، ئێستا وای لێهاتووە بایەخێکی ئێجگار زۆر بە هونەری (ڕۆمان) دەدەن، کە جاری جاران و لە ساڵانی ڕابوردوودا ئەو بایەخەیان پێی نەدابوو، چونکە چاك لەوە تێگەیشتن کە (ڕۆمان) تاکە هونەرێکی سەردەمە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو دەخوێنرێتەوە و پێشوازی لێ دەکرێ، یان دەتوانرێ لە پەنای ڕۆمانێکی جوانەوە، زۆر کێشە و گرفتی شارستانیی مرۆڤ لەو سەردەمەدا بخرێنە ڕوو. ئەمرۆ کار بەوە گەیشتووە کە عەرەبەکان لە ساڵێکدا (٧٠٠) ڕۆمان دەنووسن و چاپ دەکەن، بەردەوام لەناو ئەو ژمارە زۆرەی نووسەرانی ڕۆمان، ناوی نوێ بەدەردەکەون و سەرنجی خوێنەران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە زۆرەی بەرهەمهێنانی ڕۆمان، بایەخیشیان بە بزاڤی وەرگێڕانی لای خۆیان داوە کە چ بۆ وەرگێڕانی شاکارە جوان و نەمرەکان، چ شاکارە تایبەتمەند و داهێنەرەکان قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە، بە تایبەتی ئەوانەی ساڵانە خەڵاتی نۆبڵ، یان هەر خەڵاتێکی جیهانیی وەردەگرن، ئەوانە گەرماوگەرم دەکرێنە عەرەبی و بە هەمان گەرموگوڕییش ڕۆمانە جوانەکانی خۆیان وەردەگێڕنە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا و بە خوێنەرانی جیهانیان دەناسێنن. هەر بەوەندەش ناوەستن عەرەبەکان کە بەردەوام گلەیی و گازاندە و ڕەخنەی توند لە بارودۆخی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و دۆخی داهێنانی خۆیان دەگرن، لەو ژمارە زۆرەی ڕۆمان کە بەرهەمی دەهێنن زیاتریش ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە بارەیانەوە دەنووسن، کار بەوە گەییوە ئێستا نە ڕۆماننووسەکان، نە ڕەخنەگر و لێتوێژەرەوەکانیان ناتوانن و فریای بینین و خوێندنەوەی ئەم هەموو ژمارە زۆرە لە ڕۆمانەکانیان بکەون، هەرچەندە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانە ئەرکی سەر شانی ڕۆماننووس و ڕەخنەگرەکانیانە، چونکە مەیدانی کاری خۆیانە و دەبێ ئاگایان لە هەڵکشان و پێشکەوتنەکانی ئەو هونەرە بێت، هەروەك چۆن ناتوانن و فریا ناکەون ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و باس و ڕەخنەیەی لەبارەیانەوە دەنووسرێن بخوێننەوە.

• کورد لەوەتەی هەیە و بە درێژاییی مێژووی ڕۆماننووسینی خۆی، تا بە ئەمرۆ دەگات، (٧٠٠) ڕۆمانی لە کتێبخانەکەیدا نییە، کە ئەوە بەرهەمی تەنیا یەك ساڵی نووسینی ڕۆمانە لەلای عەرەبەکان، ئەوەشی کە هەیە بەو ژمارە کەمەی بەردەستمان زۆر کەمیان لە ئاستی ڕۆمانێکی زیندوو و کامڵ


و داهێنەرانەی دنیایە، لەگەڵ ئەوەش هەر دەبێ بخوێنرێنەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی خەریکی ڕۆمان و نۆڤڵێت نووسینن، یان هەوڵی نووسینیان دەدەن، ئەوانە لە هەموو کەس زیاتر دەبێ ئەو ڕۆمانانەی بەزمانی کوردی نووسراون بخوێننەوە، کە بەداخەوە پێچەوانەکەی دەبینرێ، ئەوەندەی من ئەوانەم دواندووە زۆر کەمیان نەبێ ئاگاداری ڕۆمان و نۆڤڵێتەکانی ڕابوردووی میللەتەکەیان نین، زۆرجار سەرنجم داوە، بەبێ ئەوەی ئەو ڕۆمان و نۆڤڵێتانەیان خوێندبێتەوە، دەکەونە هێرشکردن و سەروپۆتەڵاك کوتانەوە و گاڵتەکردن پێیان و بە چاوی نزم تەماشایان دەکەن، ئەوانە نەك هەر ئاگاداری یەکە بە یەکەی ئەو ڕۆمان و نۆڤڵێتانە نین و خۆیان لەوە بە گەورەتر و بەرزتر دەبینن بیانخوێننەوە، بگرە بڕیاریان داوە ڕۆمان و نۆڤڵێتی هاوپیشە و هاوەڵ و نووسەرەکانی خۆشیان نەخوێننەوە!

• ڕەخنەی زانکۆیی کە بۆ خۆی ڕەخنەیەکی کاریگەرە و تەکانێکی باش بە بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەدات، لە هەموو وڵاتانی دنیا ئەو جۆرە ڕەخنەیە داینەمۆی تەکاندان و جووڵاندنی ئەدەبیات و داهێنان و بەخشش و نوێگەرییە، لای ئێمە، یان بوونی نییە، یان ئەگەر هەشبێ زۆر لاواز و کرچوکاڵە و لە ڕیزی نەبووندایە. یەکێك لەو نەتەوانەی لێمانەوە نزیکە کە عەرەبەکانن دەبینین لەگەڵ ئەو هەموو سەرکۆنەکردنەی خۆیان لە بواری نووسینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ساڵانە بە دەیان هەزار لێکۆڵینەوەی زانکۆیی لە بارەی ڕۆمانی عەرەبییەوە دەنووسن، ئەو بەرهەم و نووسینانەش چەندی بەزمانی عەرەبییە، ئەوەندەش پتریان بە زمانانی بیانییە. لای ئێمە ئەو تێزانەی (ماستەر و دکتۆرا) کە لە بارەی ڕۆمانەوە نووسران و دەنووسرێن ژمارەیان زۆر کەمە، لەو ژمارە کەمەشدا زۆری ڕووکەش و لاواز و خاترانەی تێدایە. دواتر کە تێزەکەشیان لە بارەی (ڕۆمان) وەردەگرن، پێویستە ساڵانە بەرهەم و بەخشش و بەشدار بوونیان سەبارەت بە ڕۆمان و نۆڤڵێتە نوێیەکان هەبێ، قسە و بیروڕای ڕەخنەیی خۆیان هەبێ و لە بزاڤەکە دانەبڕێن، کەچی بە داخەوە ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ و بەهێزەیان لەگەڵ ئەو دنیایە نامێنێ و تەنیا هۆش و گۆشیان لەلای ئەوەیە ساڵانە لێکۆڵینەوەیەك، دووان بۆ مەبەستی (بەرزبوونەوە- ترقیە)ی پلەی زانستی لە زانکۆ بنووسن، ئەوەش لەبەر پەرۆشی و خەمی داهێنان و خولیا و خەتوورەی بایەخدان بەو ژانرە گرنگە سەردەمیانەیە نەبووە، کە دەکرێ لەڕێیەوە گرفت و کێشە و ناسنامەی خۆمان بە هۆیەوە بگەیەنینە دنیا، وەك لەو ڕۆژانە بینیمان بەختیار عەلی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا) کەی کە کرایە ئەڵمانی و دەنگ و سەدایەکی باشی دایەوە، گوێم لێ بوو لە ڕاپۆرتێکدا یەکێك لە نووسەر و ڕۆماننووسە گەورەکانی ئەڵەمان وتی: (زۆر بە داخەوە بەدرەنگەوە ئەو نووسەرە گرنگەمان ناسی).

• پێش ماوەیەك کە لە بارەی ڕۆمانێکی د. فەرهاد پیربال هەرایەك نرایەوە، ویستم بزانم لە بارەی (ئیرۆتیك) لە ڕۆمان و شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا چی نووسراوە، پەنام بردە بەر فەیسبووك و لە گوگڵ بۆی گەڕام، باوەڕتان هەبێ یەك دێڕم نەدۆزییەوە باسی (ئیرۆتیك)ی کردبێ، کەچی کە بەزمانی

عەرەبی بەدوایدا گەڕام، بە دەیان و سەدان وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبم بە زمانی عەرەبی سەبارەت بەو بابەتە دۆزییەوە و هاتە بەردەست. ماشەڵڵای دەوێ کورد لەبەر شەڕە جنێو و تۆمەت بەخشینەوە، یان بڵاوکردنەوەی سێڵفی و وێنەی چێشتەکانیان کە سێ ژەمە دەیخۆن، فریای کاری سوودبەخش بۆ میللەتەکەیان ناکەون، کە دەبوو ڕۆژانە هەریەکێك لە ئێمە لایەنێك، چەمکێك لە ژیانی کولتووری و کەلەپووریی و شارستانی خۆمان بخستبایە ناو ئینتەرنێتەوە، ئەگەر ئەوەمان کردبا، ئەوە ئێستا دەبووینە خاوەنی ئەرشیڤێکی زۆر دەوڵەمەند، دەمانتوانی بە زمانی جۆراوجۆر هەموو ڕوویەکی گەش و شارستانی میللەتی خۆمان بە دنیا بناسێنین.

• لەو سەردەمی میدیای ئەلکترۆنی، کە ژاوە ژاوێکی زۆری دروست کردووە و پانتاییەکی گەورە و پانوپۆڕی لە ژیانی هەر تاکێکی ئێمە گرتووە، زۆر بە دەگمەن نەبێ بواری بۆ (ڕامان- تأمل)ی نووسەران و داهێنەران نەهێشتووەتەوە، تا پتر بەخشش و داهێنانیان لە بواری شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامەنووسیندا بێ، بۆیە نووسینی ئەدەبی، یان ئەو نووسینەی باڵادەستە و هەیە، (جۆرە جەنگێکە لە دژی ڤالایی و بۆشایی)، کە ئەوەش بەهۆی ئەو ئامێر و کەرەستە تەکنۆلۆژییانەوە دروست بوون، کە پڕن لە تێکست و هەواڵ و چیرۆکی ساردوسڕ، کە هیچ چێژێکیان لێ وەرناگیرێ و ئادەمیزاد بەرەو تەنکاوی فیکری دەبەن، چونکە زیاتر وەك لاشەیەکی مردوو ساتوسەودا و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، کە ئەو جەستە ساردەوە بووانە دانراون توێ توێ



بەختیار عەلی

بکرێن، هەروەك چۆن ڕۆماننووسی خۆمان دەیەوێ بەپێی پیشەی باوی خۆی، مامەڵە لەگەڵ کەرستەی سەرەتایی بەردەستی خۆی دەکات.

• ئەمڕۆکە لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە زۆرە لە ڕۆمانی بەرهەمهێنراو بە زمانی عەرەبی، بەڵام ڕۆماننووسان و ڕەخنەگرانی عەرەب پێیانوایە ئەو ژمارە زۆرە لە ڕۆمان کە بەزمانی عەرەبی نووسراون گرفتێکی گەورەی بۆ دروستکردوون، چونکە ناتوانرێ وەك ژانرێکی ئەدەبی قسە و باسیان لە بارەوە بکرێ، لەلایەك لەبەر نزمیی ئاستی هونەری و تەکنیکی ئەو ڕۆمانانە، یان لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو ڕۆمانانە بوونەتە بەرهەمی بەرهەمهێنانەوەی واقیع بە سادەیی و ساکاری، تەنانەت بوونەتە بابەتێك کە زیاد لە پێویست قاچی لە واقیع ئاڵاوە، تا ئەو

ڕادەیەی بووەتە کەرستەی تۆمارکردنی ڕووداوی ڕۆژانەی واقیع، لە جیاتی ئەوەی ببێتە مایەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی واقیع، چونکە خەیاڵیان تێدا مردووە و فەنتازیای تێدا ونە، کە فەنتازیا بۆ خۆی خوڵقاندنی جیهانێکی دیکەی نوێیە کە دەبێتە جێگرەوەی ئەو جیهانەی ئێمەی تێدا دەژین، لەبەر ئەوەی ژیانی ئێمە بۆ خۆی ژیانێکی سەرسوڕهێنەرە و ئادەمیزادی تێدا دۆشداماو و حەپەساوە، بۆیە پرسیار دەکرێ کە بۆچی ڕۆمان وەك ژیان وا نەبێ؟! بەڵێ دەبێ ڕۆمان وەك ژیان وابێ، بەڵام ئەو پرسیارەش قوت دەبێتەوە کە ڕۆماننووس چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەرستانەی ژیاندا دەکات و دەیانکات بە ڕۆمانێکی هونەریی زیندوو و نەمر؟!

• بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکان پشت بە (بایۆگرافیا) دەبەستن و باس باسی ژیانی تایبەتی خۆیانە، یان لەنێوان بایۆگرافیای خۆیان و کەسانی دی تێکەڵەیەك دروست دەکەن، بەمەش ڕەگەزی خەیاڵ و خەیاڵکردن و فەنتازیا زۆر بە کەمی دەهێڵنەوە. هەندێك جار لە زۆر لە وڵاتەکاندا پشێوی و ئاژاوە و ڕووداوی خوێناوی هەیە کە زۆر زەحمەتە بازیان بەسەردا بدرێ و تێپەڕێنرێن، لەو حاڵەتەشدا ڕۆمان دێت و خۆی خەریکی گوێزانەوەی ئەو واقیعە دەکات کە هێشتا سیما و ڕەهەندەکانی ئەو واقیعە بە تەواوی بەدەرنەکەوتووە و ڕوون نەبووەتەوە، بۆیە پەلەکردنی زۆر لەو بابەتانەی دەکرێنە کەرستەی ڕۆمان دەبینرێ، بە تایبەتی ئەو نووسینانەی لەناو دڵی ڕووداوەکانەوە دەنووسرێن و ناویان لێنراوە (ڕۆمان).

• لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەوەی بیرۆکە زۆر بووە، کاربۆنکاری و قۆپییەکاری و گزی و فزی زۆر لە نێوان ئەوەی ڕەسەنە و ئەوەی ناڕەسەنە هەیە، تەنانەت ئەوانەی خەریکی ئەو کارانەن ئەوەندە وەستایانە و لێزانانە دەیکەن، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێ ڕەسەن و داهێنانەکە، لە ناڕەسەن و دزراوەکە جودا بکرێنەوە، بە تایبەتی ئێستا هەرکەس فێربووە خۆی دێ و کتێب بۆ خۆی چاپ دەکات، بۆ ئەوەش هیچ یاسایەك، بەربەستێك بۆ ماف دانەر و داهێنەران نەماوە، بۆیە زوو زوو ئەو کتێبانەی کە دزراو و ساختەن چاپ دەکرێنەوە و بە ڕیکلامی زۆر و زەوەند خوێنەران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، ئەمە بە بەرچاوی نووسەرەکە و دەزگای چاپەمەنییەکەوە دەکرێ، وەك هیچ ڕووی نەدابێ، ئەوانیش ناتوانن هیچ ناڕەزاییەك دەربڕن، بێجگە لە حەسرەت و ئاخ هەڵکێشان، زەقەی چاویشیان دێ، بۆیە ئەدەبی نوێگەر، یان دەبێ گوزارشت لە ئەزموونێکی نوێی شارستانی بکات، یان دەبێت تەنیا خەریکی چەند بابەتێکی سەیر و سەمەرەی سیاسی بێ، کە ئەزموونی گوند وەك گەمەیەکی ئەدەبی تێدا بەکاردەهێنرێ.

• پرسیاری زەق و گرنگ ئەوەیە: ئایا عەرەب لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا بوونەتە خاوەنی ڕۆمان؟ ئایا بەهۆی ئەو هەموو ڕۆمانەی نووسیویانە دەتوانن بڵێن ڕۆمانی گەورە و گرنگمان هەیە؟ بێ گومان هەر خۆیان وەڵامەکەی بە (نەخێر) دەدەنەوە، چونکە قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان زۆری لە نووسینی هەر ژانرێك، مانای (چاکی) و نیشانەی باشێتی لە جۆر و کوالیتی ناگەیەنێ، بەڵام ئەو دیاردەیە پێویستی

به لێدوان و گەنگەشەکردن هەیە، پێویستە پرسیار بکرێ، ئەگەرچی وەڵامەکان زۆر سەخت و دژواریش بن، لە کاتێکدا کە لەم دواییەدا کۆڕێکی گرنگیان لە هۆڵێکی بچووکدا سازکردبوو، لە هۆڵەکەدا تەنیا (٣٣) کەس بانگ کرابوون، بەڵام بە قووڵیی لە واقیع و ئێستا و ئاییندەی ڕۆمانی عەرەبی دوابوون، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەن جەماوەرێکی زۆر کۆ بکرێنەوە کە لە بنەڕەتەوە پەرۆشی خوێندنەوە و بابەتی ڕۆمان نین، لە کاتێکدا ئەوانە گفتوگۆی قووڵ و جوان و گرنگییان لەبارەی ڕۆمانەوە کردووە. ڕیتشارد باخ لە ڕۆمانی نەورەس جۆناپاندا دەڵێ: (فلیتشەری ئازیز.. باوەڕ بە چاوەکانت مەکە، چونکە ئەوەی چاو دەیانبینێ سنووردار و دیاریکراون، بەڵکو بە عەقڵت بنواڕە و ئەوەی دەیانزانی بە خۆت بیاندۆزەرەوە، ئەوسا دەگەیتە حەقیقەت)ل٨٦.

● دوا پرسیار ئەوەیە: لە کاتێکدا عەرەبەکان کە زۆر لێیانەوە نزیکین بەو شێوەیە لە گرفت و ئاستەنگەکانی ڕۆمانی خۆیان دەدوێن کە ساڵانە بەلانی کەمەوە (٧٠٠) دانە ڕۆمان لە چاپ دەدرێن، بێگومان لە ئێرانیش فارسینووسەکان لەگەڵ ئەو بارودۆخەی نووسەرەکانی تێدا دەژین و ڕۆژگاری تێدا دەگوزەرێنن و بەرێدەکەن کە بە تەواوی دەست خراوەتە بینەقاقای (ئازادی)ی نووسینیانەوە و تەنگەنەفەس کراون، کە (ئازادی) لە هەموو کات و سەردەمێکدا بۆ نووسەران و داهێنەران لە ئاووهەوا بۆیان پێویستترە، لەگەڵ ئەوەشەوە بەهۆی ئەو داوونەریتەی بەدرێژاییی دەیان ساڵ دروستیان کردووە، هێشتا ساڵانە بەدەیان و سەدان (ڕۆمان) بەزمانی فارسی دەنووسرێن، ئەوە بێجگە لەو بزاڤە چوستوچالاکەی (وەرگێڕان)یان کە ساڵانە بەدەیان و سەدان ڕۆمان لە زمانە زیندووەکانی دنیاوە دەکرێنە فارسی، داخوا ئێمەی کورد لەو تەنکاوەی ڕۆشنبیری کوردیدا، لەو ئاوڕدانەوە سەرپێییەی لە هونەری ڕۆمانمان داوەتەوە، لە پاڵیشیدا لەو بزاڤە سەرکزۆڵەیەی وەرگێڕانی ڕۆمان هەمانە، دەتوانین چ بڵێین و لەسەر ئەو نەخشەیەدا چ بۆشایی و کەلێنێك لەو سەردەمی ڕۆمانەدا پڕ بکەینەوە؟ ئایا هەنگاوەکانمان بەپێی پێویست هاویشتووە؟ تا کوێی ڕێگەکەمان بڕیوە، تا بە لەخۆبایی بوونەوە قسە بکەین و بیروڕا بدەین و لەخۆ ڕازی بین؟

* سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان.
وێنەکان لە گۆڤاری ڕامان وەرگیراون





# ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوود خوێندنەوە لە کۆیە



**عەبدولکەریم شێخانی**

کورد، وەکو میللەتێکی موسڵمان، پابەندی تەواوی بە دابونەریت و بۆنە ئیسلامییەکانەوە هەبووە و تا ڕۆژی ئەمڕۆش ڕێزیان لێ دەگرێت و بە پیرۆزیان دەزانێ و لەو پێناوەشدا قوربانیی زۆری داوە و ئەوەی لەو ڕێگەیەشدا ڕۆیشتبێ  بە شەهید دانراوە و پلەوپایەی شەهیدیش لای خوا زۆر بەرزە و لەو دنیا دەچێتە بەهەشت. لە بواری بیر و زانیاریشەوە، چەندان زانای دیار و ناوداری تێدا هەڵکەوتووە، کە خزمەتی ئەو ئایینە پیرۆزەیان کردووە و لە بواری زانست و زانیاریشدا ناو و ناوبانگیان لە ئاسمانی جیهانی ئیسلامەتیدا وەك ئەستێرە درەوشاوەتەوە، کە هەندێکیان بە نموونە دێنینەوە: لەوانە هەر سێ برایەکە کە بە (ابن الاثیر) ناسراون ئەوانیش (محی الدین ابن الاثیر، عزالدین ابن الاثیر، ضیاءالدین ابن الاثیر )، (ابن تیمیە) کە یەکێکە لە گەورە زانا حەنبەلییەکان و (ابن خلکان)، (ابن صلاح الشهرزوری)، (الدینوری)، (الفارقی)، (بدیع الزمان الجزری )، (بدیع الزمان النورسی) و گەلێك زانای دیکە. لە زاناکانی سەردەمانی دواییش (شێخ ئەحمەد کفتارۆ)ی مفتیی گشتیی کۆماری سوریا،(مەلا عەبدوڵای جەلیزادە)، (مەلا محەمەدی جەلیزادەی ناسراو بە مەلای گەورە)، (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) و چەندان زانای بە ناوبانگی دیکە.

لەسەر ئاستی میللیشدا، کورد هەموو ڕێورەسمێکی ئایینی بە ڕێکوپێکترین و جوانترین شێوە بەجێهێناوە. موسڵمانەتیی مرۆڤی کورد نیشانەی دڵسۆزی و بە وەفایی بووە بۆ ئەو ئایینە و ئەمەش لە ژمارەی ئەو هەموو مزگەوت و تەکێیەدا بەرجەستە بووە کە لە شارەکانی کوردستاندا هەبوون و فەقێ و فێرخوازانی ئایینی لەو مزگەوتانەدا خوێندوویانە و بەزۆری خواردن و جلوبەرگیان لەسەر ئەو خەڵکە ئایینپەروەرە بووە، جگە لەوەی کەزۆربەی ئەو مزگەوتانە (وەقف) یان هەبووە، بۆ خەرجیی مزگەوت و یارمەتیدانی ئەو فەقێیانەی لەو مزگەوتانەدا خوێندوویانە. وێڕای ئەوەش زۆربەی زۆری گوندەکانی کوردستان مزگەوتیان تێدا بووە و مەلای تایبەتیی خۆیان هەبووە و ژیان و گوزەرانی مەلا و خێزانەکەی کەوتووەتە سەر ئەستۆی خەڵکی گوندەکە، کە ساڵانە لە شێوەی زەکات و سەرفترە و شتی دیکە ماڵی مامۆستایان پڕ کردووە، ئەمە جگە لە ئازووقە و شتی دیکە کە مامۆستا پشکێکی زۆری بەرکەوتووە، سەرەڕای ئەوەی کە شکارتەی گەنم و جۆ و تووتن و شینایی دیکەیان بە گا و جووتی خۆیان بۆ مامۆستا کردووە و بۆیان ڕەنێو هێناوە. گەلێك لەو مزگەوتانە فەقێشیان هەبووە و ئەرکی ژیاندنی ئەوانیشیان لە ئەستۆ گرتووە. هەرچەندە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان زۆر جار هەر بەناوی ئایینی ئیسلامەوە چەوساندوویەتیانەوە و کوشتارگەیان بۆ ساز کردووە و سەرگەردان و دەربەدەر و ماڵوێرانیان کردووە، لەسەر زێد و گوند و شاری خۆی ڕایانگوێزتووە و گوندەکانیان بەمزگەوتیشەوە بەسەردا ڕووخاندوون، هەروەکو دەربەدەرکرنیان بۆ خوراسان لە ئێران و تورکیا و پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالی بەعسییان لە عیراق، کە تاقە گوندێکیان بۆ دەرمانیش نەهێشتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییانەشدا کورد هەرگیز پشتی لە ئایینی ئیسلام نەکردووە.

لەبۆنە ئایینییەکانی دیکەشدا، کوردی موسڵمان، زۆر پابەندی ئایین بوونە و درێغییان نەکردووە. بۆ نموونە خەڵکەکە، تاڕادەیەك منداڵیش، لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو بوونە و کرێکار لەسەر ئیش و جووتیار لەسەر شینایی و کاری کشتوکاڵی بەقرچە قرچی هاوین، بەو سوورە هەتاوە ڕۆژوویان گرتووە، چونکە بە ئەرکێکی ئایینییان زانیوە بۆ نزیکبوونەوە لە خوا و پاداشتی ڕۆژی پەسڵانێ (قیامەت). لە شارەکانیشدا، چایخانە و چێشتخانە داخراون و تەنیا چەند ژمارەیەکی کەم مۆڵەتیان پێ دراوە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەو میوانانە بووە کە لەو ماوەیەدا بۆ کاروباری خۆیان ڕوویان لەو شارانە کردووە. کە کاتی حەجیش هاتووە، ئەو کوردە موسڵمانانەی توانای داراییان هەبووە، بەرەو ماڵی خوا بۆ حەج چوون. هەرچەندە لەو کاتەدا حەجکردن تا ڕادەیەك گران بووە، چونکە هەندێك جار بە سواری حوشتر، یان بە دەریادا چوون و ڕۆیشتن و گەڕانەوە چەند مانگێکی پێچووە، کە گەڕاونەتەوەش بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دەرگای ماڵەکانیان لەسەر پشت بووە، بۆ پێشوازی لەو میوانانەی ڕوویان لە ماڵی حاجی کردووە و پێویست بە بانگهێشت نەبووە، هەموو کەسێك بۆی هەبووە بچێت، ناسیاو و نەناسیاو و بەرووی خۆشەوە پێشوازییان لێکراوە و حاجی بەوپەڕی بەخشندەییەوە کیسەی خۆی کردووەتەوە و هەزار حاتەمی بەقوربانی

خۆی کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە بەبۆنەی جەژنی قوربان، قوربانییانیی زۆریان کردووە و هەریەکە بەپێی توانای خۆی مەڕ و گوێرەکە و جوانەگایان سەربڕیوە و بەبێ جیاوازی بەسەر خەڵکیان دابەشکردووە، بێگومان ئەو دابونەریتە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. زۆرجار بە بۆنەی گەڕانەوەی حاجی لە حەج، مەولوودیش دەخوێندرایەوە.

یەکێك لە بۆنە هەرە پیرۆزەکان، کە گەلی کوردی موسڵمان بە تاسەو پەرۆشەوە پابەندی بووە و هەر پابەندیشیەتی، جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی(محمد) ی پێغەمبەری ئیسلامە(د.خ)، کە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان و تاکەکەسیش بەجێهێنراوە.

ئیمامی سیوگی دەڵێ: ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنی مەولوود، بەو بەربڵاوییەی کە لەوە بەدوا پەرەی سەند، یەکەم کەس کە بە شێوەیەکی بەربڵاو و ڕێکوپێك بە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) ئاهەنگی گێڕابێ سوڵتان (موزەفەرەدین ئەبو سەعید کۆکبەریی کوڕی زەینەدین عەلی کوڕی بەکتەگین) بووە، لە شاری هەولێر کە بایەخێکی زۆری پێداوە و بەو بۆنەیەوە ئاهەنگی جوان و ڕێکوپێکی گێڕاوە و لەو ڕۆژەدا خێر و خێراتی بەسەر هەژاراندا دابەشکردووە و ئاوڕی لێداونەتەوە. ئیدی بەم شێوەیە بۆنەی جەژنی مەولوود بووە بە نەریتێکی باوی ساڵانە لە کوردستان و هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) ساز دەکرێ. هەرچەندە لە وڵاتانی ئیسلامیی دیکە بەم بۆنەیە ئاهەنگیان گێڕاوە، بەڵام بەو گەرم و گوڕییەی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بەتایبەتی، نەبووە.

ئەوەی لەو بۆنەیەدا من لە کۆیە دیومە، بەو ڕێزگرتنە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، پێموایە لەکەم شوێنی دیکە بەو شێوەیە وا بەرز ڕاگیراوە و بایەخی پێدراوە و ئەو ئاهەنگگێڕانانەی دیومن بە جۆرێك لە دڵ و مێشکمدا چەسپیون کە لە لەبیرچوونەوە نایەن. ئەو ڕۆژە بە شێوەی جەژنەکانی دیکە (ڕەمەزان و قوربان) چێشت و گۆشت لێدەنرا، بەڵام بۆ ئێوارە نەك بەیانییەکەی، خواردنی خۆشیان بۆ ئەو ئێوارەیە لێدەنا و دڵشادیی خۆیان بەو بۆنە پیرۆزەوە دەردەبڕی. هەروەها لەو ڕۆژەدا (١٢ی ربیع الاول )ی هەموو ساڵێك مزگەوتی گەورە دەڕازایەوە و ئەگەر ڕۆژەکەی خۆش بوایە، بە تایبەتیش ئەگەر باران و تەڕ و تووشی و سەرما نەبایە، ئەوا لە حەوشەی مزگەوتی گەورە فەرش ڕادەخرا و بەڕیز خەڵك دادەنیشتن و مەولوودخوێنیش، کە مەلا بوو، لە شوێنێکی دیار دادەنیشت و کەمێك لەولاوە مەقامبێژەکان لەگەڵ دەفژەنەکان دادەنیشتن و گوڵاو بە خەڵکەکە دادەکرا و شیرینی دەبەشرایەوە. بۆ خەرجیی ئەو ئاهەنگە، دەوڵەمەندێك یان چەند دەوڵەمەندێك شانیان دەدایە بەر خەرجییەکەی، بەبێ ئەوەی کەس داوایان لێبکات یان پێیان بڵێ. خوا لێخۆشبوو (عەوڵا جەیدی)ی باپیری (فازیل شەوڕۆ)، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەوبۆنەیە و هەموو بۆنەیەکی دیکەدا دەگێڕا. کاتێك مەولوود دەخوێندرایەوە، دانیشتوان هەموو بێ دەنگ دادەنیشتن. مەقامبێژەکان، بە هاوکارییەکی لەسەرخۆی دەف، شیعری ستایشی پێغەمبەریان بە دەنگێکی خۆش دەگوت. ئەو مەقامانەش، بە زۆری خوا لێ خۆشبوو (مەلائەسعەد) دەیگوتن. هەندێکجار شیعری فارسی، کە زیاتر شیعری (حافزی شیرازی) بوون و هەندێکجاریش شیعری (تصوف) ی کوردی. ئینجا دەفژەن لەپڕ دەفەکەی دەهەژاند و زرەی دەخستە ئەڵقەکانی و دەیزرینگاندنەوە و ماوەیەك بەردەوام

دەبوو، لەپاشان دەستی بە تەنزیلە و مەقامەکەی دەکردەوە. بۆ بەستەکانی مەقامەکەش، چەند دەنگخۆشێکی لێزان، بە دەنگێکی خۆش، بەستەکەیان بەدەف دەگوت. دەفژەنەکانیش بەڕاستی دەفژەنی باش بوون و بە چاکی دەفیان لێدەدا و ئەمە پیشەیان بوو، لە هەموو بۆنەیەکی ئاییندا بەشدارییان دەکرد و زرمەی دەف و لەرینەوەی ئەڵقەکانی جۆرە خواپەرستییەکی ئارامبەخشیان بە دڵ و گیانی ئادەمیزاد دەبەخشی، ئەوەی پێی دەڵێن (لە خواترسی )، پیرۆزییەکی بێ وێنەی بەبۆنەکە دەبەخشی. ئەوەی کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، پیاوێکی هەولێری بوو، کە هەموو ساڵێك لە رۆژی جەژنی مەولوودا دەهات بۆ کۆیە، ئینجا نازانم دەیانهێنا، یان هەر خۆی دەهات و ناوی (سەید ئیبراهیم)ی هەولێری بوو، ئاهەنگەکەی گەرمتر دەکرد. دەفەکەی دەهەژاند و زرەی ئەڵقەکانی تێکەڵ بەگرمەی دەفەکە دەبوو، ئینجا لەپڕ چەقی دەفەکەی دەخستە سەر نووکی پەنجەی شایەتمان(دۆشاومژە) و وەك مەزراح لەسەر نووکی پەنجەی تا ماوەیەك دەیسووڕاندەوە، دوایی لەپڕ بە پانی هەڵیدەدا بۆ ئاسمان، کە دەفەکە دەکەوتەوە خوار هەر بە نووکی پەنجەی دەیگرتەوەو وا بە کوڵ لێیدەدا، دەفەکەی دەخستە ناڵە و خەڵکەکەی سەرسام دەکرد. ئەوانەی بە دەنگە خۆشەکانیان مەقام و شیعری ستایشی پێغەمبەریان دەگوت(د.خ)، بە زۆری مەلا ئەسعەد و فەقێ ئەحمەد بوون، کە بە فەقێ ئەحمەدە کوێرە بەناوبانگ بوو. لەگەڵ مەقامەکانیش بەستەی تایبەت بەو مەقامانە دەگوتران، چونکە هەموو مەقامێك بەستەی خۆی هەیە.. ئەی ئەوە نییە حەزرەتی مەحوی دەفەرموێ :

بە جێیە کوشتنم، سووتاندنم، خاکت بەبا بۆ دام
گوتی ئاهەنگی عەشقی من (مەقاماتە لەگەڵ بەستە)

لەسەر ئاستی ماڵانیش، هەندێك ماڵە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو، لەڕووی داراییەوە، هەر ئەو رۆژە بۆ شەوەکەی مەولوود لە ماڵەکەیان دەخوێندرایەوە، بەڵام مەولوودکردن تەنیا بەند نەبوو بەو ڕۆژە، یان بە ئەو مانگە، بەڵکو چوار وەرزی ساڵ و تائێستاش هەر بەردەوامە و بە بۆنەی جیاجیا مەولوود دەخوێندرێتەوە، وەك: ژنهێنان، گەڕانەوەی ئازیزێك لە دوور، چاکبوونەوەی نەخۆشێك لە نەخۆشییەکەی، مراز حاسڵبوون، یان هەر بۆنەیەکی دیکە. بۆ ئەو بۆنەیەش ئێوارە، بە پێی توانای خاوەنماڵەکە، خواردن ئامادە دەکرا و تا درەنگانێکی شەو بەردەوام دەبوو. لە هاویندا، کە خەڵك لەسەر بانان دەخەوتن، ئەو بۆنەیە لەسەربان بەڕێوەدەچوو، خەڵکی گەڕەك لە ماڵەکانی خۆیان گوێیان لێدەبوو.

مەولوودەکە، نامیلکەیەکی بچووکی چاپکراو بوو و مەلا دەیخوێندەوە. ڕەنگە هەندێك شتی تێدا بووبێ کە لە بنەڕەتدا لە مەولوودەکەدا نەبووە، بەڵکو خەیاڵی نووسەرەکە بۆی زیاد کردووە، وەك دەڵێ : ئینجا خشتێك لە دیواری دەرپەڕی و بە سەر دڵی کەوت و دەستبەجێ حەیاتی ڕەشی لەبەر بڕی. خوا لێ خۆشبوو مامۆستا حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلیزادەی بەڕێز، مەولوودنامەیەکی داناوە کە لەوە بەدوا لەو بۆنەیەدا دەخوێندرایەوە و ئەو شتە ئەقڵ نەگرتووانەی لێ دەرهاویشتبوو. هەروەها مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵی خوالێخۆشبووش مەولوودنامەیەکی دانا بە ناوی (مەولوودنامەی نەوئەسەر)، بەڵام لە ناوچەی کۆیە مەولوودنامەکەی خوالێخۆشبوو حاجی مەلا عەبدوڵڵا دەخوێندرایەوە، کە زۆر لە پێش مەولوودنامەکەی مامۆستا خاڵ نووسرابوو. دوای ئەوە مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەشاد مفتی، دوای سەیرکردنی ئەو

مەولوودنامانەی پێشتر هەبوون، مەولوودنامەیەکی تازەی دانا کە لە هەولێر و دەوروبەری دەخوێندرایەوە.

من خۆم زۆرجار ئەو ئاهەنگە پیرۆزانەم دیوە کە چۆن بەرێزەوە ئەو بۆنەیە بەرێوە دەچوو. مامۆستای مەلا، لەسەر دۆشەگ دادەنیشت و دەستی دەکرد بە مەولوود خوێندنەوە و ناوبەناوێك پشوویەکی دەدا و دەحەسایەوە، ریزێك چا تێدەکرا.. ئینجا نۆرەی مەقامبێژەکان دەهات کە بە زۆری خوالێخۆشبوان مەلا ئەسعەد و فەقێ ئەحمەد بوون، وەك لەپێشەوە باسم کردووە. مەلا ئەسعەد، شیعری فارسی وکوردی بەو دەنگە خۆشەی، کە وەك زیو دەزرینگایەوە، دەگوت و دوای ئەو فەقێ ئەحمەد تێیهەڵدەکرد و دەیچریکاند و تەزبیحەکەی دەخستە ناو لەپی چەپی و لەپی راستی پێدا دێنا و هەندێکجار فەقێ ئەحمەد حەیرانێکی بەسۆزیشی دەگوت و هەردووکیان پێکەوە ئامادەبوانیان دەهێنایە جۆش.. ئینجا نۆرەی کۆرسەکە دەهات بۆ گوتنی بەستەکە کە ئەم بەرێزانە بوون (کاك قادری ناسراو بە قالە کەچەڵ، لەتیفاغا، وەستا حەمەدەمینی کەبابچی کە بە گۆچە ناسرابوو، هەزاران رەحمەت لە گۆڕەکانیان ) بەستەی ئەو مەقامەیان بە ئەدایەکی جوان دەگوت. لەم چەند ساڵەی دوایی – سەبارەت بەخۆمەوە دەڵێم و مەبەستم چلەکان و سەرەتای پەنجاکانە –چەند دەنگخۆشێکی دیکە بەشدارییان لە بۆنەی مەولوود خوێندنەوەدا دەکرد، وەك حەمەدەمین عەباس، باقی مام ساڵح (باقیی حەلاق) و ئەفەندی حەمەدبەگ، بەڵام شەفیقی خەڵەف چاوەش لەو رووەوە پێش ئەوان بەشداریی کرد و ئەو تارادەیەك خوێندەواریش بوو و تا قۆناغی ناوەندیی خوێندبوو.

خوێندنەوەی مەولوودی پێغەمبەر (د.خ)، بووەتە کلتوورێکی پیرۆزی کوردەواری و تا ئێستاش هەر پەیرەو دەکرێ، بەڵام ئێستا رەنگە بەهۆی رووداوەکانی عێراق دوای ١٩٥٨ و دواتریش سەبارەت بە رووداوەکانی دیکەی عیراق، وەك سەرهەڵدانی شۆرشی ئەیلوول و رژێمە دیکتاتۆرە سەرکوتکەرەکەی بەعس و رووداوە کارەساتبارەکانی دیکە، تارادەیەك گەرم و گوریی ئەو جەژنەی کاڵ کردبێتەوە و وەکو جاران بەو شێوە گشتییە ساز نەکرێ، بەڵام گەلی کورد هەمیشە هەر پابەندیەتی، هەرچەندە کە ئەو دەنگخۆشانە یەك لە دوای یەك چوونەتە رەحمەتی خوا، خوا لێیان خۆش بێت.

جاران، هەندێك ماڵ مەولوودیان کردووە و تەنیا ژنیان بۆ ئەو بۆنەیە بانگهێشت کردووە، ئەوانەش کە تەنزیلە و مەقامی ئایینیان گوتووە، هەر ژن بوونە و تەنیا مەولوودخوێنەکە پیاو بووە و جاری واش هەبووە کە ژن مەولوودەکەی خوێندووەتەوە. یەکێك لەو ژنانەی تەنزیلەومەقامی دەگوت (ئامینە) ناوێك بوو، خوشکی (کاکە عەبدورەحمان) بوو و دەنگی زۆر خۆش بوو.

دیسان دووبارە دەیڵێمەوە، کەم شوێن هەبووە وەکو کۆیە بەو رێکوپێکییە و بەو جوانییە، ئاهەنگی مەولوودخوێندنەوەی تێدا ساز کرابێ و ئەو کلتوورە جوانە هەر لە کۆیە دەهات، بەڵام داخی داخانم کە مەرگ ئەو پیاوە دەنگخۆشانەی لەبەر چاو هەڵگرتین و ئەوەی لەو بەرێزانە مابێتەوە تەنیا یادگار و ناوبانگی باشە، کە هەرگیز لەبیرناچنەوە. بۆ نموونە یەکێکی وەکو مەلا ئەسعەد، کە مامۆستای مەقاماتی کوردی و فارسی بوو و سەردەستەی ئەو دەنگخۆشانە بوو، نەیدەهێشت دەنگی تۆمار بکرێ. دەڵێن کە دادەنیشت، دەیگوت بزانن حەمە تەسجیل و مەسجیلی دانەناوە، بۆ ئەوەی دەنگم تۆمار بکات؟!. کاك حوسێنی خاڵە حاجی قادرم، حاجی قادری سەلمە، کە ئامۆزای کاکە

حەمە گەمحانە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا دوو شتی لە بارەی مەلا ئەسعەدەوە بۆ گێڕامەوە:

یەکەم: مەلا ئەسعەد پێی ناخۆش بوو دەنگی تۆمار بکرێ و کاکە حەمە زۆری هەوڵ لەگەڵ دەدا، بەڵام بێ سوود بوو. کاکە حەمە پێی ناخۆش بوو ئەو دەنگە خۆشە بچێتە بن گڵ و وەکو هەموو دەنگخۆشەکانی دیکە و ئەویش شوێنەواری نەمێنێ. تا ڕۆژێکیان دیتم سۆفی محەمەدی قەساب هات بۆ لای و پێکەوە هەندێک چپە چپیان کرد و سۆفی محەمەد ڕۆیشت و کاکە حەمە هات و گوتی: مزگێنیم دەیە، سۆفی محەمەد دەڵێ: مەلا ئەسعەد قایل بووە دەنگی تۆمار بکرێ. هەروەها لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ کاک جەلال جۆبار،لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٦/١/٤، لێم پرسی، چونکە کاک جۆبار لە مەلا ئەسعەدەوە زۆر نزیک بوو، هەرچەندە ئێستا بەداخەوە چاوی نابینێ و گوێی گران بووە، گوتی :

«مەلا ئەسعەد بەزۆری دەهاتە لای من و لە دوکان لام دادەنیشت. کاکە حەمە دەیزانی و چەند جارێک پێی گوتم کە هەوڵێک لەگەڵ مەلا ئەسعەد بدەم، بەڵکو قەناعەتی پێ بکەم دەنگی تۆمار بکرێ، تا سەرەنجام قایلم کرد و ئەوەم بە سۆفی محەمەدی قەساب ڕاگەیاند، چونکە ئەویش هەوڵی دابوو و مەبەستیشی بوو دەنگی مەلا ئەسعەد تۆمار بکرێ و ئەو دەنگە لە لەناوچوون بپارێزرێ. ئینجا حەمە هاتە لام و پێنج دیناریشی دامێ بیدەمە مەلا ئەسعەد. ئیدی شەو چووینە ماڵی سۆفی محەمەد کاکە حەمەش مسەجیلەی هێنا. ئەو شەوە وەستا حەمەدەمینی کەبابچی و فەتحوڵلا محەمەدی ناسراو بە فەتحوڵلای کشتەکانیش لەوێ بوو و یەک دوو شریتمان پڕ کردەوە.» بەم جۆرە ئەو بەربەستە نەما و زۆر جاری دیکە دەنگی مەلا ئەسعەد تۆمار دەکرا.


دووەم : کاک حوسێن گوتی : پێش کۆچی دوایی بە چەند ڕۆژێک هاتن بۆ لام، پێیان گوتم کە مەلا ئەسعەد دەڵێ دێم بۆ چایخانە، با ئامۆزاکەی حەمە شریتەکانی خۆم بۆ لێ بدات تا بە تۆمار کراوی گوێم لە دەنگی خۆم بێت، ئیدی ئەوەبوو هات و ڕێزێکی زۆرم لێ گرت و شریتەکانم بۆ لێ داو بە تاسەوە گوێی لە دەنگی خۆی گرت و دوای ئەوە ڕۆیشت، پاش دوو سێ ڕۆژ کۆچی دوایی کرد و هەزار مەخابن زیانێکی زۆر گەورە لە هونەری گۆرانی و مەقاماتی کوردی کەوت.

گوتیان: داوای کردبوو ئەگەر مرد، جەنازەکەی بەلای چاخانەکەی کاکە حەمەدا تێپەڕێنن و کاکە حەمە گۆرانیی ئەو لێ بدات بە تەواوی دەنگی بەرز کاتەوە و دوو سێ جار جەنازەکەی بەو ناوەدا بسووڕێننەوە، ئینجا بیبەن بۆ گۆڕستان. ئەوە بوو ئەو وەسیەتەشیان بۆ هێنایە دی. هەزاران درووود بۆ گیانی مەلا ئەسعەد و فەقێ ئەحمەد و سێوە و تایەر تۆفیق و پێش ئەوانیش ئەمیناغای ئەختەر و حەنیلە خڕە و حاجییە گەورە و هەموو هونەرمەندانی دیکەی کۆیە، ئەو شارەی کەحاجی قادری نەمر دەڵێ:

لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ
قوبەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ

ئەو شارەی کە هەمیشە سەرچاوەی ئەدەب و هونەری ڕەسەن بووە و لە مەیدانی کوردایەتی و خۆبەختکردنیشدا لە ریزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشاندا بووە. سڵاو و درووود بۆ گیانی شەهیدە (گەشمردە) نەمرە لە ژمارە نەهاتووەکانی. نەمری بۆ ئەو پێشمەرگە و سەرکردانەی، دلێرانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەتە دڕندەکانی داعشدا شەهید بوون.

# ناوچەی قەراج



**عەزیزی مەلای ڕەش**

قەراج، ناوچەیەکی بەناوبانگی سەربەشاری هەولێرە، خاکەکەی ڕاستو تەقەرانە و زورگ و هەوراز و نشێوی نییە، مەگەر بەدەگمەن، دەنا خاکەکەی چەقێنی لێ نابینرێت. وشەی قەراج بەدوو مانا دێت: یەکەم: زەوییەکی ڕاستو پانو بەیارە.

دووەم: قەرەقاج: ئەمەیان دارێکی بچووکی جەنگەڵە، کرمی کەژ بەهۆی ئـەودارەوە قۆزاخە دەکات، لە شوڕەکانی سەبەتەو سەوەشیر دروست دەکران.

سەبەتە تەرحی سینی، پانو پەل بوو، نانی تیری لەسەر دادەنرا، ژێرەوەی درزی تێدابوو، با بە نانەکە دەکەوتو تێك نەدەچوو، گریمان بەگەرمیش لەسەری دانرابایە. سەوەشیر، دەمی بەرینو بنیشی قوتکەیی بووە، سپیاتیی شیرو ماست و پەنیرو کەرەو لۆری لەژێر دادەنرا، لەسەگ و پشیلە دەیپاراست،لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دەرزەکانیانەوە با لەهەرچوار لاوە نەیدەهێشت بەهۆی گەرمیی وەرزەوە هەڵبزورکێتو تێك بچێت .

## بەپیتو بڕشتیی خاکی قەراج

گریمان ئاوی بەگوێرەی پێویست هەبێت، دەغڵی یەکەوسەد دەبڕێت:

١. بۆ وێنە ساڵێك موقەدەم قاسمی برام، مفەوەز شورتە دەبێت لەناوچەی باقرتە، کە ناوەڕاستی دەشتی قەراجە، پنجە گەنمێك لەمەرکەز شورتە شین دەبێتو ئاوی دەدات، حەفتا گوڵ دەگرێت گوڵە گەنمی دەڤەرەکەش لە ١٧ هەتا ٢١ دەنك دەگرێت .

٢. ساڵی ١٩٦٢ من لەگوندی عەتێرە بەپایسیکل هاتوچۆی شارۆچکەی مەخمورم دەکرد، ئەوساڵە باران لەهەوەڵی وەرزەوە زۆر باری، پارچە دەغڵێك لەئاقاری گوندی جوکوژ لەسەر ڕێگام بوو، پنجی دەغڵەکە هێشتا ڕاست نەبوو بۆوە ئەوەندە گەورە بوو جێگەی دانیشتنی بنیادەمێك دەبۆوە، هەرکە کاتی گوڵ گرتنی هات بارانی لێ گرتەوەو گوڵی دەغڵەکە لە تێنوان سەراپا نیوەی سپی بوو، واتا پووچەڵ بوو، دانی نەگرت ! ئەوجا یەکەو بیست و پێنجی بڕی .

باکوری ناوچەی قەراج، زنجیرە چیای قەرەچوغەو لەناوچەی کەندێناوەی دابڕاندووە، زنجیرەکە لەزێ (ڕووباری گچکە هەتا دەگاتە زێی گەورە درێژو نەپساوەیە)، لەئاوڕێژی ناوچەی کەندێناوە (دیبەگە)ەوە بۆ شارۆچکەی مەخمور دەچێتو کێوەکەی شەق کردووە، بەبازاڕگە ناو دەبرێت، گۆیا کاتی خۆی ئاوەدان بووەو بازاڕی هەبووە .

زنجیرە کێوەکە، پێشتر لەڕووباری گچکەوە هەتا بازاڕگە، چیای ڕەشی بڵباسانی ناو بووە، ئەوەی تر چیای مام ڕەش، کەچی بەهۆی عوسمانلیی داگیرکەرەوە ناوی سەراپا بەکێوی قەرەچوخ گۆڕا، وشەکە تورکیەو مانای زۆر ڕەش، کوردیش کردوویە بەکێوی قەرەچوغ .

سەردەمایەك مام هەینی ناوێك چایەخانەی لە زارگەلیەکە دانابوو، من بەدەیان جار لەکاتی ڕێبواریمدا چایەم لێ خواردۆتەوە، کەچی ساڵی (کەرگیرانێ =١٩٦٣) عەرەبی قەراج لەدوای سوپای عێراقەوە ناوچەی قەراجیان تەفرو تونا کردو هاتن مام هەینییان کوشتو چایخانەکەشیان تێکداو ناوچەی کەندێناوەشیان شان بەشانی عەرەبی (حەویجە) تاڵان کردنو پیاوەکانیان یان دەکوشتن، یاخود دەیانگرتنو ژنو منداڵیش پەراگەندەو گوندەکانیشیان هێندێکیان سووتاندنو هێندێکیشیان داگیر کردن.

ئەمە ئەنفالی یەکەم بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی عەرەب بەسەر کوردی هێناوە، پیاوە ئایین پەروەرەکانی هەردوو نەتەوە زاریان لەم ڕووەوە بزموك کراوەو نەك بۆسەنەتیش نەیان پچڕاندووە، بگرە لەبەردێکی گەورەیان خستو توریان هەڵدا نێو گۆمێکی زۆر قوڵەوە. لەڕۆژئاوای قەراج زێی گەورە و لە ڕۆژهەڵاتیش زێی گچکەیە. ئەویان لەباشوری ناوچەکەدا لەڕووباری زێی گچکە دەکاتەوە، کاتی خۆی کوردنشین بووەو ناوی یەکاو بووە. لەبەری باکوری یەکاوەکەوە شارۆچکەیەك بەناوی شەك بنیات نراوە، وشەی شەك مانای خورەخوڕو و شوڕە شوڕی ئاوە، کەواتا ناوی شارۆچکەکە بۆ شوێنەکە پڕبەپێستە، شەك بەم مانایانەش دێت.


١. سپیانی نێری دوو ساڵ دێتە شەکەنێ.

٢. سپیانی مێی دوو ساڵ شەکە مێ .

٣. چۆك ئەژنۆ .

٤. باڵندەیەکی هەراسانکراو .

وام بیستووە کەکاتی خۆی عەشیرەتی بڵباس نیشتەجێی ئەم دەڤەرە بوونە، کەچی عەرەب هەڵی




ڕەشماڵی کوردەواری

بڕیون‌و ناوچە بەدەری کردوون. هەر کەزۆربەی ناوچەی قەراج کەوتە بەر دەستی عەرەبەکان، لەبەر ئەوەی عەمەلمەندە بوونەو نەیاندەزانی کاسبی چییەو خویان هەردەم بەتاڵان و فەرهوودەوە گرتبوو، نەیاندەتوانی بەهۆی زەوی بێمەکەوە خۆیان وەك کوردان بژیەنن، بۆیە دەم زێیەکانیان کە بژێوی ئاسان و پتر بووە هەر زوو سەراپایان داگیر کردووە، واتا خاکی قەراج ئەوەندەی کەوتۆتە سەر ڕووبارەکانەوە عەرەبنشینەو کوردی لێ نییەو بەقەسپ و ماسی ژیاون. دەردەکەوێ پیشەی کورد، هەروەکو ئەمڕۆ بەتەنیا هەر ڕاونراو بووە، بۆ سەقادانی دڵی دوو دڵان کە عەرەب کاسب نەبوونە فەرموو سەیری ئەمانە بکەن:

١. خوالێخۆشبوو حاجی ئەحمەدی پورزام لەگوندی نەبیاوا دەیگوت: ئێمە شوانی کورد لەگەڵ شوانی عەرەبان نانمان بەقەسپ دەگۆڕییەوە .

٢. ساڵی ١٩٦١و ١٩٦٢و ١٩٦٣ من لەئاوایی عەتێرەی عەشیرەتی جبور کە لەسەر ڕووباری گچکەیە مامۆستا بووم، تاکو تەرا لە گوندێکی ٣٠ –٤٠ ماڵیەوە دوان ئەوپەڕی سێیانیان کاسبییان دەکردو گوزەرانیان خۆش بوو، قارەمەندی لەبرسان. دەمرد ڕەمەزانێك پرسیارم لەزۆربەیان کرد: بەم ڕەمەزانە چی دەخۆن؟ دەیانگۆ (خبزو سیلاك)، واتا نان و تۆرکە. شیویان مەگەر بۆ سوننەت بووبێ. ئەوجا نە مزگەوت هەبوو، نەمەلاو نوێژی بەجەماعەت. زەکات و سەرفترەدانیش هەر هیچ، کەچی کوردە هەردەم کاسبییان دەکردو لەسەر زەوییە دێمەکان دەژیان و ژیان و گوزەرانیان خۆش و جووتە هێسترو مێگەلەمەڕیان هەبوو. گوندەکەیان دوو سێ ماڵ بوایە مزگەوتیان هەبوو، هەتا گوندی ٥–٦ ماڵی مەلایان ڕاگرتووە و سەرفترە و زەکاتیان داوەتێ. ئەوجا هەرکات عەرەبەکان دەهاتنە قسان دەیانگووت: (صلات الاکراد عادە لا العبادە!). ئەوگوندە عەرەبانەی کەوتوونەتە سەر زێی گچکە لەبەری قەراج ئەمانەن: (ساتك، خازر، عەتێرە)، هەرسێکیان کوردینە. ساتك لەساردەوە وەرگیراوە. خازر، ڕووبارێکە لەباشووری کوردستان بەمانای سەگیش هاتووە. منداڵ بووم،بەبیرم دێ دوو سەگی گەورە لەگوندەکەمان بوو ناویان گومر و خازر بوو. وشەی عەتێرە جۆرە کوارگێکە. لەدوای ئەم سێ گوندانە ئەمانە دێن: (سلوە، العلیە، سلوە الوستا، سلوە السلفی، سلوە حجی جاسم) ناوی ئەمانە داوگەمیر بووە تەعریب کراون، شارۆچکەی شەکیش کراوە بەناحیەی زاب لەدەڤەری ڕووباری گەورە نەمگوزەراندووە بۆیە نەمتوانیوە خۆمی لەقەر بدەم.

# گۆڕانی کلتور



د. هێمن عەبدولحەمید شەمس
زانکۆی کۆیە - ف: پەروەردە -
بەشی زمانی کوردی

گۆڕان، کردەیەکی داینامیکییە، بریتییە لە دروستبونی جیاوازی لە سیستەمێك یان لە دیاردەیەکدا، بە جیاوازیی کات و شوێن. هەر دیاردەیەك لە ئێستادا، بەرهەم و ئەنجامی ئەو گۆڕانانەن کە لە ڕابردودا بەسەریداهاتون. هیچ شتێك و دیاردەیەك، بە درێژاییی کات، وەکخۆی نامێنێتەوە و جیاوازیی تێدا دروستدەبێت و دەگۆڕێت، جا گۆڕانەکە کەم بێت یان زۆر، دەشێ ڕیشەیی بێت و دەشێ ڕوکەش بێت. هەمو ئەو سیستەم و دیاردانەی کە ئێستا هەستیان پێدەکەین و تێیاندا دەژین، جۆر و شێوەیەکی تریان هەبووە لە ڕابردودا (کە دەشێ ڕابردویەکی دور یان نزیك بێت)، لە داهاتوشدا وەك ئێستایان نامێننەوە.

گۆڕان، دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە و بەشێکە لە سیستەمی ژیان، هیچ دیاردە و سیستەمێك لێی بێبەش نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە مرۆڤدا، ڕەفتارێکی خۆویستە، یان ڕێژەیەکی زۆری ئارەزومەندانەیە، بە مەبەستی گۆڕینی دیاردە و سیستەمێك بە یەکێکی تر. گۆڕانی کلتوریش بە مانای گۆڕانی کۆمەڵایەتی دێت، کە هەمو پێکهاتە و بەشەکانی کلتور دەگرێتەوە، بە ڕێژەی جیاواز.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی، واتا دورکەوتنەوە یان وازهێنان لە بۆچونێك یان ڕەفتارێك، کە کەسێك یان کۆمەڵێك پێوەی پەیوەستن، کە دەشێ بۆچونێك یان ڕەفتارێکی دیکە جێگای بگرێتەوە، یان بەبێ جێگرەوە بێت. هەروەها پەیوەستبونە بە بیروڕایەك یان ڕەفتارێکی تازە، کە لە ڕابردودا ئەنجامی نەداوە و پێیەوە پەیوەست نەبووە.

کلتور، هەمو ئەو وێنا و چەمك و دابونەریتانە دەگرێتەوە کە جیهانبینیی کۆمەڵێك بۆ ژیان و دەوروبەری پێکدەهێنن(١). هەروەها کلتور بە هەمو توخمە پێکهێنەکانییەوە، لە ڕێگەی پەروەردە و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ هزری تاك یان کۆمەڵ دەگوێزرێتەوە و شوێنی خۆی لە شانەکانی مێشکی تاك و کۆمەڵدا دەگرێت، بەشێوەیەك کە هەر شانەیەك توخمێك لەو توخمانە لەخۆ دەگرێت و نوێنەرایەتیی سیستەمە کلتورییەکە دەکەن لە هزردا(٢). هەندێك لە پسپۆڕان پێیانوایە، کلتور و بوهێڵە بۆماوەییەکان (جینات)، هاوشێوەن، چونکە سیستەمی یاسا و بنەماکان لە زنجیرەی بوهێڵ (جین) و هەر کلتورێکدا وەکیەکن.

کلتور، کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و باری دەرونی و هەڵچون و جیهانبینیی ئەندامانی کۆمەڵ هەیە، بە ڕادەیەك کە پێکهاتەی کلتوری هەندێ کۆمەڵ، وا لە تاکەکانی دەکات کە توانای بەرگریکردنی نەخۆشییە دەرونی و ژیرییەکانیان لە کۆمەڵێکی تر زیاتر یان کەمتر بێت(٣). جۆری کلتور، تێڕوانینی مرۆڤ بۆ (گەردون و ژیان و پێگەی خۆی تێیدا) دیاری دەکات، تەنانەت جۆری بیرکردنەوە و شێوازی دەربڕینی هەڵچونەکان و شێواز و چۆنیەتیی تێرکردنی پێویستییەکان و تێڕوانین بۆ دادپەروەری و ستەم، ڕەوا و ناڕەوا، دروست و نادروست، پێوەرە ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەکانیش دیاری دەکات(٤). ئێمە پێمانوایە کلتور، بەرهەمی بیری مرۆڤە و دواتر بیری مرۆڤ بەرهەمدەهێنێتەوە. ژیانی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای کۆزانینی هاوبەش (معرفە)، واتا کلتور بنیادنراوە، بۆ بەشداربون لەو کۆزانینە هاوبەشەش پێویستمان بە زمان هەیە کە هەڵگری بیر و کلتورە. ئەو تێکهەڵکێشییە وامان لێدەکات کە بڵێین: بۆ هەر گۆڕانێکی کلتوری؛ پێویستمان بە گۆڕانی بیر و تێڕوانین و جیهانبینیی تاك و کۆمەڵ هەیە. ئەم کردەیەش (گۆڕانی بیر و جیهانبینی)، کارێکی سادە و ئاسان و بێبەرگری نییە، بەتایبەت شەڕی نێوان کۆن و نوێ، لەدەستدانی هەندێ لە پێگە و بەها کۆمەڵایەتییەکان، کێشەی ئاین و پیاوانی ئاینی و...تاد. ئەمانە و چەندان هۆکاری دیکە، کردەکە دوادەخەن و سستی دەکەن و لەمپەری بۆ دروست دەکەن.

فراوانبون یان پێشکەوتنی بەردەوام، سیمایەکی دیار و بەرچاوی بیری مرۆڤە. بە دەربڕینێکی تر، گۆڕانکاری، سیمایەکە زیندوێتیی بیری مرۆڤ دەسەلمێنێت. مرۆڤ، بۆ ئەوەی لەخۆی بگات؛ پێوستە بیر بکاتەوە، چونکە کە بیردەکاتەوە هەست بە بونی خۆی و پێویستییە جۆراوجۆرەکانی و سۆز و ئارەزووە دژیەکانی دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بیرکردنەوە نەبێت، لە خۆمان ناگەین. گومانیشی تێدا نییە بۆ بەرجەستە کردنی ئەو لەخۆگەیشتن و گۆڕان و پێشکەوتنانە، پێویستمان بە کاراترین ئامرازی کاریگەر هەیە، کە زمانە، چونکە هیچ گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نییە، زمان، هۆکارێکی سەرەکیی سەرکەوتنی نەبوبێت. (کۆندیاك) پێیوایە،

زمان و گەشەی زمانی، کلیلی گەشەی ئاوەز و هزری مرۆڤن(٥).

هۆکارەکانی گۆڕانی کلتور زۆرن، لەوانە: پەیوەندیکردن و ئاشنابون بە کلتورە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی و گۆڕانی تێڕوانین بۆ دەوروبەر و ژیان و پێویستییە بەرهەست و دەرهەستەکان و... هتد. (مارگرێت مید) پێیوایە، هەمو کلتورێك لەژێر کاریگەری و هەژمونی ئەو ڕوداوانەدا دەگۆڕێت کە پێشتر بەسەریدا نەهاتون و کۆمەڵ پێیاندا تێپەڕ نەبووە(٦). لە هەمو ئەمانەش گرنگتر بۆ گۆڕانی کلتوری و کۆمەڵایەتی، ئامادەییە (استعداد)، ئامادەییی تاك و کۆمەڵ بۆ گۆڕان زۆر گرنگە، چونکە کردەی گۆڕانەکە خێرا و سست دەکات.

لە کۆتاییدا دەڵێین: بۆ ئەوەی مرۆڤدۆستی و ژینگە دۆستی و ئاژەڵدۆستی و ڕووەکدۆستی و خاوێنی، ببن بە کلتور، یان گۆڕان لە کلتوری ئێمەدا ڕوبدات، پێویستە گۆڕان لە بیر و تێڕوانینمان بۆ مرۆڤ و بەهاکانی و مەرگدۆستی و ژینگەدۆستی و وێرانکاریی ژینگەیی و...هتد دا ڕوبدات. بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لە ڕەفتار و گوفتارماندا ببێت بە کلتور؛ پێویستە بیروبۆچونمان سەبارەت بەم چەمکانە گۆڕانکاریی بەسەردابێت. تاکو دڵسۆزی و خۆشەویستی و خۆنەویستی بکەین بە کلتور؛ پێویستە تێڕوانینمان بۆ گەندەڵی و ڕقوکینە و خۆپەرستی بگۆڕێت. بۆ هەمو ئەمانە و چەندین گۆڕانکاریی ڕیشەییی دیکە، لە بنیادی هزری و کۆمەڵایەتیماندا، پێویستمان بە ئامادەیی هەیە، بۆ گۆڕانکاری لە هەمو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕێکخراوەییەکان، لە پێناو گۆڕان لە کلتورماندا.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١.محمد محمد داود (٢٠٠٩) - جدلية اللغة و الفكر- دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع- القاهرة- ل ٢٦٢.

٢.قيس النوري (١٩٨١) - الحضارة و الشخصية - وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- ل ٢٤.


٣.سەرچاوەی پێشو- ل ١٦٣.

٤.سعد رياض (٢٠٠٥)- الشخصية و أنواعها و أمراضها وفن التعامل معها- مؤسسة إقرأ للنشر و الترجمة- القاهرة- ل ٧٩ - ٨٠.

٥.کسپە ئەبوبەکر عەلی (٢٠١١)- پەیوەندیی بیر و زمان لە کوردیدا- نامەی ماستەر- زانکۆی سلێمانی- ل ١٢.

٦.قيس النوري (١٩٨١) - الحضارة و الشخصية- وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- ل ٥٥.

# شێواز و ڕێگەکانی توێژینەوەی مەیدانی



ئا: پیرداود مەخمووری

لە پێناو بە زانستکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کەلەپووری میللیمان, وابەباش دەزاندرێ چەند هەنگاوێکی سەرەتایی هەیە بۆ هەر پڕۆژەیەکی توێژینەوەی فۆلکلۆری بگیرێنەبەر. ئەوانەی لە مەیدانی فۆلکلۆر و کەلەپوری میللیدا کاردەکەن, دەبنە دوو بڕ: بڕێکیان ئەکادیمییانە و تایبەتمەندانە کاردەکەن و پشت بەسەرچاوەی دۆکیۆمێنتی و چەسپاو دەبەستن، بەشەکەی دیکەیان ئارەزوومەندن و خۆشەویستییان بۆ فۆلکلۆر خۆبەخشانە و بەبێ پڕۆگرام و بنەمای زانستی کاردەکەن. هەردوو لاشیان جێگەی دەستخۆشین، بەلاّم لەگەڵ هەندێش بەو واتایەی نا لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستی پشتگوێ بخرێ.

گەورەترین ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە دێنە ڕێگای توێژەری فۆلکلۆری نەبوونی پڕۆگرامێکی تۆکمەو دروستە، کە ئەویش خۆی لە توێژینەوەی مەیدانی دەبینێتەوە، چونکە توێژەر ناگاتە ئەنجامێکی ڕاست و تێرو تەسەل ئەگەر خۆی, مەیدانی, کارەکانی ئەنجام نەدات. بۆ ئەم مەبەستەش سەرچاوەیەکی نووسراوی ئەوتۆ لەبەردەستدا

نییە بۆ ئەنترۆپۆلۆژییەکان نەخاسمە ئەوانەی تازە هاتوونەتە مەیدان و لە چۆنیەتیی بابەت کۆکردنەوە و توێژینەوەی زانستی سەرەدەری باش دەرناکەن و هاوکاریی باشیش ناکرێن.

مامۆستایان و پسپۆڕانی شارەزا لە بواری فۆلکلۆر و ئەنترۆپۆلۆژیا, قوتابییەکانیان تەنیا فێری بنەماو هێڵە گشتییەکان دەکەن, بەمەبەستی پتر شارەزابوون پشت بە خۆیان ببەستن, بۆ ئەوەی ئارەزووەکانیان قوڵتربێت و لەپێناو زیاترکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان. گەڕانی مەیدانی, شارەزایی و زانستیبوونی فۆلکلۆر پتر دەکات و ئەم بەردەوامیی لێکۆڵینەوانەش دەبنە بنەما و پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

زانایانی بواری فۆلکلۆرو ئەنترۆپۆلۆژیا, بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و بۆ ڕێگە نیشاندانی ئارەزوومەندان و بەهرەداران و فۆللکۆرپەروەران, هەوڵیاندا کە چەندین سەرچاوەی نووسراو سەبارەت بە زانستی فۆلکلۆر و چۆنیەتیی کارکردنی مەیدانی بۆ توێژەران دابنێن و لە چاپ بدەن، لەپێش هەمووشیان ئەو کتێبە پڕ بەهایەی (تۆماس ویلیامز)ە، کە لەژێر ناوی (پرۆگرامەکانی توێژینەوەی مەیدانی)یە, ساڵی (١٩٦٧) لە زانکۆکانی ئەمەریکا لە چاپدراوە و ئێستاش باشترین سەرچاوەیە بۆ کاری مەیدانیی ئەنترۆپۆلۆژیا و فۆلکلۆر.

هەنگاوهەڵینان بەرەو توێژینەوەی مەیدانی پێویستی بە چەند خاڵێکی گرنگە کە توێژەر بیانهاوێژێ, لەپێناو گەڕان و تۆمارکردن و لێکۆڵینەوە و خاڵە خواستراوەکان کە دەبێ بەرنامەڕێژیی بۆ بکرێ و ئەو خاڵانە دیاری بکات کە تاکە کەس یان تیپی دەستەجەمعی و هاوکاری بەشداری لە توێژینەوەکەدا دەکەن, بە مەبەستی ئەوەی توێژینەوەکە کامڵ و هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە و سەرکەوتوو دەربچێ و لە ماوەیەکی دیاریکراوی قیاسی جێبەجێ بکرێ، خاڵەکانیش بریتین لە:

*هەڵبژاردنی شوێنی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە.

*ئامادەکردنی بیبلۆگرافیا و سەرچاوەیەکی توێژینەوە.

*دابینکردنی خەرجیی تایبەت بۆ توێژینەوە.

*ئامادە باشی و مەبەستی گەڕان.

*سەفەر و گەیشتن بە شوێنی دیاریکراو.

*خۆ ئامادەکردن بۆ چارەکردنی کێشە و گرفتەکان لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا.

*دابینکردنی ئامێری پێویست لە (تۆمارکردنی دەنگ، وێنە، گەیاندن، نووسین).

*دابەشکردنی کات و زەمەنی توێژینەوەکە.

*هەڵبژاردنی کەسایەتی بۆ گفتوگۆکردن و پرسیارکردن.

*پرسکردن بە کەسانی بەرپرسی ئیداری و ئەمنی.

*ناسین و پرسکردنی کەسانی زاناو ناسراوی ناوچەکەو بواری توێژینەوەکە.

*هەڵبژاردنی باشترین و ڕاستترین سەرچاوەی باوەڕپێکراو.

*ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتیی ناوچەکە.

*هاندان و ئامادەباشی و ڕاگەیاندن.

*ئاگاداری و مەبەست لە توێژینەوەکە بۆ کەسانی پەیوەندیدار.

*دابینکردنی خۆراک و شتی پێویست بۆ ماوەی

توێژینەوە.

هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی شوێنی تایبەت بە توێژینەوەی فۆلکلۆری هەنگاوی یەکەم و خاڵی سەرەکیی کاری مەیدانییە و واش بەباش دەزاندرێ کە ئەو شوێنە کۆمەڵگەیەکی بچووك بێت و ژمارەی دانیشتوانەکەشی کەم بێت. بۆ ئەوەی توێژەری فۆلکلۆری بە ئاسانی و بە ماندووبوونێکی کەم بتوانێ لە هەموو لایەن و بوارەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگە بچووکە بکۆڵێتەوە. مەبەست لە کۆمەڵگەی بچووك بەو واتایە نا کە فۆلکلۆریستان و توێژەرانی فۆلکلۆر ناتوانن لە کۆمەڵگەیەکی فراوانی چەند ملیۆن کەسیدا کاربکەن، توێژەری ئارەزوومەند بۆ ئەوە کار دەکات تاوەکو بتوانێ لەلایەنە شاردراوەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی بگات، بۆ ئەوە نییە کە پلەیەکی زانکۆیی وەدەست بێنێ، تەنیا لەبەر ئەوە کاری توێژینەوە ئەنجام دەدات، چونکە خۆی بەبەشێك لە کۆمەڵگەی خۆی دەزانێت. هەڵبژاردنی کۆمەڵگەیەکی کەم بۆئەوەیە کە کارکردن تێیدا ئاسانە و بەساناییش دەتوانێ ئەو کەسانە ببینێ کە لە توێژینەوەکەیدا بەشداری دەکەن و پتر سەرچاوەی راست و دروستی دەست دەکەوێ، بەزۆریش فۆلکلۆرستان و ئەنترۆپۆلۆژییەکان لەو کۆمەڵگەیەدا کاردەکەن کە پەیوەندییان بەجیهانی دەرەوە و کۆمەڵگەی فراوانەوە هەیە. خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ کە دوای دەستنیشانکردنی شوێنی توێژینەوە دێت ئەوەیە کە توێژەر بیبلۆگرافیای ئەو هەنگاوانە ئامادەبکات کە لەسەریان دەدوێ، بۆئەوەی کەموکورتیی نەمێنێ و ئەو خاڵانەی باش هەڵسەنگاندبێ کە دەیەوێ لێیان بدوێ و خوێندنەوەیەکی باشی بۆ باری ژیان و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایینی و تەندروستی و زانیاریی تەواوی هەبێت لەسەر پیشە ناوخۆییەکان و کاری دەستی و فۆلکلۆرییەکان، هەروەها چاویش بەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەدا بخشێنێتەوە کە بەر لەو ئەنجام دراون، پاشان توێژەر دەبێ هێڵە گشتی و تایبەتییەکانی توێژینەوەکەی بزانێت و چاویان پێدا بگێڕێتەوە. ئامادەکردنی بیبلۆگرافیا و ئەتلەسی کارکردن لە مەیدانی فۆلکلۆردا ئاسانکاریی زۆری دەبێت بۆ توێژەر و توێژینەوەکە.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ، ئامادەکردنی پڕۆژەی توێژینەوەکەیە، کە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

*ئەو کارانە چین کە توێژەر دەیەوێ بە ئەنجامیان بگەیەنێت؟

*چۆنیەتیی ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

*ئەو توێژینەوانە چین کە بەر لەم کارەی ئەنجامی داون؟

*خەملاندنی ئەو خەرجییانەی کە بۆ توێژینەوەکەی خەرجی دەکات.

*کاتی پێویست بۆ توێژینەوەکەی، لە ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە تا کۆتاییی کارەکانی.

خاڵێکی دیکە کە توێژەری سەرکەتوو پێویستە کاری لەسەر بکات، خەرجیی توێژینەوەکەیە، کەوا بەشێوەیەکی تەقدیری ئامادە بکرێ، کە لە پڕۆژەکە بەگشتی سەرف دەکرێت. هەرچەندە خەرجی لە توێژەرێك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازیی هەیە و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام توێژەران لە ئەنجامی شارەزاییی خۆیان دەتوانن ئەو برە پارەیە

بخەمڵێنن کە لە پڕۆژەکە خەرج دەکرێت. وا بەباش دەزانرێت کە توێژەر لە حیسابی خۆی خەرجیەکان نەدات، بەڵکو پێویستە حکومەت یاخود دەزگایەکی پەیوەندیدار بڕی تێچووی گشتی هەڵبگرێ و سەرپەرشتیی بکات، بەندو خاڵەکانیش جێبەجێ بکات کە ئەمانەن:

*خەرجیی سەرفکردن بۆ شوێنی مەبەست و گەڕانەوە.

*هاتوچۆکردنی چەند هەرێمێك و ناوچەیەك بۆ بەراوردکردنی توێژینەوەکان.

*خەرجیی خواردن و ئازووقە.

*خەرجیی نیشتەجێبوون.

*دیاری و خەڵات بۆ بەشداربوانی جێبەجێکردنی پڕۆژە.

*خەرجیی ئامێرو پێداویستییەکانی (دەنگهەڵگر و وێنە و کاغەز و قەڵەم و نەخشەی پێویست).

*خەرجیی پەیوەندیکردن و پۆستە و گەیاندن.

*گۆڕان و هەڵکشان و داکشانی نرخی کەلوپەل و بازاڕ.

*(٪٤٠ )ی تێچووی پڕۆژەکە ئامادە باشی بۆ بکرێ.

خاڵێکی دیکەی توێژینەوە, بریتییە لە ئامادەباشی بۆ لێکۆڵینەوەکە, بەتایبەتی لە ڕووی ئەمنی و شارەزاییەوە، ئەگەر توێژەر شارەزای ناوچەکە نەبوو. پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی زانیارییان هەبێت و کار ئاسانییان بۆ بکەن. توێژەر دەبێ بە شێوازی تایبەتی خۆی ڕاهێنان لەسەر ناوچەکە بکات و خۆی لەسەر دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ئەو شوێنە ڕابێنی.

توێژەر دەبێ پەیوەندی بەو دەزگاو شوێنانەوە بکات کە لە ناوچەکەدا هەن و دەناسرێن، بۆ نموونە، پەیوەندیکردنی توێژەر بە شوێنەوارناس و پیاوانی زانا و بەساڵاچوو زۆر پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی کاری هەڵکۆڵین و نووسین و زانیاریی ڕاست و دروست وەرگرتن. ڕەفتاری ڕۆژانە و هەڵسوکەوتی توێژەر لە ناوچەکەدا, خاڵی هەرە سەرەکیی سەرکەوتنی توێژەرە لە توێژینەوەکەیدا، کە لە کاتی نیشتەجێبوونی توێژەر لەو ماوەی کە بەپەسەندی دەزانێ, ڕەفتاری ڕۆژانەی دەبێتە هەوێنی سەرکەوتن و بایەخی پڕۆژەکە. پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەردانیان دەکات و بەردەوام لەگەڵیدا دەبن و سەرنجی هاوڵاتییانیان لەسەرە. هەروەها توێژەر پێویستە لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکە پەیوەندیی هەبێت, تاکو لە هەموو ڕوویێکەوە هاوکاری بن، کە دەچێتە گوندێکی بچووك, سەرەتا, سەردانی پیاوماقوڵ و ناسراوەکانی ئەوێ دەکات، وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانە و ئەنجومەنی گوند پیاوی ئایینی، بۆ ئەوەی یارمەتیی تەواویان لێ وەرگرێ و پەیوەندییەکانی فراوانتر بێت، نابێ پەیوەست بێت بە چەند کەسێك. هەروەها ئەو شوێن و دوکان و چایخانانەی ڕۆژانە لێیان دادەنیشێ و کەلوپەلیان لێ دەکڕێ، گەلێ جار پێویستی بە خەرجیی لابەلا دەبێ، لەبەرهەندێ پێویستە ئاگاداری خەرجییەکانی بێت. بۆ نموونە حەقایەتخوان یان بەیتبێژ یاخود گۆرانیبێژ داوای خەرجی و پارەی لێدەکەن، بۆیە پێویست دەکات ئەو برە پارەیە بدات ئەگینا کارەکانی بە باشی بەمەرام ناگات. هەرچەندە ئەمجۆرە پارەدانە کاریگەریی نەرێنیی دەبێ و گرنگیی

فۆلکلۆر کەم دەکاتەوە و دەبێتە کارێکی بازرگانی و هەستی نەتەوەیی کەم دەکاتەوە.

ڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوەی هاوولاتیانی ناوچەکە لە گرنگیی پڕۆژەکە و مەبەستی توێژینەوەکە کارێکی ئەرێنی دەبێ. پێویستە کۆکردنەوە و توێژینەوەی فۆلکلۆر بەمیراتی میللەت بزاندرێ و لەم سۆنگەیەوە بۆی بچێ. سەرەتای کاری توێژەر زۆر هەستیارو پڕ زانیارییە، لەبەر ئەوە توێژەر دەبێ سوود لەو ماوەیە وەرگرێ و زیرەکانە هەموو زانیارییەکان تۆمار بکات کە دێنە بەردەستی، پاشان ڕاستی و باشەکان لە کز و گومانلێکراوەکان هاوێر بکات. هەروەها لە هەندێ شوێن و ناوچەدا، دەبێ توێژەر ئامێرەکانی دەنگ و وێنەگرتن بەکارنەهێنێ یاخود دەبێ بیانشارێتەوە نەبادە کەسانێك هەبن نەیانەوێ دەنگیان یان وێنەیان بگیرێ و پاشان کێشەیان بۆ دروست نەبێت. لەسەر توێژەر پێویستە هۆی بوونی لەنێو ئەو کۆمەڵگەیە بۆ خەڵکان ڕوونبکاتەوە، بۆئەوەی تێبینی و ئینتیباعاتی خۆیانی بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەو کێشانەی کە دێنە بەردەم توێژەر و دەبنە ئاستەنگ لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی زۆرن، بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی داخراو، چونکە ڕێگەکانی هەمووی گوڵرێژ نەکراون و لەمپەرو ئەستەنگی زۆر دێنەپێشی.

زۆرجار کەسێك یاخود چەند کەسێك، ڕێگەنادەن زانیاری لە باوکیان یان لە پیاوێکی پیر وەربگیرێ، خەڵکانێك هەن گومان لە توێژەر دەکەن و بە جاسوسی دادەنێن و وازەن دەبەن کە بەفێڵ هاتۆتە ئەم ناوچەیە، بۆیە زۆر پێویستە توێژەر ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات و بە هەندیان وەربگرێ.

خاڵێکی زۆر گرنگ و هەستیار هەیە، ئەویش دوورکەوتنەوەی توێژەرە لەبواری ڕابواردن و شتی لابەلای وەکو (مەی خواردنەوە و قومار و ئافرەت...) کە ئەمانە دەبنە هۆی نەڕازیبوونی خەڵکانی موحافیزکار و پاشان کارەکانی لە گۆمەڵگە پێچەوانەی لێدە کەوێتەوە. خاڵێکی دیکەی نەرێنیی(سلبی) توێژەر کە کێشەی لێدەکەوێتەوە ئەوەیە کە توێژەر نابێ زۆر هامۆشۆی مالان بکات، بۆ وێنەگرتن و نانخواردن و تێکەلاوبوون، ئەمە دەبێتە هۆی لەدەستدانی کاتی دیاریکراوی ڕاپەڕاندنی توێژینەوەکەو کارەکانی بە باشی پێ ئەنجام نادرێ و سەرکەوتوو نابێ. توێژەری سەرکەتوو ئەو کەسەیە کە کاتی ڕێك و دروست هەڵبژێ بۆ تۆمارکردنی دەنگ و زانیاریوەرگرتن، بۆ نموونە توێژەر دەبێ بزانێ کابرایەکی جووتیار چ کات و ساتێك دەستی بەتاڵەو هیچ کارێك ئەنجام نادات ئەو وەختە باشترە بۆ زانیاری وەرگرتن، بەزۆریش زانیاریی وەرگرتن لە ڕۆژانی بێکاری و شەواندا دەبێت.

# چیرۆك و چیڤانوكێن كوردی

# تزبیێن هارون رەشیدی



عبدالرحمن بامەڕنی/ دهوك

دبێژن (شەهبەندەرێ) شامێ كورەك هەبو, ناڤێ وی عەلاددین بو, روژەكێ عەلاددینی گوتە بابێ خوە: ئەز دێ ڤێجارێ دگەل بازرگانێن تە چمە كرین و فروتنا، هندی شەهبەندەری گوتێ تو یێ بچویكی و تو روینە خارێ و تە سەربور نینن، بەلێ عەلاددین هەر یێ رژد بو كو بڤێ چەندێ رابیت و تا روژەكێ مەزنێ بازرگانا (محەمەدێ فەنان) بازرگانیا خوە درست كرین و شەهبەندەری ژی دەوارێـن عەلاددینی بو, دانە باركرن و شیرەت لێكرن و كرە دبن چاڤدێرییا محەمەد فەنانی ڤە، كاروانیا دا رێ و نێزیكی بەغدا بون و دەوارێن خوە و بازرگانیا خوە ل نێزیك بەغدا دانان و گوتنە ئێك ئەم دێ ئەڤ شەڤە لڤێرە دانین و تا سپێدێ دچینە ناڤ بازێرێ بەغدایێ.

دەنگ و باسێن دانانا ڤێ بازرگانیەتێ ل نێزیك بەغدا, گەهشتنە سەیدوی و سەید و سەرلەشكەرە و خەلكی ژی دشەلینیت، سەیدوی زەلامێن خوە دانانە دویڤ خوە ب سەر ڤی بازرگانیەتی دا گرتن بو شەلاندنێ، دەما چاڤێ محەمەد فەنانی ب سەیدوی كەتی زانی كو ئەو دەست بەتال ژوان ڤە نابیت، رابو ب پێش ڤەچوو و گوتێ سەیدو ئەز دێ بو تە وەك خەراج (پێنج هزار زێرا) ژ بازرگانا خرڤەكەم، سەیدوی دەستێ خوە دا شیرێ خوە و دسینگی راكر

و د پشتا وی دەرئێخست، سەیدوی دەنگ ل زەلامێن خوە راکر و گوتێ هەمیان بکوژن و کەسەك ژێ نە مینتە ساخ، زەلامێن وی ژی بناڤ بازرگانا کەتن و ڤی بکوژە و یێدی بکوژە. عەلاددین شیا خوە دبن هندەك تشتان ڤە ڤەشێریت و کەسێ نەدیت. پشتی هەمی کوشتین و ئەو مالیەت هەمی راکرین و بو سەیدوی ئینایێن، سەیدوی گوتە دوو کەسان  هەرن باش سەحکەنێ، نەکە ئێکی خوە ڤەشارت بیت و نە هاتبیتە کوشتن،  پاشی بێژتە (هـارون رەشـیـدی) و هینگێ ئـەم هەمی دێ هێینە کوشتنێ. دوو زەلام چـوون سەحکەنێ ڤە و هندی گەریان کەس نە دیت و گوتنە ئێك کو سەیدوی بڤێ رێکێ دڤێت وی مالیەتێ خرەکێ بو خوە بتنێ ببەت و زڤرینە دەف سەیدوی ڤە و گوتێ مە کەس نەدیت و کەس نەمایە ساخ.

سەیدوی گوتێ هەوە باش لێنەگەریایە و هەر گاڤا کەسەك مابیت ئەڤە ئەم هەمی بدەستێن هارون رەشیدی هاتین کوشتن، گوتی ئەز بخوە دێ چم سەحکەمێ و هین هەرن مالیەتی ببەن، سەیدو زڤری ڤە و هندێ گەریا کـەس نەدیت و وەك کتکان چاوا خوە لبەر مشکان دڤەنیسینن، دناڤبەینەکێدا عەلاددینی گوهێن خوە ڤەچنین و چ پێژن گوهـ لێنەبون، ژ جهێ خوە دەرکەت و چاڤێ سەیدوی ڤێکەت و گوتی: ما من نەگوت نوکە هەر کەسەك مایە و نە هاتیە کوشتن، دەست دا رما خوە و قەست کرێ، عەلاددین رەڤی و دەڤ و دەڤ بعەردی کەت و سەیدوی رما خوە داوەشاندێ و سەرێ رما وی ب بەرەکی کەت و رما وی ڤە پەشی ڤە و هات بسینگێ وی کەت و سەیدو دجهـ دا کوشت.

عەلاددین پشتی ژ دەستێن سەیدوی رزگار بوی و ما بەرێخوە دا جلکێن خوە کو ژ خوینێ یێن سور بوین، رابو جلکێن خوە دسەر خوە دا ئینان و رویس قەستا مزگەفتێ کر و چوو خوە دناڤ چەند حێسیلێن مزگەفتێ دا ڤەشارت، دیت کو ئەڤە مەلا هات و پاشی زەلامەك یێ ددویف رادهێت و گوتێ مەلا تە چ رێك بو من دیتن (کچا مەلای یا لدەف زەلامی و یا بەردای و مەلای گوتێ دڤێت ئەو ژن ل کەسەکێ دی بهێتە مەهر کرن دا تو بشێی لخو بزڤرینی ڤە لدویڤ شریعەتی)، مەلای گوتێ مانێ تە ژنکا خوە یا بەردای و دڤێت ئێك وێ ژنکێ مەهر بکەت و نەختێ وێ سێ سەد زێرن و هەر گاڤا وی زەلامی دماوێ سێ روژان دا نەختێ وێ سێ سەد زێر ئینان، دێ ئەو ژنك بو وی بیت و هەر گاڤا نەشیا نەختێ وێ بینیت، وی دەمی دێ ژنکێ بەردەت و دێ پاشی هینگێ شێین لتە مەهر کەین.

چاڤێ وی  زەلامی ب عەلاددینی کەفت و دیت کو زەلامـەکـی یا خـو  دنـاڤ حێسیلا را ڤەشارتی و دیتن کو یێ بیانی یە و نە خەلکێ ڤی بازێری یە و یێ بێ سەروبەر و هەژارە، وی زەلامی گوتە مەلای هەما ئەم دێ لڤی مەهر کەین و ئەو هەر نەشێت سێ سەد زێرا دسێ روژان دا خرڤەکەت و یێ غەریبە و نە خەلکێ ڤێ دەڤەرێ یە ژی، ئەڤ سوحبەتە بو عەلاددینی کرن و گوتێ پشتی سێ روژا دێ ژنکێ بەردەی و دێ ئەز بیست زێرا ژی دەمە تە.

عەلاددینی ئەڤ سوحبەتە ژ دەڤێ وان گوهلێ بو و رازیبونا خوە دیارکر و مەلای کچا خوە کو وی زەلامی بەردا بو ل عەلادینی مەهر کر و ب شەڤێ چاڤێ کچا مەلای  ب عەلاددینی کەفت، ئەڤ لاوێ هوسایێ دەلال و نە بدلەکی و ب سەد دلان دلێ وێ کەفتێ و ددلێ خوە دا

گوت ئها بلا مروڤ شوی بکەسەکێ هوسا بکەت، زانی ژی کو لدویڤ سەروبەرێن وی نەشێت سێ سەد زێرا نەختێ وێ خرڤەکەت و دێ ژێ هێتە بەردان، ئینا ددلێ خوە دا گوت پا ئەز هەرناهێلم تو نزیکی نڤینا من ببی و رابو دەست دا تەمبویرا خوە و دەنگێ وێ ژی گەلەك یێ خوەش بو، تومبویر لێدا و سترانێن خەمگین گوتن.

(هارون رەشید) و (جەعفەرێ بەرمەکی)، هەردووکا جلکێن بابە دەروێشا یێن کرین بەرخوە و یێن بناڤ باژێری کەتین، کا چ هەیە و چ نینە، گوهێ خوە ددەنێ کو دەنگێ هندەك سترانێن خەمگین بدەنگێ ژنەکێ یێ ژ مالەکێ دهێت و مروڤی هەر دڤێت گوهێ خوە بدەتی، هارون رەشیدی گوتە جەعفەرێ بەرمەکی دا بچینە ڤێ مالێ و گوهێ خو بدەینە ڤی دەنگی و ل دەرگەهی دان و گوتێ هین کینە گوتێ ئەم بابە دەروێشین، کچا مەلای گوتێ بابە دەروێش دئازادن و وەرنە دژوورڤە. روینشتنە خارێ و کچك هەر یا سترانێن خوە دبێژیت و هارون رەشیدی گوتە جەعفەرێ بەرمەکی تو پسیاران ژ کورکی بکە و ئەز دێ گوهێ خو دەمە ڤان ستranان و ئەڤ سترانە دخەمگینن و هەمی ژی ژ دلەکێ تژی عەشقن.

جەعفەری دەست هاڤێتە پسیاران ژ عەلاددینی کرن و عەلاددینی چیروکا خو هەمی بو جەعفەری گوت تا چوویە دمزگەفتێ ڤە و چیروکا ڤێ ژنکێ و بەردانا وێ بو هاتە گوتن و ئەڤ ژنکە لوی هاتیە مەهرکرن و گوتیێ ئەگەر سێ سەد زێرا دسێ روژان دا وەك نەختێ وێ بو پەیدا نەکەت، دێ ژێ هێتە بەردان و ژبەر هندێ هەدوو دخەمگینن.

دەما دەرکەتین هارون رەشیدی گوتێ ئێ وی کورە جەحێلی چ گوت، تە نەزانی کا وێ ژنکێ بوچی ئەو سترانێن تژی عەشق و خەمگین دگوتن و ئاخفتن ژ کورکی ژی نەدهات و هەردوو هوسا دخەمگین، تو دزانی دلێ من تا نوکە ژی ژبەر وان ناهێتە دەرێ. جەعفەرێ بەرمەکی ژی چیروکا وی هەی بو گوت و دلێ هارون رەشیدی گەلەك ما پێڤە و گوتی ئەز دێ سێ سەد زێرا و سێ حێشترا دەمێ و جەعفەرێ بەرمەکی ژی گوتێ ئەز دێ دوو سەد زێرا و دوو حێشترا دەمێ و چوونە قەسرا خوە و سپێدێ زوی ل سەر زمانێ شەهبەندەرێ شامێ کاغەزەك نڤیسی و دا دەستێ کەسەکی و گوتێ ڤێ کاغەزێ و ڤان تشتان بگەهینە عەلاددینی، دەما ئەو خلام هاتی و کچا مەلای بو دەرگەهـ ڤەکری و کاغەز ژێ وەرگرتی و زێر و حێشتر بو ئینابن، کەیفا وان گەلەك هات و کچا مەلای شنوی خوە د عەلاددینی وەرکر و رابو سێ سەد زێر برن و چوو دریا مزگەفتێ دا و بابێ وێ یێ مەلا هات و کچکێ گوتێ ئەڤە نەختێ من. شنوی کچا مەلای مالا خوە ژ مسك و عەمبەران رەشاند و کەیفا هەردووکان هات و دەست دا سترانێن کەیف و خوشیێ.

جارەکا دی هارون رەشید و جەعفەرێ بەرمەکی جلکێن بابە دەروێشا کربونە بەرخوە لناڤ باژێری دگەریان، هاتنە نێزیك مالا عەلاددینی و گوهێ خوە ددەنێ کو بدەنگەکێ خوەشتر سترانێن کەیف و خوەشیێ یێ ب سەر خانی ڤە دچن، ل دەرگەهی دان و گوتنێ ئەو کیە، گوتێ ئەم بابە دەروێشین گوتێ دەروێش دئازادن و دەرگەهـ بو ڤەکرن و هاتنە دژوور ڤە و روینشتن و کچك هەر یا سترانێن خوە دبێژیت و دناڤبەینەکێدا هەر سێ رابونە داوەتێ، هارون رەشیدی گوتە کچکێ خوشتر بێژە و عەلاددینی لێ حەیتاند و

گوتێ خوه بێدەنگ بکە، یا بکەیفا خوه یە, وێ چاوا بڤێت دێ وەسا سترانێن خوه بێژیت، هـارون رەشید ژڤێ گوتنا عەلاددینی زەڤەر بو و چوو ژ دەرڤە دەست ئاڤەکێ، جەعفەر بەرمەکی گوتە عەلاددینی تە چاوا وە گوتێ و ما تو نزانی ئەو هارون رەشیدە و دێ تە کوژیت، ڤێجا خو درێکا وی دا درێژ کە و بخو داخازا لێبورینێ ژێ بکە، هارون رەشید هات و عەلاددینی بخو داخازا لێبورینێ ژێکر و هارون رەشیدی گوتێ من تو عەفوکری و خاترا خوه ژێك خاستن و چوون.

کچا مەلای گوتە عەلاددینی ئەڤ خوشیا بو مە پەیدا بوی دێ هـارون رەشید ژ مە وەرگریتە ڤە و گەلەك بخەم کەتن، وان هندد دیتن کو دوو ئێلچیا ل دەرگەهی دان و گوتنێ کو هارون رەشیدی یا گوتی بلا بهێت، عەلاددین ژی گەلەك ژ خوه ترسیا و دەما گەهشتی، هـارون رەشیدی گوتێ بابێ تە ل شامێ چ کار دکر، عەلاددینی گوتێ کو شەهبەندەر بو و هارون رەشیدی گوتێ ژ نوکە وێڤە تو شەهبەندەرێ منی و ما ل سەر وی کاری تا دەمەکێ درێژ و روژەکێ هارون رەشیدی پسیار ژ جەعفەرێ بەرمەکی کر و گوتێ چ دەنگ و باسێن عەلاددینی هەنە، گوتێ کو ژنکا وی یا مری و حالێ وی گەلەك یێ نەخوش بوی پشتی مرنا وێ.

هارون رەشیدی گوتێ هەرە بو جاریەکا گەلەك جان بکرە و ئەو ژی چوو بـازارێ فروتنا جارییا کو لوی سەر دەمی ناڤ و دەنگێن جارییێن خراسانێ ژ هەمیا پتر دچوون، دەما پسیارا جاریا هاتیە کرن کا چ جارییێن جان ل بازاری هەنە، گوتنێ کو جاریەکا گەلەك جان یا ژ خراسانێ هاتی و جەعفەری پسیارا کرینا وێ کر و حاکمی ژی بو کورێ خوه پسیارا جاریەکێ دکر و ئەو و جەعفەرێ بەرمەکی کەتنە ل سەر ئێك زێدەکرنێ تا ئەو جاری گەهشتیە هزار زێران، دەما حاکمی زانی کو ئەو جاری بو جەعفەرێ بەرمەکی یە و خوه ژ خلامێن خوه زەڤر کر و گوتێ ما هەوە دڤێت هین من و رزقێ عەیالێ من بدەنە براندنێ و خو ژ کرینا وێ جاریێ ڤەکێشا.

جەعفەرێ بەرمەکی ئەو جاری کری و ئینا دەف هارون رەشیدی و گوتێ کو من بهزار دیناران یا کری، هارون رەشیدی گوتێ کا بینە دا سەحکەمێ کا لدویڤ وێ جانییێ یە یان نە و دەما ژ سەر چاڤێن وێ راکرین و سەرودێمێ وێ دیتین، کو گەلەك یا جانە و بەرکەتی یە. رابون جابا عەلاددینی فرێکرن و ئەو جاری وەك دیاری دانێ، تا خودێ کورەك ژ عەلاددینی دایە وێ جاریێ و ئەو کورك گەلەك ب عەلاددینی ڤە دچوو و خو دێ بێژی کەرەکێ سێڤێ یە ژ وی.

کورێ حاکمی ژبەر وێ جاریێ گەلەك بخەم کەتبو و دلمایی ببو، حاکمی گوتێ کورێ من دلێ خو نەهێلە ئەز دێ بو تە وێ جاریێ زڤرینم ڤە، رابو دوو گلولکێن ئاڤرمیشی ئینان و چنگال ئێخستنێ و هاڤێتنە سەر شورها قەسرا هارون رەشیدی و پێڤە هەلچوو و چوو قاسا هـارون رەشیدی شکاند و زێرێن وی کرنە دناڤ بوقچەکێ دا، دیت کو هندەك تزبیێن جان یێ ل سەر دەرێ خزینێ، ئـەو ژی راکـرن و هـات ئـەو زێـر دبن فەرشەکی ڤە دناڤ خانیێ عەلاددینی دا ڤەشارتن و روژا پاشتر بو دەنگ و دوور و هارون رەشید گەلەك شەپلی و قاسا وی یا هاتیە شکاندن و زێرێن وی یێن هاتینە دزین، گوت ئەگەر دزییێن من بهێنە کرن پا دێ چاوا شێم مالیەتا خەلکی پارێزم. حەرەسێن خوه بناڤ بازێری ئێخستن و حاکمی گوتە هـارون رەشیدی کو ئەز دێ

بو تە ددوو حەفتیان دا وی دزی ئاشکرا کەم، حاکمی دحەفتیا ئێکێ دا مالا جەعفەرێ بەرمەکی سەحکر و حەفتیا دوێ هاتە مالا عەلاددینی و گوتە هندەك حەرەسا کا ڤی فەرشی راکەن و دیتن کو زێر هەمی دبوقچکەکێ دانە و لبن وی فەرشی، هارون رەشیدی بریار دا کو عەلاددینی زیندان کەن و جارییا وی ژی دانە کورێ حاکمی وەك دیاری.

دەما کورێ حاکمی جاری بخو بری و وێ شەڤێ دا چیتە دەف، گوتێ تو نزیکی من نابی و هەر گاڤا تە خو نێزیکی من کر دێ فنجانا ژەهرێ ڤەخوم و فنجان دانا سەر دەستێ خوە، کورێ حاکمی گوتێ پا ئەز دێ تە کەمە خداما خداما و رابو قەید ئێخستە پێن وێ و هێلا لناڤ خداما. عەلاددینی دوو دەستە برا دناڤ زابتان دا هەنە و گوتنە عەلاددینی ئەم بو تە چ بکەین؟ عەلاددینی گوتێ: من ژ ڤێرە دەربێخن بەری هارون رەشید من سێدارە دەت. ئێکی ژوان عەلاددین ژ زیندانێ دەرئێخست و برە حیجازێ بو دکانەك لوێرێ ڤەکر و گوتێ لڤێرە بە تا روژەکێ خودێ بو تە دەرگەهەکی ڤەدکەت. هەڤالێ وی یێ دی چوو کەسەکێ دی ئینان جهێ عەلاددینی و دەما برین سێدارەداین، هارون رەشیدی گوتە جەعفەرێ بەرمەکی تو دزانی دلێ من ژبەر عەلاددینی ناهێتە دەر، ڤێجا من دڤێت ب سێدارێ ژی ڤە ببینم، هارون رەشیدی بەرێخوە دا سێدارێ و ئەو مروڤێ پێڤە هاتیە خەندقاندن، هارون رەشیدی گوتی ئەڤە نە عەلاددینە و عەلاددین ژڤی کەسی کورت تر بو، گوتنێ مانێ دەما مروڤ بکنفی ڤە دهێنە سێدارەدان لەشێ وان ژێك دهێتە کێشان و درێژتر خو یا دکەن، هارون رەشیدی گوتێ دێ باشە بەس ئەڤ مروڤە ژ عەلاددینی رەش ترە، جارەکا دی گوتنێ مانێ خوین دلەشێ وان دا هشك دبیت و سەروچاڤێن وان رەش ددیار دکەن.

روژ هاتن و روژ چوون، کورێ عەلاددینی یێ مەزن بوی و حاکمی یێ کریە کورێ خوە, دەما دگەل جاریا دەیکا وی بو کورێ خوە برین، جارەکێ یێ دگەل حاکمی ل خارنگەهێ و دیت کو هندەك تزبیێن جان یێ ددەستێن حاکمی دا و ژێ خاست کو وان تزبیا بدەتە ڤێ، حاکمی گوتێ کو ئەڤ تزبیە زەلامان سێدارەددەن و ژنکان دکەنە خدامێن خداما و پێهنەك دانا کورێ عەلاددینی و هاڤێتە ژ دەرڤە و بگریا ئێخست، دەما زابتێن دەستەبرایێ عەلاددینی ئەو کور دیتین و یێ دکەتە گری، بەرێخوە دانێ کو وەکی عەلاددینێ هەڤالێ وانە و و گوتێ تو بو دکەیە گری و چیروکا خوە و وان تزبیا بو گوت، گوتنە ئێك و دوو خودێ چ تشتا بەرزە ناکەت و ئەو تزبی یێن هارون رەشیدی نە و چوون ئەڤ خەبەرە گەهاندنە هارون رەشیدی و شنوی چوون عەلاددین ئیناو و جارییا وی ژناڤ خدامان بو زڤراندە ڤە و باش کارێ وێ کرن و هارون رەشیدی پتر حەژ عەلاددینی کر و پتر قەدر دایێ.

تێبینی:

ئەڤ چیروکە هاتیە وەرگرتن ژ زاردەڤێ (عبدالرحمن عەبدوللا) یێ بەرنیاس ب عەبدوللایێ کەهرەبای، ئاکنجیێ دەڤەردارییا زاخویە و ژدایکبوییێ ١٩٥٤ ێ یە و خاندەڤایە و هەر وەکو دبێژیت کو ئەڤ چیروکە هەر ژ زاروکینیا خوە ژ زاردەڤێ بابێ خو وەرگرتیە، نوکە کارێ کارەبایێ ل زاخو دکەت.

ڕەهبەر سەید برایم

# کەلەپوور و گڕی نامۆیی



لەبەر ژانی برینێکی پێشمەرگایەتی، لە ساڵی،١٩٩٦ بەمەبەستی چارەسەر و نەشتەرگەری، چارەنووس فڕێیدامە (هۆڵەندا). بەختم هەبوو، پاش چوارده ڕۆژ، پەنابەری سیاسیم وەرگرت و لەکەمپی گازیلۆ لەگەڵ (ئەسعەد عەدۆ)، لەیەك ژوور بوین لە کامپ، هەمیشە قسە و باسی فۆلکلۆر و کلتور و کەلەپوورو و بابەتی ئەدەبیمان دەکرد! هەر ئەو دوو کوردە بووین لەو کامپە!! لەبەر ئازاری لاقم نێردرام بۆ خەستەخانەیەکی تایبەت بە ئێسك و برین لە شاری (هەنگلۆ)، بە زوویی نەشتەرگەریم بۆ کرا. سەرەتا لە نەشتەرگەریەکەدا سەرکەوتوو نەبوون! ناچار ڕانیان هەڵدریم و چی ساچمە و برین هەبوو دەریانهێنا، بە چل و دوو تەقەڵی ورد و ڕێك بێ ئەوەی ئاسەواری پێوە دیار بێت بەجوانی دورییانەوە! بەڵام چوار مانگان بە دارشەق و شەلەشەل هەنگاوم هەڵدەهێنا، لە وڵاتی گوڵ و پایسکل! سروشتی هۆڵەندا هەر لم و ئاو و بەرد و گرد و هەورازی لێ نییە! خۆڵ لە وڵاتان دەهێنن ، شوێن ئاوان وشك دەکەن و ئەوجا ئاوەدانی لێ دروست دەکەن! دیارە هۆڵەندا لە ئاستی دەریا نزمترە!

لەبەر خەستیی شەڕی ناوەخۆ، نەکرا بگەڕێمەوە هەواری کۆن و پیرە هەولێرێ، جگە لەوەش ماڵ و منداڵ ڕەزامەندییان وەرگیرا لە ئاسمانەوە بۆم هاتنە خوار و لە شاری (ئەنیش خەدێ)، لەسەر سنووری هۆڵەندا و ئەڵمانیا، نیشتەجێ کراین.

هەرچەند (غەریبی بە شاهی لەبیر ناکرێ)، دەردی شاعیر گوتەنی (گەر غەریبی چاوم نەبوایە، لەمێژبوو دەرمهێنا بوو)، جا بۆ دەردی دووری و سۆزی نامۆیی و گڕی ئاوارەیی، ئەوروپا بە ڕۆحم ئاشنا نەبوو. بۆ فەرامۆشی، دار و دیواری ماڵەکەم بە کەلوپەلی کوردەواری ڕازاندبۆوە، هەر لە (لباد و مافووری دیوار و خۆرجین و کورتانێکی بچکۆلە و خەنجەر و دەف و جەمەدانی و تاس و کڵاوی کۆییانە و ئاڵا و نەخشەی کوردستان لەسەر مافوور، لەگەڵ بەردێکی ڕەش و خۆڵ و خاکەکەی کوردستانم لەناو شووشەیەکی سەر بە تەپەدۆری جوان و نایابدا دانابوو. هەر میوانێ دەهات، ئەو خۆڵ و خاکەی ماچ و بۆن دەکرد و هەشبوو دەگریا و بەقوربانی دەبوو. ماڵەکەم ناونرا بوو (ماڵی کوردان)، پێیان سەیر و ناوازە بوو، تەنانەت هاوسێ هۆڵەندییەکانیش پێیان سەیر بوو. ساڵانە لە هۆڵەندا بۆ کەلەپوور و کەلتووری گەلان فیستیڤاڵ بەڕێوە دەچێت، یانەی کوردی میدیا لە ئەمستردام، ئەو کەلوپەلە کوردەوارییانەیان لێدەخواستمەوە. بێچاوێنی بێ، چاوی کامێرا هەر لەسەر شتە کوردەوارییەکان بوو!

بابم زۆر نیگەران بوو لە چوونم بۆ ئەوروپا، تووشی گرێ و ئاڵۆزییەك بوو بەرامبەر هەندەران، چونکە مامێکم دکتۆر بوو ( د.سەید ئەحمەد بەرزنجی)، لەبەر دەوڵەمەندی، فەڵەستینییەکان کوشتبوویان! بۆمنیش، هێندەی مۆڵەت پێدا بووم پاش چارەسەر بگەڕێمەوە، درێژە بە خەبات و پێشمەرگایەتی بدەم!

ڕێکەوت دوو ساڵم پێچو، گەڕامەوە بابم نەخۆش بوو، لەسەر تەختی خەستەخانە بوو. لەهەمووی ناخۆشتر، من لە شەڕی ناوەخۆ لە کوردستان نەبووم. کەچی باوکمیان لە خەستەخانەی ڕزگاری لە هەولێر، بە قەرەوێڵەوە دەرکرد و ناردبوویانەوە کۆیە. دوایی جەنابی کاك عەلی عەبدوڵڵا زانیبووی، بردبویانەوە خەستەخانە!.


بابم، زانیبووی گەڕاومەتەوە، خۆشحاڵ بوو، لە هەولێر هاتە کۆیە لە ١٩٩٨/٨/٣، سەعات هەشت و نیو بابم بینییەوە. تەنها دە چرکە چاوەکانی تێبڕیم بە زەردە خەنەوە، بێئەوەی یەك وشە دەربڕێ! کۆچی دوایی کرد. خوا ڕۆحی ڕاگرت تا گەڕامەوە، ئاواتی گەڕانەوەی من بوو. بڕیارمدا لە کوردستان بمێنمەوە (باخەوان هەرگیز گوڵ لە ڕەگەوە هەڵناکێشێ) و ملم دایە خەباتی پێشمەرگانە، (چۆن گڕ لە خەرمانەی خەبات بەر دەدرێ؟!). زۆر لە دۆست و ئاشنایان، داوای خۆڵ و بەرد و شتومەکە کوردەوارییەکانیان لێ دەکردم. داواکەیان هێندەی خوازبێنییەك بوو، سەرەنجام بەخشیمان! خوایە وەتەن ئاواکەی چەندە خۆش و شیرینە، ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە!پڕ لە گوڵ و نەسرینە.

[1] ئەمەش جۆرێکە لە کلتووری حێزبایەتی لە کوردستان ( بۆ ئەرشیڤ / کلتووری کورد).



چیغی بەنەخش

# لە پێناوی پاراستن و بەرەو پێشەوە بردنی سامانی نەتەوایەتیماندا



د. کەمال غەمبار

## بەشی یەکەم

### پێشەکی :

لە هەموو ولاّتانی پێشکەوتوودا وەتەنگ سامانی نەتەواییەوە دێن و بایەخی تەواوی پێدەدەن و دەیپارێزن و دەوڵەمەندی دەکەن، بۆنموونە، کەخۆم دیومە، لە شارێکی وەکو لەندەن کەخانوویێك نۆژەن دەکرێتەوە؛ ئەگەر بینایەکە ناحکوومیش بێ، دەبێ پارچەیەك لە دیوارە کۆنەکە لەناو دیوارە نوێیەکەدا جێی بکرێتەوە. هەروەها لەقاهیرە، بینام بینیوە شیشە ئەستوورە کۆنەکانی پەنجەرەکانی بێ جام  هەر بەکۆنیی خۆیانەوە پارێزراون. کەدەچییە قەلاّتی سەلاّحەددینی ئەیووبی، جلوبەرگی (محەمەد عەلیی گەورە) و شمشێرەکەی لە ژووری پێشەوەی قەلاّتەکە هەڵواسراون، زۆر کەس بەرگەکە لەبەردەکات و بەفێس و شمشیرەکەیەوە، بە چەند جۆر، چەند وێنە دەگرێ. میللەتانی پێشکەوتوو، شانازی بە کلتوورە پاشماوە و فولکلۆری هەمەجۆری خۆیان دەکەن،  بە ئاستی ڕۆشنبیری و ژیاری و شارستانیی

خۆیانی دەدەنە قەڵەم، کەدەشڵێین سامانی نەتەوەیی، مەبەستمان پاشماوەی ڕۆشنبیری و ژیاریی پێشینان و کلتووری مرۆڤایەتییە، کە گەورە نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و ڕۆشنبیران و ڕابەرانی ژیاری، میراتی زانستی و هونەرییان بۆ بەجێهێشتووین و بۆتە موڵکی مرۆڤایەتی، کە دەکرێ وەك پاشماوەیەکی مرۆیی سوودی لێوەربگیرێ، بە مەرجێ لەوەرگرتن و سوودبینیندا ئاماژەی پێبکرێ.

## چۆنییەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی نەتەوەییدا:

ئەگەر ئەوەی وەردەگیرێ، پەسەندبێ بۆمامەڵە کردن لەگەڵی، بەشێوەیەکی هونەری و داهێنەرانە بە کار بهێنرێ؛ واتە هەر نووسەرێ کە «پشت بە کلتوور دەبەستێ وەك کەرەستەیەکی سوودبەخش، دەبێ هەر لەسەرەتاوە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات :

جۆری کەرەستە کلتوورییەکە، نەرموشلییەکەی، هێماو ڕەمز بە خۆ بگرێ، زەمانی پێوە لکابێ»(١).

کەواتە هەموو سامانێك، نەتەوەیی بێ یان جیهانی، لایەنێکی ئەرێنی بەخۆ ناگرێ، کە وەك کەرەستەیەکی ئەرێنی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، کە دەست بدات پشتی پێ ببەسترێ بە شێوەیەکی هونەری بەکار بهێنرێ، کە لەگەڵ خواست و حەز و ئارەزووی هاوچەرخدا بگونجێ، بە حوکمی زیندەگی و پاراستنی بەردەوامی و نەمرییەکەی، لەسایەی ئەو بەها و بنەما شکۆدارانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە.


## بەکارهێنانی سامانی نەتەوەیی لەشانۆدا:

هونەرمەندێکی شانۆکاری وەك (ئەحمەد سالار)، کە سامانێکی نەتەوەیی یان مرۆیی، بە شێوەیەکی هونەری، لە دەقە شانۆییەکانیدا بەکاردەهێنێ؛ بە تێڕوانینێکی هوشیارانەی کراوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا، کە بەلایەوە کلتوری میللی، حاڵەتێکی مەندی مەیوی خامۆش نییە، کە لە بن گۆمی مێژوودا سەقامگیر بووبێ و هەر بەدواگەڕان و هەوڵی دۆزینەوەی بە ئاراستەی بەکارهێنانی و گونجاندنی لەگەڵ واقیعی هاوچەرخدا، دەستدانە لە پیرۆزییەکەی و ڕەسەنییەکەی دەشێوێنێ، وەك بۆچونی سەلەفییەکان، بە پێچەوانەوە مامەڵەکردنی لەگەڵ سامانی نەتەوەیی و مرۆیی لەسەر ڕوانینی هۆشمەندانە بنیات دەنێ، کەکلتوور کۆمەڵێك دۆزینەوەی هونەرمەند بە تێڕوانینێکی تازە مێژوو ئامادە دەکا، کە شانبەشانی ئاستی ژیاری هەنگاو هەڵێنێ و لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێ و سنووری ببەزێنێ، کە وەك ڕابردوو سەیری کلتووور ناکا، بەڵکو دیالۆگ لەگەڵ وەچەی نوێی هەڵکشاو بە زمانە پێشکەوتووەکەی بکا. خۆی وا سەیری کلتووور ناکا وەك ڕابردوو و لەباوەشگرتنی لە ڕق و بێزاربونی لە دەست ئێستادا، پەنا ناباتە بەر ڕابردوو وەك ڕاکردن لە ئێستا و سۆزدەربڕین بۆ ڕابردوو، بەڵکو پەیوەندیی توندوتۆڵ لەسەر بنەمای دروستکردنی پردێك لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا هەڵدەچنێ نەوەکو هەردوو ڕەهەندەکە بدۆڕێنێ(٢).

واتە لایەنی گەشی کلتوورەکە وەردەگرێ، پاشان گیانی واقیعی ئەمرۆی، بە ئەرێنی و نەرموشلییەکەیەوە لە شادەمارەکانی دەگەڕێنێ، «چونکە سەرجەمی سامانی نەتەوەیی و مرۆیی ناکرێ پەسەند بێ، لەبەر ئەوە دەبێ ئەدیب و نووسەر هەموو دەم کە کەرەستە کلتوورییەکە هەڵدەهێنجن پشت بەتوانای هونەری و هزری- ئایدیۆلۆجی ببەستن، ئەمەیە مەبەستمان لە جۆریەتی، کە ئەو کەرەستەی هەڵیانبژاردووە توانای گۆڕانی هەبێ لەو قالبەی تێیدایە بۆ شێوەیەکی تر، ئەمەشە مەبەستمان لە نەرموشلی، بۆئەوەی کە کەرەستەی کلتووری لە ئاستی ئەو هزرە نەوەستێ کە دایهێناوە، پێویستە قابیلییەتی گونجانی لەگەڵ

بەڵگەدارانی پێشهات و هاوچەرخ هەبێ، تەنانەت شاعیری تازەخوازی داهێنەر (عەبدولوەهاب بەیاتی)، لە شیعرەکانیدا چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ کلتووری گەش و پڕشنگدا لە شیعرەکانیدا بەرجەستەدەکا و دەڵێ : «...کلتوور واتە توانای بەردەوامی و درێژبوونە تیایا بۆ ئێستا و بۆ دواڕۆژ، کلتووری نەتەوەکەم لەڕەوتێکی تازەدا لەڕێگەی تێهەڵکێشانی لەخۆی جوانتر لە شیعرە-کانمدا داڕشت (٣).

«چونکە پشتبەستن بە ڕابردووی مێژوویی لە ئەدەب و هونەردا بە ڕاکردن لە واقیعە تەقەلادراوەکە، مۆرکێکی



دیمەنێکی ژیانی کاسبکاران

بنیاتنەری ئەرێنی بە خۆدەگرێ، ئەگەر تەنیا بەدەست ڕابردووەوە گیر نەخوا بۆ حەسانەوە، لەبەر ئەوە کاتێ کە نووسەر یان شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕابردوو لە جوولەیەکی دەروونیدا کە بۆواقیع بە مەبەستی دواڕۆژێکی سەرفیراز بە ڕەخنە و ڕاستکردنەوە دەگەڕێتەوە.

## جیاوازیی لە نێوان وەرگرتن و تەوزیفدا:

« تەوزیف، واتە کردنی بوونەوەری کلتووری (ڕووداو و ئەفسانە) بە قەوارەیەکی هاوچەرخی و دینامی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا بژی و مژدەبەری بەهای دواڕۆژبێ، هەروەها تەوزیف خوێندنەوەیەکی واقیعیانەی ڕابردوو و فۆرمێکی پێشکەوتوو لە تێکەڵکردنی لە ئێستادا دەگەیەنێ، تاکو کارەکەکە نەبێتە دارماندنی نەخۆشییەتی و هەستکارییەکی پێلێهەڵبڕیو»(٤).

بەڵام وەرگرتن واتە گواستنەوەی دەق بە شێوەیەکی میکانیکی بێ ئەوەی چەند تاکێکی تازەی بخرێتە سەر، یان کارکردن لە سەر هەر گۆڕانێك یان هەموارکردنی بنیاتی دەقەکە سوود لێوەرگرتنیان، لە ئەزموونێکی هاوچەرخدا، بەتێڕوانینێکی تازە. لەم ڕووەوە شانۆکاری کارامە (ئەحمەد سالار)، پەنای بردە بەر تەوزیفکردنی سامانی نەتەوەیی لە ڕێگەی نگینیکردن و نەمرکردنی گەورە شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخ، هەروەها نەمرکردن و شکۆمەندکردنی ئەو ڕەمزە ناودارانەی بە شاکارەکانیانەوە چوونە ناو مێژوو. هونەرمەند، بە تێڕوانینێکی تازەی تەوزیفیکردن، میراتی ڕابردووی بەچەند جومگەیەکی تازە دەوڵمەندکرد، کە گواستنەوەیەکی تازەی بە کلتووری کۆن بەخشی. مۆرکی کلتووریی شانۆنامەکانی هونەرمەند ئەحمەد سالار، لە هەمان کاتدا خزمەتی خواستە نەتەوەیی و نیشمانییەکانی کوردی کرد.

بەکارهێنانی ئەو جۆرە شێوازەش ئەوە ناگەیەنێ کە رابردوو بەهەموو جومگەکانییەوە لەسەر رێبازی شانۆنامەکانی زاڵە، بەڵکو رێبازەکەی هەردەم بەندە بە دەرخستنی کلتوور بە شێوەیەکی هاوچەرخ، بەهەموو ئەو نیشانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییانەی کە هاوچەرخی بە خۆوە دەگرێ. هونەرمەند (ئەحمەد سالار)، تەنیا بە تەوزیفکرنی کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیار، کە قوڵایی مێژوویان وەدەستهێناوە و بوونەتە هێماو نیشانەو رەمزی گەشاوە. لە شانۆنامەکانیدا ئەفسانەی میللیشی تەوزیفکردووە، «چونکە ئەفسانەی میللی هەر لە دێر زەمانەوە لایەنێکی گەورەی ئەزموونەکانی مرۆڤی گرتۆتە خۆ و ئەو ئەزموون و رووداوانە و هەڵوێستەکانی مرۆڤی کۆن و روانینی بۆ سروشت و گەردوون و دێو و درنج و جنۆکە و سەگسار و ئەژدیهامان بۆ دەردەخا، کە لەتوانای نووسەراندا هەیە کە پەیکەری تازە لەسەر ئەوئەزموونانە دابنێن، بە مەرجێ لەگەڵ رەوتی گیانی سەردەم و خواستنەکانی مرۆڤدا هەنگاو بنێ»(٥).

دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە سامانی نەتەوەییمان زۆر دەوڵەمەندە و نووسەری کارامە و بیرتیژ دەتوانێ بە جۆرێ مامەڵەی لەگەڵدا بکا بە رۆحێکی هاوچەرخانە تەوزیفی بکا، کە مایەی بەرەوپێشبردنی بێ، چونکە کلتووری کوردی و فۆلکلۆری کوردی، سەرچاوەیەکی لە بنەهاتووی وێنەکانی ژیانن، بەهەموو لایەکان و رەهەندەکانیانەوە، بە داهێنانێکی میللی لە قەڵەم دەدرێن کە «جۆرەها و چەندین وێنەی داهێنەرانە بە خۆدەگرن» وەك ئەفسانە و چیرۆك و حەقایەت و داستانی دڵداری (بەیت) و داستانی قارەمانییەتی -وەك گۆرانییەکانی دڵدار و شوان و جووتیاران و لایلایەی دایك و شیوەنی ژنان و گۆرانیی بۆنە و نوکتە و مەتەڵ»(٦).

لە راستیدا سەیرکردنی سامانی نەتەوەیی بە هەموو جۆرەکانییەوە بەدیدی بایەخ و بەهەندهەڵگرتن، نیشانەی رەسەنی و تێگەیشتن و دڵسۆزییە بۆ رابردووی شکۆدار، چونکە گەرانەوەییەکی هۆشمەندانەی عاقڵانەیە بۆ رابردوو، گەرانەوەیە بۆ سەرچاوە، دابران لێی و نکوڵیلێکردنی وەك درەختێك کەدەبێ لە رەگو ریشەوە هەڵبکێشرێ تا ویشکو رەق هەڵگەرێ، ئەوە دابرینە لە رەسەنی و کۆنی «دڵسۆزیی راستەقینە بۆ پێشینان، پاراستنی شوێنەوارە ژیارییەکانیانە، نەك بەو پێیەی خۆڵەمێشێکی مردووە، بەڵام بەوپێیەی کڵپەیەکی زیندووە... رووبار، کەبەرەو دەریا دەچێ ئەوا دڵسۆزیی راستەقینەی خۆی بۆ سەرچاوەکەی دەردەبرێ»(٧).

## پەراوێزەکان :

(١) البناء الدرامي في مسرح محيي الدين زنطنة، وزارة الثقافة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٢، ص٨.

(٢) كمال غمبار، مقالات نقدية في المسرح الكوردي، سلسلة كتب ( العدد)١٩، مطبعة كارو، السليمانية، ٢٠١٠، ص٣٩و٤٠.


(٣) عبد اللطيف أرناؤوط، عبدالوهاب البياتي، رحلة الشعر و الحياة، مؤسسة المنارة، بيروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص٨و٩.

(٤) المنصف وناس، منطاقات وتوجهاتالتجربة المسرحية في تونسدار الحرية للطباعة، بغداد١٩٨٥، ص٩٣ و ٩٤.

(٥) كريم مصطفى شارةزا، الأدب والتجارب الأدبية الكردية، التجربة الأسطورية، ترجمة كمال غمبار، ملحق مجلة الأجيال، من أصدارات نقابة المعلمين، الجمهورية العراقية، الملحق الخامس، شباط ١٩٧٤، مطبعة الشعب، بغداد، ص٩٧.

(٦) د. عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الأدب الكوردي، منشورات المكتبة العصرية، صيدا، بيروت (ب.ت) ص٣٢.

(٧) محمد عمارة، نظرة جديدة الى التراث، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، لبنان، مطبعة المتوسط، تشرين الأول، ١٩٧٤، ص٩.






# ڕاڤەی ڕۆمانی( بۆرە)

د. هاوژین صلیوە

ڕۆمانی (بۆرە) لەلایەن (عەزیزی مەلای ڕەش)ەوە نووسراوە و لە ساڵی(١٩٩١), لە دوتوێی كتێبێكی (١١٢) لاپەڕیی لە چاپخانەی (الزمان) لە بەغدا, چوار هەزار دانەی لێچاپكراوە. ناوبراو نووسیویەتی بۆ مێرد منداڵان، واتا ڕۆمانەكە بۆ مێرد منداڵان نووسراوە، (محەمەد زادە)نەخشەی بەرگەكەی كێشاوە. ئەو ڕۆمانانەی پێشتر خستمنە ڕوو، چاپەكانیان نوێبوون، وەڵێ ئەم ڕۆمانە چارەگە سەدەیەك بەر لەئێستا چاپكراوە، ئەو كات حەوتەمین كتێبی چاپكراوی ناوبراو بووە، هەڵبەتە خوێنەرانی كورد لە مێژە بەم ڕۆمانە ئاشنان، بەڵام پێم باش بوو لەچەند ڕوویێكەوە هەڵوەستەی لەسەر بكەم و چەند لایەنێكی ئەم ڕۆمانە بخەمە ڕوو، بەو نیازەی كرۆكی ئەم ڕۆمانە بەبیر خوێنەران بهێنینەوە و زانیارییەكانیان لا دەمەزەد بكەمەوە و چەند سەرنجێكیش بخەینە ڕوو.




کرۆکی ڕۆمانەکە: شوێنی ڕۆمانەکە لەنێوان دەشتی هەولێر و دۆڵی ساڵەییە، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن پردێ، لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا سنوورەکەی دەکشێ تاوەکو حەمرین دەگرێتەوە. باس لەکۆمەڵە ورچێك دەکات کە بەدەست دڕندانەوە هەرەسان ببوون و هەر ڕۆژە و دانەیەکیان دەخورا، یەك لەم ورچانە ناوی (بۆرەی قەپڵان) بوو، لە ڕۆمانەکە وانووسراوە: قەپڵان شیوی قەپڵانە لە کەندی کەندێناوە و لە باکوری خۆرهەڵاتەوە تێی دەکاتەوە، دەیبینی بەبەر چاوییەوە، هاوەڵەکانی خۆی بەدەست دڕندە و شێر و پڵینگانەوە پارچە پارچە دەکرێن و دەخورێن، ترسێکی زۆری لێدەنیشێ و خۆی دەشارێتەوە، تەنها شەو بۆخواردن و خواردنەوە دێتە دەرەوە. بۆرە لەناخی خۆی دا هەستێکی لادەبزوێ و بەڵێن دەدا، کە هیچی تر گۆشت نەخوا و چینە بێدەستەڵاتەکان نەچەوسێنێتەوە و لەناویان نەبا، بەڵکو تەنها گیا و گوڵ و میوەجات بخوات. دارستانەکە جۆرەها بوونەوەری لێ دەژیا، هەریەك لەم بوونەوەرانە میری خۆیان هەبوو, لەوانە(میری سمۆرە ناوی زیقە بوو. میری مامزان ناوی چرتە بوو. میری کەروێشکان زیتەیان پێدەگوت. میری سیخوڕان حوتەی ناوبوو. میری بزنان ناوی قیتە بوو. میری مەڕان خرتەی ناوبوو)، لە ناولێنانەکەشدا تایبەتمەندیی هەریەك لەو ئاژەڵانە خراوەتە ڕوو، دوژمنەکانیشیان ئەمانە بوون: سورتك (ڕێوی)، کزیر و مزیر(گورگ)، سۆرە و تۆرە(شێر). بابەتەکان لەدەوری ئەوانە دەخولێنەوە.. بۆرە هەڵیدایێ و گەورە و زەبەلاح بوو، زۆر جار دەیویست گۆشت بخوات کاتێ کە بوونەوەرێکی دەگرت هەموو گیانی دادەهەژا و ئارەقەی دەکرد و دایك و باوك و هاڕێیانی دەهاتەوە بیر, بۆیە چەپۆکی لەسەر هەڵدەگرتن و بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە و نەیدەخواردن. بۆرە, لای ئاژەڵەکان خۆشەویست بوو، شیریان دەدایێ و قاپوتیان بۆدروست دەکرد و شمشاڵێکیشیان دابوویێ, ناوەناوە شمشاڵی بۆلێدەدان و هەموویان سەمایان دەکرد. یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو کاتێ کەبینی ڕێوییەك دەیەوێ کەروێشێك بخوات، ((بەپرتاو خۆی گەیاندێ و خنخنۆك (قرتقرتۆك)ی ڕێوییەکەی گرت و کەروێشکەکەی لە چنگ ڕاستاند و تا هێزی لە لەش دابوو کوڵەمستێکی خێواندە تۆقەسەری و بە دەنگێکی

بەرزیش ئەمەی وت: زۆڵی لە زۆڵ بگرە زەبری بۆرەی قەپڵان. مێشکی لەکونە لووتییەوە دەرهات. ل١٠)). کەروێشکەکە حەپەسابوو چاوەڕێی ئەوەبوو بۆرە بیخوات، کەچی بۆرە کارەساتەکەی خۆی بۆگێڕایەوە و کەروێشکەکەی تیمار کرد و پاشان ئیزنی داو نەیخوارد. کەروێشکەکەش ناوی (زیتە)بوو، کە میری کەروێشکەکانی ئەم ناوچەیە بوو. زیتەش ئەو هەواڵەی لەنێو دارستان بڵاوکردەوە، ئاژەڵەکان باوەڕیان نەکرد، کاتێ بەبۆرەیان وت، وتی ئەگەر گۆشتم بخواردبووایە ئەوا ئەم ڕێوییەم دەخوارد، ئیتر وردە وردە لە ئاژەڵەکان نزیك بووەوە. جارێکی تریش گورگێك ویستبووی بزنێك بخوات، کەچی بۆرە بزنەکەی ڕزگارکردبوو، بۆرە((دووراو دوور بەرچیخەکەی ڕاوەشاندێ و لەپاشەڵی داو قاچێکی ورد و هەڕاکرد. گورگەکە لەتاو ژانی لاقی بزنەکەی بەردا و ویستی ڕابکات، بەڵام بۆرە بەلەز(خێرا)، گەیشتە سەری و بە پێلەقە و مستان، ساوارکوتی وەری گەڕایێ کوێندەرت دێشێت. تا گورگەکە شراڵ بوو. جا تا خواهێزی دابوویێ پێلەقەیەکی لەسەرڕا بەتەپڵی سەری دادا و لەگەڵیشی گوتی: ئەوە زەبری بۆرەی قەپلانە، گورگەکە جێی بووە ئەوجێ. ل١٤)). بەم شێوەیە توانی سەرنجی ئاژەڵان بۆلای خۆی ڕابکێشی. وایلێهات کەروێشکەکان دەهاتنە باوەشی و خۆیان تێهەڵدەسووی، چەند جارێك دەمارە شینەکەی بزوا و حەزی چووە گۆشتە ناسکەکەی کەروێشکان، چونکە بەمناڵی گۆشتی کەروێشکی خواردبوو و تامەکەی لەزاری هەرمابوو، بەڵام هەرکە دەیویست بیانخوا، ڕاستەوخۆ مەرگی دایك و باوك و هاوەڵەکانی بیردەهاتەوە و ئارەقەی شین و مۆری دەکرد و نەیدەخواردن، بەم شێوەیە نەفسی خۆی گرت و گۆشتی لەخۆی حەرام کرد. بۆرە, تەکبیری بۆئاژەڵان کرد، شوێنێکی شوورە کرد و ئاژەڵەکانی لەوێ نا و مەشقی پێکردن. هەرئاژەڵە و شتێکی دایە دەستیان، دار، بەرد...، بزن و سیخوڕەکانی فێرکرد کە چۆن هێرش بەرن. جارێیان چرتە (مامز)ی نارد بۆئەوەی گورگێك بهێنێ, گورگێکی پیر سەری لەدوو نا, کاتێ لەدەرگاکەوە هاتە ژوور بەمەترەقان وەیگەڕانێ و کوشتیان، بەم کارە دڵیان زۆر خۆش بوو، چەند جارێکی تر گورگی هێناو کوشتیان. دواتر (شێر)ێکیان بەم بەزمە هێنا, کەچی چیان لەگەڵ شێرەکە پێنەکرا، بۆیە پری دایە بزنێك و بردی. پڵنگێکیش بەهەمان بەزم ئاژەڵێکی لێخواردن، دوای ئەوەی زۆر خەمبار بوون، دەرگاکەیان گرت و بیریان کردەوە بە خوری و موی بزنان کەزی و داوی لێدروست بکەن, دواتر تۆڕێك دروست بکەن. ئەم کارەیان کرد، توانیان شێر و پڵنگی پێ ڕاوبکەن، دواتر ڕێوییەك کەناوی سورتك بوو, گورگ قاچو قولی شکاندبوو بەگریانەوە، هاتە بەهەشتی گیانداران و وتی تۆبەم کردووە, گۆشت ناخۆم, زۆر هێن و منهێنیان لەگەڵ کرد، باوەڕیان پێکرد و تا ماوەیەك شیری مەڕەکانی دەخواردەوە, تاوەکو چاك بوو و قەڵەو بوو. هەر کە ئەم ڕێوییە هاتە ناویان، ئیتر خیانەتکار ئاژەڵەکانی دەرخواردی دوو گورگ دەدا, کەناویان گزیر و مزیر بوون، هەرجارەی بەفێڵی

یاریکردن بەشێوەیەکی بازنەیی دەیسوڕاندن و گۆرانییان دەگوت و دوو گورگەکەش تێڕوودەهاتن و مەڕێك, بزنێك, بوونەوەرێکیان ڕادەفڕاند, بەتایبەتی ئەو بوونەوەرانەی دەکەوتنە کۆتایی یارییەکە و دەیانخوارد. هەرچەندە (بۆری قەپلان) و هاوڕێکانی زۆر نیگەران بوون، بەلام ڕێوی بەدزییەوە بەشە گۆشتی خۆی دەخوارد. دواتر چاودێری کردنیان چڕتر کرد، بۆیە گزیر و مزیر و سوورتك خواردنیان وەچەنگ نەدەکەوت، بینیان کەرێك لەو بەری ڕووبارەکەیە بۆی چوون بیخۆن کەری بەسەزمان پاڕایەوە، بۆئەوەی نەیخۆن، ئەوانیش مەرجێکیان بۆدانا کە دەبێ شەوان بزەڕێ و بلێ نێچیرم دەوێ. دوو گورگەکە شێوەی خۆیان هەندێ گۆڕی و هاتنە لای بۆرەی قەپلان و وتیان ئێمە گورگی کەنعانین گۆشت خۆر نین، ئەو دەنگەی دەیبیستن دەنگی دەعبایەکی زۆر گەورەیە، ئەوانیش ئاژەڵی نێودارستان بوون پێشتر زەڕەی کەریان نەبیستبوو، پێی وتن: ((چی لەجەنابتان بشارمەوە(شانەفرەجا)ی پێدەڵێن، شانەفرەجا شانەفرەجایەکە بۆخۆی. سەری لەتاقی ئاسمانە و کەللەی سەری هەنکی لنگەدەستارێك پانە. دەمی, منی بەساغی پێوەدەچێ، ددانەکانی وەك شەڵفەی بەرازن, وێڕای ئەوانەش هەرچوار پەلی ئاسنن! ل٦٧))ئەم نەفرەجایە تەنها گۆشتی ئەو بوونەوەرانە دەخوات کە گیاخۆرن و گۆشتخۆر نین، ئێمە ئەگەر گۆشت خۆر بووینایە نەدەترساین، بۆیە ڕوومان لێرەکردووە، هێند گریان و پاڕانەوە تاوەکو باوەڕیان پێکردن و قبوڵیان کردن. کاتێ کە کەر دەزەڕی و دەیوت برسیمە، ئەوا لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە و ئاژەڵێکیان بۆدەبردە ئەوبەر، هەڵبەت دووگورگەکە و ڕێوی دەیانبرد و گۆشتەکەیان دەخوارد. بۆرە و هاوڕێکانی زۆر خەمبار بوون بیریان لەچارەیەك دەکردەوە، وتیان: دوو شێری زەبەلاح هەن بەناوی سۆرە و تۆرە، دەڵێن یارمەتیی لێقەوماوان دەدەن، بڕیاریان دا بچن ئەوانە بهێنن، بەلام ئەمان گرێبەستیان لەگەڵ کردن، کە دەبێ ڕۆژانە گۆشتی ئاژەڵیان بدەنێ تاوەکو (شانەفرەجا) لەناوبەرن، کاتێ ئەوانیان هێنا ڕێوی و دووگورگەکە لەگەڵیان ڕێکەوتن، کە بلێن ئێمە ناتوانین شانەفرەجا لەناو بەرین. بۆرە ئەگەر چی زۆر بێتاقەت دەبوو خەمی دەخوارد، بەلام لەگەڵ ئەوەش سەرکردەیەکی بەوەج و بەغیرەت بوو و کۆڵی نەدەدا، تاوەکو ڕۆژێك زیقە(میری سمۆران)ی بەدزییەوە نارد بۆئەوەی شێوەی (شانەفرەجا)بینێ، بەترس و لەرزەوە چوو و گەڕایەوە، تەنها سەرو گوێلاکی کەرەکەی بینی بوو و زۆر ترسابوو، کە گەڕایەوە لەسەر زەوی بە چیلکەدارێك وێنەی سەر و کەلەی کەرەکەی کێشا. بۆرە وتی: ئەم سەر و کێلاکەم بینیوە، بۆرە ئەوەی هاتەوە یاد کاتی خۆی کەمناڵ بوو دایکی وێنەی جۆرەها ئاژەڵی دڕندە و نادڕندەی بۆکێشابوو, ئینجا زانی ئەوە کەرە و (شانەفرەجا) نییە. بۆرە چوو کەرەکەی هێنا، بینی پێیەئاسنەکانی ناڵەکانی بوون کە شەوان لێکیدەدان ئیتر (سورتك)یان لەچاڵێك مەحف کردەوە و ددانی گوگەکانیان هەڵکێشا و لەسەرپشتی کەرەکە بەستیان و شاربەدەریان

کـــردون و نـــاوچـــەکـــەیـــان لـــەدڕنـــدان پـــاکـــکـــردەوە و خیانەتکارەکانی ناوخۆیان لەناوبرد و پشتیان بە سۆرە و تۆرە نەبەست و بۆخۆیان بەئاسوودەیی ژیان.

لە ڕووی تەکنیکەوە: ئـەم ڕۆمـانـە خـۆی نزیك دەکاتەوە لەحیکایەتی فۆلکلۆری کوردی و تەکنیکە نوێیەکانی ڕۆمانی تیا نابینرێ، لەوەی کە کەسێك داوای لـە داپـیـرەکـەی کـردووە، کـە حیکایەتێکی بۆبگێڕێتەوە، ئینجا وەك حیکایەتی فۆلکلۆر بەم وتەیە دەستی پێکردووە:((هەبوو نەبوو کەس لەخوا گـەورەتـر نـەبـوو، کـەس لـە پێغەمبەر خۆشەویستر نەبوو،کەس لەبەندە کەمتر نەبوو. کەس لە درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو، کۆسە مرد کفنی نەبوو، دایان دەنا جێگا نەبوو، هەڵیان دەگرت ڕێگا نەبوو، لەو بەینە بایەك لەبزن بەربوو، هەریەکە بەلایەکدا گەنم کرد و جۆبلاوەی لێکرد، دەگێڕنەوە دەڵێن...)) ڕۆمانەکەش بیست هەلقەیە و وانیشان دراوە بەبیست شەو گێردراوەتەوە، لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەشدا پاڵەوانەکان ئـاژەڵـن و بـابـەتـی ئەفسانەیی دەبـیـنـرێ, لـەوانـە (نـەفرەجا). (ڕێـوی)یـش لـە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری زۆربـەی گـەلان, هێمای فـێـڵ و تـەڵـەکـەبازییە، لە فۆلکلۆری کوردیشدا لە دووتوێی سەدان حیکایەتدا ئەوە بەدیدەکرێ. لە چەند وێستگەیەکی ڕۆمانەکەدا چەند کۆپلە شیعرێك دەبینرێت. لە زۆر شوێنیش لەگەڵ شیعری فۆلکلۆر ئاوێتە بووین. گێڕانەوەکان زنجیرەیین، زیاتر لە گوتەی شابوونەوەری ڕۆمانەکە، کـە ورچێکە بـەنـاوی (بـۆرە), فلاشباك و مەنەلۆج دەبینین. ڕۆمانەکەش بەگوتەی((ڕۆڵە، منیش کلاشم درا و چم پێنەبڕا)) کۆتایی هاتووە، ئەمەش شێوازی حیکایەتی فۆلکلۆری کوردییە.

بەهای ئەم ڕۆمانە: بە زمانێکی کوردیی پەتی و پاراو نووسراوەتەوە، کە بە دەیان ئیدیۆم و پەندی پێشینان و وشەی کەمبیستراوی تێدایە، بۆمناڵ و مێرمندالٚ و گەورانیش زۆر گرنگە، بەتایبەتی بۆمێرد مندالان. ئەم ڕۆمانە جگە لەوەی زمانیان پاراو دەکات و بـەدەیـان دەسـتـەواژەیـان بـەرچـاودەکـەوێـت، فێرە ئەوەشیان دەکات کە ولاتەکەی خۆیان خۆشبووێ و خـیـانـەت نـەکـەن و ڕۆحـی ئـەوەیـان هـەبـێ ببنە سـەرکـردەی خـۆڕاگـر و ورەیـان بـەرزبێت و دەستی خیانەت و خیانەتکاری و جاشایەتی لەناوبەرن و پشت بەبێگانان نەبەستن و خۆیان خۆیان دروست بکەن و بەدەست و مستی خۆیان بژیێن و جاش و باش لێکجودابکەنەوە و سوك و سەنگین هەلاوێرن. هەروەها ئەم ڕۆمانە لایەنی دەروونیان بەهێزدەکات و هەریەك لەوانە حەزدەکات بۆرەی قەپلان بێت. خۆزیا مامۆستایانی کوردی, ئەوانەی وانەی قۆناغی حەوت و هەشت دەڵێنەوە، گرنگی بەم ڕۆمانە بدەن و لە بەشی خوێندنەوە، سالا دوو سێ وانەی بۆتەرخان بکەن و بۆ قوتابییەکانی بخوێننەوە و وشـە کەم بەکارهاتووەکانیان بۆبنووسنەوە، چونکە ئەم جۆرە ڕۆمانە حـەزی خوێندنەوەیان بۆدروست دەکـات و چێژێکی زۆریشی لێوەردەگرن..چەند زانیاریکی دیکەی تێدایە بۆمێردمندالان لەوانە: ناوی ئاژەڵ: بۆق، قومقمۆك، مارمیلۆك، کوللە، فسەگورگ، گووخلێنکە،


قاڕی بازاڕ... لە زۆر شوێن چەندان زاراوەی یەکدی نزیک بەکارهاتووە، بەڵام بەتایبەتمەندییەکانی خۆیان، بۆنموونە: دار، کوتەك، مەترەق، خوتورمە، دار تەژە، داردەست، تەڕك، شووڕ... ناوی چەندان گوڵی ئەم چۆڵ و بەندەنانەی کوردستانی تێدایە لەوانە: حاجیلە، بەیبوون، گاگرۆ، مێلاق، نیسان، کاوسێنە، لاولاوە، پەلێزە، شمری شاق، خەزێنە، دانەقەتێ...

وشەی نوێ و کەم بەکارهاتوو کە لەدوتوێی ڕۆمانەکە ماناکانیان لەتەکیانەوە نووسراون و لە کەوانە نراون، لەوانە: چێورمە . شورە، فەراقە . هەراش، هەتەر . بڕ، خنخنۆك . قرتقرتۆك، واریقات . سەربردە ، تەژی . پڕ، بەلەز . خێرا، یەکاو . شوێنی بەیەکگەیشتنی ڕووبار، بەخوایشت . ڕەزامەند، نەترە . ورە، هەترەش . زەندەق، خوبزە . خزمەتکار، خۆگنخاندن . خۆ خافلاندن، قژنەسەرە . جنۆکە، دنیا شرکە . تۆزێك تاریك، واژی بوونەوە . یەکلابوونەوە، قاف . هەل، یەغبار . بەخت، سایەد . حەسحەس، چەندان وشەی دیکە، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوە بەپێی مەفهومی ڕستەکە مانای وشەکانی بۆبەدەردەکەوێ، دەیان ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق. لە شوێنێك نووسیویەتی ((بۆگیانداران کۆس و شەش بوو، کە دوڕگۆکەیان لە درندان پاك بکرێتەوە.ل١٦)) هەڵبەتە یاری کۆسانێ ئەو یارییە فۆلکلۆرەییە، کە تەنها لەنێو مەسیحییەکانی هەرمۆتە دەکرێ، هێنانی کۆس و شەش لەم یارییە مەیلی بردنەوەی ئەو گروپە زیاترە.

لە کۆتایی ڕۆمانەکەش مانای یازدە وشە خراوەتە ڕوو.

خۆزیا لە چاپی نوێدا دەیان پەراوێزی بۆدەکرا, بۆ خستنە ڕووی دەیان وشەی تری کەم بەکار هاتوو، لەگەڵ خستنە ڕووی مانا و مێژوو و هۆی بەکارهێنانی چەند ئیدیۆم و پەندێکی پێشینان. هەڵبەتە ئەو فلیمە کارتۆنانەی لەتیڤییە کوردییەکانەوە پەخش دەکرێن زۆربەیان دۆبلاژن، خۆزگە دەتوانرا بکرێتە فلیمی کارتۆنێکی زنجیرەیی. تەماخوازین بتوانرێ دەیان جاری دیکە بەنوێترین ڕێنووس چاپ بکرێتەوە.

وێنە: قەرەنی جەمیل.لە گۆڤاری ڕامان خواستراوەتەوە



# حەیران بەرەو کزی، بۆ...؟



**عەبدولوەهاب شێخانی**

گۆرانیی حەیران, گۆرانییەکی تایبەتە بە ناوچەی هەولێر, بە تایبەتی دەڤەری کەندیناوە و قەراج و بەرانەتی و...هتد.لێکۆڵینەوە لە گۆرانیی حەیران جگە لە لایەنە هونەرییەکەی کە گۆرانییەکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردە, زۆر لایەنی کەسایەتی و چینایەتی و کلتوری کەلەپوری نەتەوەی کورد ڕوون دەکاتەوە. ئایا حەیران بۆچ دروست بوو؟ بۆئەوەندە دەوڵەمەندترە لە وشە و دەستەواژە وپەند و ئیدیۆم؟ بۆ بە غەزەل لەدایك بووە؟. حەیران عیشقە, عەشقێکی پاك و بێگەردو حەقیقیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.حەیران, ژانی لەدایکبونی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوی کوردستان,ئەویش قۆناغی دەرەبەگایەتییە.

تەمەنی یەکجار زۆرە, خۆی لە (٢٠٠)ساڵ پتریش دەدات. ژانی لە دایکبوونی حەیران ئەوەندە پر ئازار و ناخۆشی و بەیەکنەگەیشتن و بۆیەکنەبوون بووە, لەبەرئەوە بەسۆزەوە هاتۆتە دونیای روونی ژیان..حەیران سەردەمێك ڕوون دەکاتەوە کە کوڕە تیمە حەیران لەبەر

هەژاری و نەداری بە ئەوینەکەی نەگەیشتووە و سورانە و چەکە خارانە و پێشکێشی نەبووە

بیدات بە ئاغا و پارەی نەبووە چەك و جلکی بۆ کچە تیمە حەیران پێ بکات, یان خوشکی نەبووە بە ژنی بدات.

دنیای دڵداریش کراسی ئاگرینی خۆشەویستی پێ پۆشیوە و ئارامی لەبەر براوە.خەیاڵێکی هێندە بەرزو ژانێکی هێندە گەورەی گرتووە, حەیرانی پێ لەدایکبووە. بۆیە دە سەربەندی حەیراندا دەڵێت (حەیران دەرێمە قەراج قەراجە قەراجۆك لە غێمێ.لە بردانم وەرێ لە نەویانت دێمێ.رەبی گوارەت پیرۆزبی لەگەڵ خەزێمێ... لەبەر قسەی عالەمێ و لۆمەی بەدکاران نەتگەیشتمێ دوو قسانت برێمێ) ئەوەتا لە لایەك قەراجی سەرتاپا لێ بویتە غێم,ئاسمانی زولال نابینێ و لەلایەکی تر پیرۆز بایی لە یاری دەکات گوارە و خەزێمی بۆ هاتووە. قسەی خەڵکیش لێناگەڕێ دوو قسان لەگەر یاری بکات, جا چۆن پەنا بۆ خەیاڵ نەبات ئەو شاکارە مەزنە لە دایك ببێت کە حەیرانە؟سەیر لەوە دایە کوردستانێکی دواکەوتی, لە هەموو روویێکەوە ئەو کاتی, بێ کارەبا وبێ خوێندەواری ,بێ رێگا و بان کەچی حەیران لە لوتکەدا بووە. لە هەرەت و تۆغیانیدا بووە.حەیران, کۆرپەیەکە لە ماڵی رەش و رووتان لە دایکبووە. گوتمان حەیران غەزەلە...غەزەل لەدوونیای هەژاران و چەوساوان لەدایك دەبێ.وەك نوژدارێك سارێژی برینی کوڕە تیمە حەیرانی کردووە. ئێستا حەیران بەرەو کزبوون دەڕوات, ئەوەی ئێستا دلۆپێکە لە دەریایەك لە حەیران لە چاو پێشان..هۆیەکەشی ئەوەیە دونیای ئەوین,ئەڤینێکی حەقیقی بەرەو نەمان دەچێ. قۆناغەکە گۆڕایە عەشقی مەجازی لە برەودایە, لێناگەرێ ژانی لە دایکبوونی حەیران دروست ببێ,ئەو شاکارە لە دایك ببێ. بۆیە حەیران کزە و بەرەو کزی دەڕوات.

# مامانی
# لەنێوان کلتوور و کەوڵکاریدا



**د. عەتیە حەمە سەعید لەپزێڕین**

باشترین و هۆشمەندترین ڕێگە بۆ خزمەتکردنی سروشت و ژیانەوە و مانەوەی ژینگە بە ڕوخسارە جوان و ساکارەکەی ئەوەیە، کەمرۆڤ دەستکاریی هیچ توخم و ڕەگەز و چۆنیەتیی ژیان و خۆبەڕێوەبردنی نەکات. خولقێنەری بەخشندەی ئەم سروشت و ژیان و بوونە، هێندە حەکیمانە پارسەنگ و لەنگەر و کاری وردترین توخمی ئەم گەردوونەی ڕاگرتووە و بەڕێوەی دەبات، کە وەکو سەعات وایە، بچووکترین دەستکاریی قورمیشەکەی, خوێندنەوەی زەمەن و کارەکان تێکدەداو پشێوی دوای پشێوی لێدەکەوێتەوە.

جا یەکێك لە ئیعجازەکانی ئەم گەردوونە، زان و بوونی هەرچی کائینات و ڕۆحلەبەرە. هەر بوونەوەرێك خاوەن تاقیگەیەکی خوداوەندیی هێندە جوان و ڕێك و بەرنامەدارە، کە بە زەڕڕە قابیلی هەڵەکردن و دەستکاریکردن نییە. هەر بوونەوەرەی بە تەقویمێکی تایبەت بە خۆی پڕۆسەی زانی بەڕێوەدەچێ. ئێوە قەت بیستووتانە کە مەیموون و ئەسپ و ئاسك و کەروێشك و سمۆرە و ڕێوی لە کاتی زاندا، نشتەرگەری و کەوڵکاری لە زگی یەکتریدا بکەن. بێگومان نەخێر, بەڵام نەشمانبیستووە هەرچی وەچەی وانە لە کاتی زاندا بمرێت و وچاغکوێر سەربنێنەوە.

کەواتە بۆ ئێمەی مرۆڤ، دەرس و عیبرەت لەم سروشتە نازدارە وەرنەگیرین و نە گەڕێینەوە سەر کلتووەرە جوان

و پڕ سوودەکانی داپیرە و نەنکەکانمان و وابکەین بە شێوەیەکی سروشتی, وەکو ئەسپ و ئاسکەکان منداڵمان بێبی؟. جاران هەموو دایکەکان منداڵیان، هەرچەند زۆریش دەبوو، بەڵام بە زانی ئاسایی و بێدەستکاریی کوڕ و کچەکانیان دەهاتنە دونیاوە. ئەم قسەیەم ئەوە ناگەیێنیٚ کە مامانەکانی ئەوان کەموکوڕییان نەبووە و هەڵەیان نەکردووە.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ئەگەر بەراوردێك لە نێوان شێوازی منداڵبوونی جاران و شێوازی ئێستادا بکەین، دەبینین لە کوردستاندا ژنانی خوار تەمەن (٣٠) ساڵی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز حەز دەکەن بە نشتەرگەری (سزیری) ، واتا کەوڵکردنی بن زگ، منداڵیان ببێت. هەر بۆ نموونە لە پێش (٢٥) ساڵ ڕێژەی ئەم نشتەرگەرییە لە عیراق و کوردستان لە ژێر (١٥٪) بوو، کەچی ئێستا ڕێژەکە گەیشتۆتە نزیکەی (٩٠٪) ، کە ئەمەیش زۆر ترسناکە و کارەساتە! چونکە مەترسی لەسەر تەندروستیی دایکەکە و کۆرپەلەکە هەیە. ئەگەر ئەم نشتەرگەرییە کارێکی باش بوایا, ئەوا شاژنی ئینگلتەرا نەیدەهێشت (٥) منداڵی بە ئاسایی ببێ و نەیدەهێشت بووکەکەشی وا بکات. بەداخەوە ئەم مۆدیلی زگکەوڵکردنە، کە دەبێ بوەستێندرێت، هەڵەیەکی مێژووییە و دەبێ دکتۆر و میدیاکارەکان، ڕێگری لێبکەن و ڕاستیی لایەنی پزیشکی بۆ خەڵك ڕوونبکەنەوە.

ئێستا پرسیارێك یەخەمان دەگرێ: هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی نشتەرگەری (سزیری) لە کوردستان چییە؟ من بێ شەرم دەڵێم : یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە، کە دکتۆری نەشارەزا و پوولپەرست، هانی ئەم ژنانە دەدەن، ئەمەیش بە ترساندنیان بە تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە و ئەم جۆرە شتانە... هەمووی بۆ بەدەستکەوتن و کۆکردنەوەی زۆرترین پارەیە لە ژنە دووگیانەکان و نەخۆشەکان. ئەم کەوڵکارییەی لە جەستەی ژنی کورددا دەکرێت, زۆر کەموێنەیە لە جیهانی پێشکەوتوودا. ئێمەی دکتۆری پسپۆڕی شارەزا و بە ئەزموون, دەتوانین بڕیار لەسەر ئەنجامدانی ئەم جۆرە نشتەرگەرییە بدەین یان نا. بە گشتی لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەبێ نشتەرگەری (سزیری) بۆ ژنی دووگیان بکرێت:

*بەژن وباڵای لە (١٤٠)سم کورتتر بێت.

*منداڵەکەی سەرەوبن بێت.

*منداڵەکەی بە پانۆکی لە زانداندا ڕاکشا بێ.

*وەڵاشی پێشی گرتبێ.

*فشاری خوێنی زۆر بەرز بێت.

*نشتەرگەریی گرێی بۆ کرا بێ.

*نەخۆشیی شەکری هەبێ و کۆنتڕۆڵ نەکرێت.

*خوێنڕێژی زۆری هەبێ.

*تووشی ڕووداوی ، وەك ئۆتۆمبیل، بوبێت.

*بوونی نەخۆشیی فایرۆسی.

*ئەگەر لەبەر نەبوونی خەزنەی منداڵ، نشتەرگەریی بۆ کرا بێ .

چەند هۆکارێکی تریش....تاد. بەڕاستی زۆر غەدر لەم ژنانە دەکرێت، بەڵام بۆخۆشیان بەشێك لەو غەدرەیان بەر دەکەوێ، چونکە لە گەڵ دکتۆرەکان گفتووگۆ ناکەن و زانیارییەکان تەواو وەرناگرن و شت کەم دەخوێننەوە و زۆر هۆشیار نین.

هیوادارین کە لایەنە بەرپرسەکان ئەم بابەتە و زۆر بابەتی دیکەی تەندروستیش بورووژێنن و بایەخی پتری پێبدەن، لە پێناو زامنکردنی نەوەیەکی تەندروست و باش بۆ هەمووان. با بگەڕێینەوە سەر کلتووری داپیرەکانمان و چیتر ئەم کەوڵکارییەی جەستەی ژنان قبوڵ نەکەین.

# گۆپاری کوردەواری



**حەمید ڕەشاش**

من هەرچەند جارێ گۆپارەکی کوردەواری ڕەسەن دەبینم، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشم و کزەم لەجەرگییەوە دێ و ڕۆژانی مێردمنداڵیی خۆم وەبیر دێتەوە، کە لە ساڵانی (١٩٤٨ )و (١٩٤٩)، لە ناوچەی خۆشناوەتی بووم، لە گوندی شێخ وەسانان ڕەنجبەر بووم. ڕۆژانە دەچوومە ناو ئەو چیاوچۆڵ و لێڕەوار و دارستانەکان دەگەڕام و چاوم دەگێڕا لە ناو داران، شووڕەداری ڕاست و شلکم بکەوتبا بەرچاوان، بۆ گۆپاری باش بوو.شووڕەدارەکەم لە پای دارەکە دادەماری و هەر لەناو دارەکان قالبەکم ڕەجاودەکرد و بەگورجی ئاگرەکم دەکردەوە و شووڕەدارەکەم بە ئاگرەکە گەرم دەکرد و بە قالبەکەی شووڕەدارەکەم دەچەماندەوە و دەمکردە گۆپاری کوردی ڕەسەن. باسکردن لەسەر گۆپار(یان گۆپاڵ یان گۆچان)لە کوردەواری قسە زۆر هەڵدەگرێ. ئێمە زۆر جۆر داردەستمان هەیە، گۆپاریش یەکێکە لەو داردەستانە. جا هەر جۆرە داردەستێك ناوی خۆی هەیە و بۆ مەبەستێکی تایبەت هەڵدەگیرێ و بەکار دێ و یان لەدەست دەگیرێ. لە ڕووی

زمانەوانیشەوە، زاراوەی (داردەست) تەنیا ئاماژە نییە بۆ خودی دارەکە، بەڵکو بەو کەسانەش دەڵێن داردەست کە خۆیان دەفرۆشن, دەبنە نۆکەر و خزمەتکاری بێگانە، کە ئەوانیش بە (داردەستی بێگانە) ناسراون، کە بۆ بەرژەوەندی تنایبەت بە کار دەهێندرێن. جاران لە ناو کوردەواریدا، لە کاتی هەژاری و فەقیری، بەشی زۆری خەڵکی خەریکی کەروکاروان و ئیش وکار بوون، بۆیە دەیانگوت بڕۆ ڕێگای دوور، دۆست و ڕەفیقت نان و داردەستە. ئێستا دێینە سەر ناوی ئەو جۆرە دارانەی کە بۆ گۆپار باش بوون و بەئاسانی دەچەمانەوە, یان دادەهاتن. لەبەر ئەوەی هەموو جۆرە دارێك ناچەمێتەوە، بۆیە کاری گۆپاری دەبێ شووڕەداری شلك بێ. ناوی دارەکانیش ئەمانەن:

١. دارکنێر: باشترین و جوانترین دارە بۆ گۆپار، ڕەنگێکی زەردو جوانی هەیە و بۆنیشی زۆر خۆشە و ئاسانیش دەچەمێتەوە، بەڵام دۆزینەوەی ئاسان نییە.

٢. داری بناو.

٣. داری تاوك.

٤. داری بەڕوو.

٥. داری مازی.

٦. داری بیی: گۆپاری ئەم دارە زۆر سوکەڵەیە و خۆشو لە دەست و هەڵگرتندا.

٧. داری توو.

٨. داری بەڵالوك: بەڵام ئەمەشیان بە زەحمەت دەست دەکەوێ.

خۆشبەختانە، ئەم دارانە هەموویان لە ناوچە شاخاوییەکانی خۆماندا هەن. جاران و ئێستاش، کورد دەڵێ: منداڵ وەك شووڕەدارە، ئەگەر بە منداڵی نەیچەمێنیتەوە، کە گەورە بوو بەئاسانی ناچەمێتەوە و فێری کار و کاسبی نابێ.بۆ لە دەست گرتن دەبێ هەموو جۆرە داردەستەکان ڕاست و بێگرێ بن.


ئێستا دێینە سەر باسی شێوەی چەماند یان داهێنانی گۆمکی گۆپار( کەوانەی گۆپار، قەڤ گۆپار). داری گۆپاری لەلا ئەستورەکەیەوە دەچەمێندرا یان دادەهات. چەماندنەوەی کۆمکی گۆپار، بەبێ قالب ناچەمێتەوە و جوان نایەت. قالبی گۆپاریش دوو جۆرە: قالبی باریك و قالبی ئەستوور. قالبە باریکەکە بۆ ئەو جۆرە گۆپارانەیە کە بۆ جوانی پیاوە پیرەکان و نابیناکان لە کاتی ڕۆیشتن لە دەستیان دەگرن.ئەم جۆرە گۆپارە گۆمکی خڕ و جوانە و گۆمکەکەی زیاتر بۆ یەکدی دەێتەوە و وەك بازنەی لێدێ. قالبە ئەستوورەکە بۆ گۆپاری کەوانە گەورە بوو، واتا گۆپاری گۆمك گەورە، کە شوانەکان بەکاریان دەهێنا بۆ ئاژەڵ گرتن. نەختێکیش درێژتر بوو. جوانی گۆپاری کوردی لە قالبەکەیەتی.ئەم قالبە لە دارەکی سێ لك یان سێ جوکل بوو، ئەو جۆرە دارە سێ لکانە لە ناو دارستانەکانی کوردستان زۆر بوو، قەبارەی ئەستووری لکەدارەکان بەقەد باسکی زەلامی دەبوو. ئێمە جاران کە گۆپارمان دەچەماندەوە، لە نزیك قالبەکە ئاگرێکمان دەکردەوە تا دەبووە نیو

ئاگر و نیو خۆڵەمێش، شوورەدارەکەمان دەهێنا، لایە ئەستوورەکەمان لە بن ئاگرەکە ڕادەکرد، تا دەستی دەکرد بە قرچە قچ کردن و ئاودەردان، لەپاشان دارەکەمان لە ئاگرەکە دەردەهێنا و بە گەرم و گوڕی لە قالبەکەمان وەردەئالاند وەك خۆمان دەمانەویست. ئەوجا بە داوە بەنێك گۆمەکومان دەبەست تا ڕاست نەبێتەوە، ئەم بەنەشی هەر پێوە بوو تا باش باش وشك دەبۆوە و دەقی خۆی دەگرت.، جا جارێکی دیکە گۆمکی گۆپارەکەمان بە ئاگرەکە (ڕەقەبژێر) دەکرد بۆ ئەوەی دڵنیا بین جارێکی دیکە گۆمکەکە هەڵنایەتەوە، یان ڕاست نابێتەوە. جا بابزانین ( ڕەقەبژێر) چییە؟ واتا بۆ جاری دووەم گۆمکی گۆپارەکە بە ئاگر گەرمدەکرێت و سوور دەکرێتەوە. جاروا هەیەلە کاتی ڕەقەبژێر، هەندێك گۆپار, گۆمکەکەی دەجڕژێ، جڕژاندنیش ئەوەیە لەکاتی گەرم کردن و سوورکردنەوەکە، چەند پەلە دارێك لەسەر بەشە چاماوەکەی گۆمکەکە، قیتدەبێتە , ئەمەش بە چەقۆ و قەڵەمبڕی تیژ چارەسەر دەکەن، ئەو جڕژانە بە چەقۆ دەبڕن و جوان جوان گۆمکەکە ڕێکدەخەنەوە. گۆپاری باش لە کوردەواری ئەو گۆپارەیە کە گۆمکەکەی باش چەماوەتەوە و پاش گۆمکیان هەیە. پاش گۆمك ئەوەیە سەرنووکی گۆمکە چەماوەکە نەختێك بۆ دیوی دەرەوە چەماوەتە، وەك بڵێی پشتەو شکێن دەکرێت، ئەمەش هەر بۆ جوانییە.

خوێنەری بەڕێز، مەبەستمان لەم درێژدادرییە، ئەوەیە کە نەوەی نوێ بە هێندێك وشە و زاراوەی جیهانی گۆپار ئاشناکەین، کە زۆربەی زۆریان نەیان بیستووە و نایزانن.

ئێستا با بێنەسەر باسی داردەست، کە ئەمیش لە کوردەوارید جێگەیەکی بۆ خۆی گرتووە. بە کورتی جۆرەکانی داردەست ئەمانەن:

* داردەستی ئاسایی: بریتییە لە توولەدارێکی ڕاست، جاران زۆر کەس لە دەستیان دەگرت بۆ خۆپاراستن و هاژوانی مالات و کوشتنی جڕوجانەوەر.



چەند گۆپارێکی خۆمالی

* کوتەك: جاران گاوانەکان جۆرە داردەستێکیان لەدەست دەگرت کە نەختێك ئەستوور بوو، ئەوانیش بۆ خۆ پاراستن و لێخوڕینی گاوگۆول بەکاریان دەهێنا. کورد دەڵێ:»زانا بە قەڵەم، نەزان بە کوتەك.» یان دەڵێن:» کوتەك دەزانی، قۆناغ لە کێیە.»

* تۆبز: ئەویش جۆرە داردەستێکە سەرێکی خڕەی ڕەقەکارە، هێندێ جار تۆبزیان لە قیڕدەگرت و پێیان دەگوت( تۆپزە قیڕینە). تۆبز بۆ شەڕ و بەرگریکردن زۆر کاریگەر بوو. جاران دەگوترا:»فلان کەسیان بە زەبری تۆبز برد.» یان ئەگەر کەسانێك کەسێکی دیکەی هاندابوایا، پێیدەگوت:» تۆبزی ئاش بگێڕی.

* دارجووت: داردەستێکی درێژ بوو لە کاتی جووتکردن ولاخەکانیان پێ لێدەخوڕی.

* لاپووتە (مەساسە): چونکە لە زستان و بەهاراندا، هەوجاڕ و گاسن زۆر قوڕی پێوەدەنووسا، لەسەر دارجووت، لای بنەوەی لاپوتەیان (یان مەساسەیان) تێدەخست کە لە ئاسن دروست دەکرا بۆ داماڵینی ئەو قوڕە.

* داروەکاز: ئەمە لە زاراوەی (دار عەکاز) ی عەرەبی وەرگیراوە، ئەمە لە شێوەی گۆپاری ئەروپایی بوو، پیرەمێردەکانی خۆشمان هەڵیان دەگرت. هەر ئەم داروەکازەیە کە پێی دەڵێن دارعەسا، وەك داردەستی پیرۆز، شێخ و سۆفی و مەلا و سەید هەڵیان دەگرت. لە کوردەواری زۆر جار (عەسای مووسا)ش دێتە ناوناوان. دار عەسای ئینزیباتی عەسکەریش هەیوو، کە داردەستێکی کورت بوو، پتر لەبن باڵی خۆیان ڕادەگرت.

* داری دەرۆزە: جاران دەرۆزەکەرەکان، لەبەر فەقیری و هەژاری بۆ نان پەیدا کردن، لە گوندەکان دەگەڕان، ئەو داردەستە درێژەیان پێبوو بۆ خۆ پارستن لە سەگی ئاوایی. ئەوان بە دەفزەنین و سەلەوات لێدان دەرۆزەیان دەکرد. داریدەرۆزەی، گەیشتۆتە ناو ئیدیۆمی کوردیش، بۆ کوڕێك سەروەت و سامانی باوکی بەفیڕۆ بدات، دە گوترێت: کوڕی فلانی داریدەرۆزەی لە دە ستی باوکی نا.

* قاشو (قاشوش): کتومت داردەستی ئاسایی بوو، بەڵام لای سەری خوارەوەی نەختێ چەماوە بوو، وەکو داری یاری ( هۆکی) ئەوروپایی. جاری ئەم قاشووە یاری قاشوانێی پێدەکرا. ئەم یارییە هەر وەکو یاری هۆکییە، جاران لە وەرزی زستان و بەهاران، منداڵانی گوندی لە جێگەی دارستانەکان دەیانکرد.ئەو تۆپەی ئەو یارییەی پێدەکرا، پێیان دەگوت (گۆ) شوێنی گۆڵەکەش پێیدەگوترا ( هۆڵ), هۆڵجی هەمان ڕۆڵی گۆڵچی ئێمرۆی هەبوو. هەر بە قاشوو، یارییەکی دیکەش دەکرا پێیان دەگوت(داك داکانێ).

* نەقیزە: داردەستێکی کورتە، سەری بنەوەی نووکە بزمارێمی تێچەقێنراوە، بۆ لێخوڕینی وەلاغ بەکار دێت.

جاران لە وراتی خۆشناوەتی، بە باران، کۆپار و داردەستیان دەبردە شار و گونەدەکان بۆ فرۆشتن، یان بۆ گۆڕینەوە بە دەغڵ ودان....

# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پڕۆفیسۆر مستەفا زەڵمی لەبارەی زمانەوە *



**پاڕێزەر: تارق جامباز**

گەرچی تەمەنی لەسەرووی نۆهەتساڵییەوەیە، بەڵام بیرو هزرێکی ڕوون و قوڵ و وردی هەیە، چونکە هەر پرسیارێکی ئاراستە بکەی، دەستبەجێ، بەپشتبەستن بەسەرچاوەی شەریعەت و یاسایی، وەڵامت دەداتەوە کە پڕ بە پیستی پرسیارەکەت بێ. ئێستا نیوەی مووچەی خانەنشینییەکەی کە (چوار ملیۆن دینارە) واتە دوو ملیۆن دیناری تەرخانکردووە بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانی، کە ژمارەیان لە پەنجا ڕەتی کردووە و بەردەوامیش پێیان دادەچێتەوە، ئینجا جارێکی دیکە چاپیان دەکاتەوە. هەندێ لەبەرهەمەکانی لە زانکۆکانی پێنج وڵات دەخوێندرێن. لە ٢٠١١/٢/٢٤ چوینە لای بەڕێزیان و چەندین پرسیارمان لەبارەی زمانەوە ئاراستەکرد و بەنەوار تۆمارمان کرد، دواتر هێنراوەتە سەر کاغەز و هیواداریـن کە لەشی ساغ و تەمەن درێژ بێ. بە چڕترین و باشترین شێوە و شێواز، لێکۆڵینەوەی لەبارەی یاسا و شەریعەت کردووە، کە پێشتر کەس بەم جۆرە پڕۆفیشناڵانە کاری لەسەر ئەم بابەتانە نەکردووە، کە زانیاریی پتر و قوڵتر و فراوانترمان پێ دەبەخشێ و ڕاو بۆچوون و ئەوانەی باسیان دەکات خاڵ لەسەر پیتەکان دادەنێ و ڕاشکاوانە و بوێرانە دەریان دەبڕێ. خوازیارین کە بەرهەمەکانی لەزانکۆکانی کوردستان لە بەشی یاسا و شەریعەت بەڕێك و پێکی بخوێندرێ، تاکو ڕۆڵی ئەم زانا و دانایە بۆ خوێندکاران بەدەرکەوێ.



**تاریق جامباز و پ. مستەفا زەڵمی**

**- بۆچی نە لەیەکێتیی زانایانی موسڵمانانی جیهان و نە لە ڕێکخراوی هاریکاریی ئیسلامی, باسی مافی ئەو نەتەوانە نەکراوە کە غەیرە عەرەبن؟**

**زەڵمی:** باسی کێشەکەیان نەکردووە، باسی کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی لەو ئیعلامی ئیسلامییە ئیش دەکەن وەك بیر لەوە ناکەنەوە مەسئولیەتەکە لەسەر ئەوانەو ئۆباڵەکەی دەخەنە سەر نەتەوەکەی دیکە، ئەساس ئەوەیە کە ئەو بۆخۆی فێر ببێت، مەسئولیەتەکە لەسەر ئەمانە بۆیەش باسی ناکەن. وە دەبێت ئەوانیش کێشەکە چارەسەر بکەن، واتا دەیانەوێت لەو بەرپرسیارەتە هەڵبێن.

**- واباوە زمانی بەهەشتییەکان زمانی عەرەبییە، ئایا لە ئاینی ئیسلام زمانێك پیرۆزترە لە زمانەکانی دیکەی موسڵمانان؟**

**زەڵمی:** ئەوە ئوستورەیەکی خورافییە، زۆر لە عەرەبەکان، زیاتر ئەڵێن زمانی پرسیارو وەڵامی قەبریش بە عەرەبییە، زمانی ئەهلی بەهەشت عەرەبییە، ئەوانە هەموویان خورافاتە، عەرەب بۆخۆی دروستی کردووە بۆ دیعایە بۆخۆی، هیچ بنەمایەکی نییە.

**-شۆڤێنییە عەرەبەکان وادەزانن ئەوەی بۆتە موسڵمان واتا دەبێ ببێتە عەرەب، بەرێزتان ئەم ڕاوبۆچوونە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

**زەڵمی:** ئەوەش دووبارە ئیسپاتی شۆڤێنییەت و خۆپەرستیی خۆیان دەکەن، کە عەبدولسەلام عارف بوو بە سەرۆك وەزیران، ئێمە تێکەڵاوییەکی زۆرمان هەبوو وەك خێزان لەگەڵ عەبدولسەلام عارف، چونکە ئەو ٥ ساڵ ئامری من بوو، من ١٧ ساڵ لە سوپادا کارم کردووە، ٥ ساڵ لەگەڵ ئەودا کارم کردووە، تا شۆڕشی ١٤ی تەمموز سەری هەڵدا، ڕۆژێکیان لەگەڵ دایکی منداڵەکان، دایکی محەمەد، چووینەماڵیان، وتی: ئوم

محەمەد ئێوە بە عەرەبی قسە دەکەن یان بە کوردی دایکی محمدیش گووتی بە زمانی کوردی، ئەویش پێی گوت بۆچی ئێوە لە ماڵەوە بە کوردی قسە دەکەن؟ منیش گوتم ئەبو ئەحمەد بۆچی دەبێت بە عەرەبی قسە بکەین؟ گوتی لەبەر ئەوەی خۆتان بە موسڵمان دەزانن (عەبدولسەلام شۆڤێنی و خۆپەرست بوو تا بەرزترین پلە)، عەبدولسەلام گوتی لەبەر ئەوەی زمانی بەهەشت عەرەبییە، قەبر عەرەبییە، قورئان عەرەبییە، لەبەر ئەوە ئێوە کە موسڵمانن بە عەرەبی قسە بکەن.

دایکی محمدیش پێی گوتەوە کە ئێمە کوردین چۆن بە عەرەبی قسە دەکەین، کە زمانی خۆمانە. ئێمە کە بردیانین بۆ ماڵی عەبدولسەلام بە ئۆتۆمبێل بردیانین، بەڵام لە وەڵامەکانی دایکی محەمەد تورەبوو، بە ئۆتۆمبێل نەیان بردینەوە بە پێ گەڕاینەوە.

بەڵێ ئەوەش وشەیەکە، یان ئاماژەیەکە، کە لە کانگای خۆپەرستی و شۆڤێنییەت دێتە دەرەوە، هیچ پەیوەندیی بە دینەوە نییە.

**–ناونانی منداڵانی کورد بە ناوی کوردی مافێکە لە ڕووی شەرعەوە چۆن باسی لێوەکراوە؟**

**زەڵمی:** نەخێر، خۆی لە بنەڕەتدا ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ)، لە حەدیسێکدا دەفەرموێت ناوەکانتان با عەبدوڵابێ عەبدولرەحمان بێ عەبدولقادر بێ ئەو شتانە بێ، ئەوە مانای ئەوە نییە بۆ پەیوەست بوونە، ئەگەر منداڵەکە بەهەرناوێك بنێی گوناهبار دەبی، چونکە خوا قورئانی بەڵێ بە عەرەبی ناردووە، بەڵام مانای ئەوەنییە قورئان لە غەیری عەرەب حسابی بۆ ناکات، تۆ منداڵەکەت بەهەر ناوێکەوە ناو دەنێی، بەڵام ناوەکە سروشت بێ یان درەختێك یان شاخێ بێ، سوننەتە ئەو ناوانەی عەبدی خوای تێدابێت، باشترە، ئەگەر ناوێکی دیکەی نا هیچ گوناهبار نابێت، چونکە واجب نییە لەسەری ئەو ناوانە، واجب نییە محەمەد بێ عەبدوڵا بێ ئەوانە...

**–زمانی کوردی لەچەندین وڵاتی موسڵمان قەدەغەیە، ئایا ئەمە پێچەوانەی ئایاتەکانی قورئانی پیرۆز و حەدیسەکانی پێغەمبەر نین؟ بەڕێزتان وەڵامتان بۆ ئەوە چییە؟**

**زەڵمی:** خوائەوە دەسەلمێنێت وەك خوایەتی خۆی کە لەهەر قەومێك زمانێکی داونەتێ، قورئان باسی ئەوە دەکات کە لە موعجیزەی خوا ئەوەیە هەر قەومێك زمانی خۆی هەیە.

**–ئەو وڵاتانەی موسڵمانن، وەك تورکیا و ئێران و عیراق و سوریا, یان ئەوکەسانەی کە غەیرە قەومی خۆیان لەبەردەستیانە, دەیانچەوسێننەوەو نایەڵن بە زمانی خۆیان قسە بکەن.**

**زەڵمی:** خۆی دەبێ هەرکەسێك بە زمانی خۆی، بە زمانی دایکی خۆی، چونکە خوا لە قورئاندا فەرمویەتی: یەکێ لە موعجزاتی خواو لە قودەرەتی خواو لە ئیرادەی خواو لە مەقدەریەتی خوا ئەوەیە کە هەرکەسێك زمانێکی بۆ دروست کردووەو بەزمانی خۆی قسە دەکات.

**– بۆ پاراستنی زمان، پێویستە هەر زمانێك بە نووسین و خوێندن بەکار بهێنرێت، بەرێزتان چەند بەرهەمتان بەزمانی کوردی هەیەو چەندیان بەچاپ گەیەنراون و چەندیان بە دەستنووسی ماونەتەوە؟**

**زەڵمی:** من داخەوە حەقیقەتەن ئەوەی بەزمانی کوردی دامناوە یەکێکیان ژیاننامەی خۆمە، دوو

بەرگە، دووەم دابەشكرانی میرات، بەناوی تەرازووی میرات، سێیەمیان ئەوەل بەرهەمم و ئەوەل نووسینم، کە ٤٩ بەرهەمم هەیە. یەکەمیان بە کوردی کردوومە کە مەولود نامەیە، نەك ئەو مەولودنامە خورافییە کە لەناو عالەمدا بڵاوە بەتایبەتی لە هەولێر، مولودنامەیەکە لە حەقیقەتی، لە ژیانێکی حەقیقیی پێغەمبەر (د.خ) دەرمهێناوە، بەڵام لێیان ونکردووم و بردیان بۆ هەڵەبجە بیخوێننەوە، لەوێ ون بوو، ئەوەش هۆکارەکەی چی بوو کە بەزمانی کوردی نووسینم، من نووسینەکانم لەبارەی یاساو شەریعە بۆ هەموو کەسێکەو تەنها بۆ کورد نییە، ئێستاکە کتێبی من لە پێنج دەوڵەت, لە کولیاتی قانون و شەریعە مەنهەجن، ئوردن و یەمەن و مالیزیاو ئەندۆنیزیا و سودان، لەو پێنج دەوڵەتە کتێبی من لە کولیاتی قانون و کولیاتی شەریعە دەخوێنرێن، وەك ئوسوڵی فیقه و میراس و مەنتق و مدخلی قانونی، دووبارە لە زانکۆکانی عیراقدا، ئەو چوار کتێبە لە هەموو کولیاتی قانوندا، بە فەرمی نزیکەی ٢٠ ساڵ دەبێ کراون بە مەنهەج. لە کولیاتی قانون کە بە عەرەبی دەگوترێتەوە سێ کتێبم کراوە بە کوردی، تەرجەمەی عەرەبییەکە بۆ کوردی ئاسانە، بەڵام تەرجەمەی کوردییەکە بۆ عەرەبی، لە وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتە ئیسلامییەکان زەحمەتە، جا لەبەرئەوەیە نەك لەبەر ئەوەی هەست و شعوری کوردایەتیم کەم بووە یان نەم بووە، نەء، بڕواناکەم. ئەو پێشمەرگانە لەو شاخانە سیلاحیان بە دەستەوەیە, دیفاعیان لەم خاك و گەلە کردووە، من لە بەغدا ناڵێم لەوان زیاتر، بەقەد ئەوان خزمەتی کوردم کردووە، موچەم بڕیوەتەوە بۆ قوتابیی کوردی فەقیر، بە سەدان و هەزاران تالەبەی کوردم دەرچوواندووە، بەڵام کە دەرمچوواندووە هەندێك عەرەبیشم دەرچوواندووە، بۆ ئەوەی شك نەکەن کە من جیاوازی دەکەم. لەسەر کوردایەتی دووجار گیراوم و تەعزیب کراوم، شعوری کوردایەتیم بووە، بەڵام من ئەو کتێبانە دائەنێم، ئەگەر بەکوردی بێت تەنها کورد سوودی لێوەردەگرێت، ئەما بەعەرەبی بێت هەموو موسڵمانێك و غەیرە موسڵمانێکیش، ئێستاکە ئەم کتێبە کە دائەنێم لەم نەخۆشییەمدا ئەوە غەیرە موسڵمان سوودی لێوەردەگرێت.

**وەك دەڵێن, بۆچی زمانی کوردی لای مامۆستایانی کوردی موسڵمان لەمێژە زمانێکی کەمێك بێنازە؟**

**زەڵمی:** من لە ئەوەل کتێب، کە دامنا تەرازووی میرات، بەشێوەیەکی تایبەتی دامنا، بە تەقلیدی نییە، بۆنموونە هەموو مواریسێك دائیرەیەکم بۆ کردووە، لەوێدا هەموو مەوارسێکی هەقی هەیە لە دائیرەکەدا نووسیومە. لەپێش من کەس نەیکردووە. ناردم بۆ مەلاکان، ڕەئیتان چۆنە؟ هەموویان نووسیبوویان، لەوەجوانتر دانەنراوە، لە میراسا، عەیبی هەر ئەوەیە بە کوردی داتناوە، ئەوە ساڵی ١٩٥٣ دانراوە. ئێمە لە وڵاتی کوردستان، هەرچی نووسین بوو، نامە و ئەوانە، کەمتر بە کوردی دەنووسرا، یان هەرچی لە حدود و ئەوانەدا بوو بە فارسی دەنووسرا، هەرچی لەولاوەبوو بە عەرەبی دەنووسرا، هەتا کاتێك کە من قوتابی بووم، بەرلەوەی فێری نووسین و ئەوانە ببم تۆماریان کردبوو، کاغەزە فارسییەکانیان بە سرێش دابوو بەیەکەوە، زۆر درێژ بوو، هەر نامەیەکی تێدابوو بە فارسی بوو، فارسییەکەیان بە وانە پێدەگوتین بۆ

ئەوەی فێری نووسین و خوێندنەوە ببین، فارسیش لە ئێراندا پێنج ساڵ لەوێ خوێندوومە، لەبیرم ماوە. من کە وەختێك ئیمام بووم لە جەیش، بردیانم بۆ وەزارەتی دیفاع لقێکی هەیە تەوجیهی مەعنەوی لەوێ بوو هەموو ساڵێك دوو دەورەیان بۆ زوبات دەکردەوە و پێنج مانگ بوو من دەرسی فارسیم پێدەگوتن، من فێری زوبانی فارسیم دەکردن، ئیمامەکانیش وەك من دەورەیان دەکردەوە بۆیان منیش دەرسی شەریعەم پێیان دەگوت، مەسەلەکە ئەوەیە کورد بەردەوام لەژێر چەپۆکی فارسەکان و عەرەبەکاندا بووە لەبەر ئەوە گرنگیی بە زمانی کوردی نەداوە.

**-کاتێك عەیبی کتێبەکەت تەنها ئەوە بوو کە بە کوردییە، ئەوە کاریگەریی عەرەبەکان بوو یان کوردییان نەدەزانی؟**

**زەڵمی:** کوردییان دەزانی, بەڵام دەیانگوت: (العربیە فی الکلام کالملح فی الطعام), کە بۆچی بە کوردی کردوومە دەبوایە بە عەرەبی دام بنایە, چونکە ئێستاکە تا خانوو نەکەی بۆیاغی ناکەین، بۆیاغەکە دەکەوێتە دواین جارەوە. لەبەر ئەوەی کیانمان نەبووە دوور بووین لە زمانی خۆمان، لە مێژووی خۆمان. ئایا ئەسڵی کورد لە چییەوە هاتووە؟ وتی چەند ڕیوایەت هەیە هیچیان ساغ نەبۆتەوە کامیان ڕاستە، لەبەر ئەوەی چونکە کورد کیانی نەبووە ئەوەتا مێژووشی نییە، ناشزانرێ دەچێتەوە سەر چ نەتەوەیەك، یەکێك دەڵێ لە قەومی ئاری بوون و یەکێ دەڵێ لە میدیەکان بوون و وە لەپێش میدادا بەقوەتتریش بوون لەئاشورییەکان، بەڵام ئەو میدیانە لە ئەسڵەوە لە کوێ هاتوون، وەك تورك لە ئاسیای سوڕاوەو هاتووەتە تورکەوە و عەربیش لە جەزیرەی عەرەبییەوە هاتووەتە عیراق لە ئەسلا عەرەبیش دوو جۆری هەیە عەرەبی موستەعرەب و عەرەبی ئەسڵی هەیەو ئەوانە لەبەر ئەوەی کیانیان هەبووە و کیانەکەش ئیسلام دروستی کردووە بۆیان لەپێشی ئیسلام ئەوان قەبیلە بوون، حکومەت نەبوون.

**-ئێستا ئەگەر کورد سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، پێت وایە سەرکەوتوو بێت؟**

**زەڵمی:** نەخێر ئەمرۆ لەبەرژەوەندی کورددا نییە، کە داوای سەربەخۆیی بکات لەبەر دوو سێ هۆکار:

١- بەحرێك نییە لەسەری بێت، ڕێگای ئاوی نییە، شارێك هەیە لە تورکیا لەسەر بەحرە و زۆرینەی کوردە بەڵام بە کورد دانانرێت.

٢-هەرچوارلامان دوژمنە، بۆ بیانوو ئەگەڕێ هەڵەیەك بکەین، ئێمە ئەگەر پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران و تورکیا باش نەبێ بەسەدان کێشەمان بۆ دروست دەکەن، لەبەر چییە ئەوەی بەرژەوەندییان هەیە، بەرپرسەکانی ئێمەش ئاقڵن.

٣- خۆشمان دوژمنی خۆمانین، تائێستاکە بزانە ئەوەتا یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی گەورەکان بوونەتەوە بە یەك، مام جەلال و کاك مەسعود ئەوان بۆخۆیان بوونەتەوە بەیەك، ئەندامی حزبەکان وەك جارانە تەنها برا کوشتنی تێدا نییە، ئەوە هۆکاری سێیەم.

٤- هۆکاری چوارەم هەموو قەومێك بە زانین پێش دەکەوێ، ئێمە ئێستا ئەوە دەست پێدەکەین، لە سفرەوە، جا کەی جا ئەگەر زانستمان هەبێ ئەو تەفرەقەمان نەبێ، ئینجا بەرهەممان هەبێ، کورد پێش

دەخەین جا لەبەر ئەم هۆیانە ئەمڕۆ لەبەرژەوەندیی کورد نییە داوای سەربەخۆیی بکات، من لە کتێبەکانم و لای هەموو برادەرێك گوتوومە لە پاش ٥٠ ساڵی دیکە کورد بەهێزترین حکومەت دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەهۆی ئەم هۆکارانە:

١-نەوت ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبێتەوە، ئاوەکەش هەمووی لە کوردستانەوەیە.

٢-سامانی کوردستان هیچی وەبەرنەهێنراوە، وەك بەرد و نەوت و بەرهەمەکانی دیکە بۆ ئەوەی بیانی بێن و بە هاوبەشی بەرهەمیان بێنن.

٣- بەهۆی جوگرافیاوە کە پێی دەگوترێت ستراتیژییەت، ئەمریکا و ئەوروپاو تورکیاو بەریتانیا، سەیتەرە دەکەن بەسەر هەموو شەرقولئەوسەت ئەگەر جیان ببێتەوە لە کوردستاندا.

٤- کورد زۆر زیرەکە، من ٣٥ ساڵ وانەم گوتۆتەوە لە زانکۆدا، هەموو جار کوردەکان زۆر بەرزتر بوون لەو قوتابیانەی دیکەی کە لەزانکۆبوون، زیرەکی زیاتر بوو، لە ئەڵمانی و یابانی کەمتر نییە.

کورد زوو پەرە بە خۆی دەکات و زوو بەرهەمی دەبێت وەك ئەو کوردەی کە ئێستاکە فرۆکەی دروست کردووە، یەکەم کورد زیرەکە، وە ڕاستە لەگەڵ ئەوەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، وە ئاویش ئەمڕۆکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، هەموو ئەوانە، فەرموو هەولێر ببینن بزانن چ پێشوەچوونێکی بەخۆیەوە بینیوە بۆیە ئەمڕۆ لە بەرژەوەندیماندانییە جیا بینەوە عیراق دەبێت لەگەڵیاندابین و بە هاوڕێیەتی، هەروەك ئەوەی جوولەکە کەسبی ئەمریکای کردووە پاشانیش ئێمە ئەو کەموکور ییەی هەمانە لەناوەوە تەواوی بکەین و لەناوی بەرین، ئینجا لەدوای ئەوە داوای سەربەخۆیی بکەین وە لەماوەیەکی کەمدا ئێمە بەهێزتر دەبین لە هەموو دەوڵەتەکانی شەرق و لئەوسەت، من ئەوەم نووسیوە، وە بە برادەرانیشم گوتووە کە پەنجا ساڵیشم داناوە، بەلای خۆمەوە زۆرم داناوە، بەڵام ئێستاکە دەستگیری ناکەین.

زۆر سوپاس

## پەراوێز

*کاروانی ژیانم / موستەفا ئیبراهیم زەڵمی/ هەولێر ٢٠١٤ /بەرگی یەکەم.

لە لاپــەڕەی ٣٩،٣٨ هیچ کات کوردیان بەکار نەدەهێنا، هەروەها کوردەکانی شارەکان و مەلاکان نووسینیان بۆ یەکتر هەر بەعەرەبی بوو، دەیانووت : (العربیه فی الکلام کالملح فی الطعام ) واتە: عەرەبی لەناو ڕستەدا وەك خوێی ناو خواردن وایە، هەموو ووتارێك کە بڵاو دەکرێتەوە بەعەرەبی نەڕازێندرێتەوە هیچ تام و بایەخێکی نییە.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەناو کوردا هەبوو بەهۆی ئەوەی هەموو میللەتێك بەزمانی خۆی کارەساتی نەوەکانی دەنووسێتەوە ئەبێت بەمێژوو جگە لەکورد.

- ساڵی ١٩٥١ لە سولەیمانی مەلا بووم، کتێبێکی (دابەشکردنی میرات) کە پێی دەوترێت (الفرائض) یان (المواریث)، دامنا و ناردم بۆ هەندێ لەماموستاکان، وتیان زۆر جوانە و زۆر باشە، بەڵام عەیبی ئەوەیە بە کوردی داتناوە.

* لە ٢٠١٦/٦/٤ پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی وەفاتی کردووە



# کلتوور و شانۆ



کەیفی ئەحمەد *
kaify.ah70@yahoo.com

ئەو شتانەی لە ژمارەی پێشوودا باسکران سەلمێنەری راستگۆییە لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆریدا، لە رووی گوزارشتکردن لە کۆمەڵ و ژیانی گشتی و ئابووری و رامیاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها زمان توخمێکی سەرەکی و بنەڕەتیی بابەتە فۆلکلۆری و کولتوورییەکانە، هەرگیز ناتوانرێ رۆڵی لە گێڕانەوە و رێکخستن و گواستنەوەی بابەتە کلتوورییەکاندا فەرامۆش بکرێت، هەر بۆیە هەموو داستان و بەیت و دەقەشانۆییە کلتووری و مێژوویییە کوردییەکان بە زمانێکی رەسەن و پاراوی کوردی رێکخراون و گێڕدراونەتەوە، دەتوانین وەکو خەزێنەیەکی گەورە و دەوڵەمەند و پڕبایەخ سەیریان بکەین لەڕووی پاراستن و رزگارکردنی وشە و زاراوە رەسەنە کوردییەکان، هەروەها لەرووی پشتبەستنی ئەدیب و نووسەران و زمانەوانان و نەوەی نوێ بەو خەزێنە دەوڵەمەندە. هەر لەبەرئەوەشە، کە زمانی میللی لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆریدا زۆر بە گرنگ دادەنرێت، چونکە بەکارهێنانی زمانی میللی لەنێو ژانرە فۆلکلۆرییەکان و دەقە شانۆیی و هۆنراوە فۆلکلۆرییەکاندا، توانایەکی گەورە و سیحری بە دەقەکە دەبەخشێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی و بێ گرێ و گۆڵ لە پەیام و ناوەرۆک و مەبەستەکەی بگەین. لە لایەکی دیکە دەبێتە مایەی ئەوەی، کە خەڵکی زووتر بتوانن دەقەکە لەبەربکەن، هەروەها گرنگترین شتیش ئەوەیە، کە کردەی گواستنەوە و دەستاودەستکردن و پشتاوپشتکردن لەنێو خەڵکیدا بەشێوەیکی زۆر بەرفراوان دروستدەکات.(١) دیارە هەرکارێکیش ئەمجۆرە خەسڵەتانەی هەبێت زیاتر لەنێو ناخی جەماوەردا رۆدەچێت و شوێن پێی خۆی لەنێو چین وتوێژە جۆراوجۆرەکاندا دەکاتەوە. هەر دەقێکی شانۆیی، کە پشت بەو خەسڵەتە کەلەپوورییانە ببەستێت و زادەی ئەو ئەدەبە بێت، ئەوا دەبێتە مایەی ئەوەی، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن بینەری شانۆوە پێشوازی لێبکرێت و خۆیانی لەنێودا ببیننەوە و واهەست بکەن،

کە باس لە کێشەو مەینەتی و ئێش و ئازارەکانی ئەوان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی، کە دەقە فۆلکلۆریی و کەلەپوورییەکان تیایدا لەدایك بوونە، وای لێکردوون، کە ئەو ژانرانە لەنێو هەموو نەتەوەکاندا ببنە خاوەنی ناوەڕۆکێکی واقیعی. واش مەزەندە دەکرێت، کە ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییە هەر لە سەردەمی ( گۆرانیی شوانکارەیی) پەیدا بووبێت، واتە پێش قۆناغی کشتوکاڵی. کۆنترین جۆری فۆلکلۆریش، بریتییە لەو داستانە پاڵەوانێتییانەی سەردەمی قۆناغی دەرەبەگایەتی و چەندین بابەتی فۆلکلۆریی دیکە، کە بۆ سەردەمی کشتوکاڵی دەگەڕێنەوە، چەندین گۆرانیی کشتوکاڵیی ئەو سەردەمانەمان بەدەست گەیشتوون، هەموو ئەوانەش روخسار و ناوەڕۆکێکی گشتگیر و سروشتێکی داهێنەرانەی وێناکردنی هێزی گەل پیشاندەدەن. کەواتە گەل بریتییە لە فۆلکلۆر و خۆی سەرچاوەیەتی. لەمیانەی ئەو فۆلکلۆرەدا ڕەنگدانەوەی ژیانی گەل و وێنەیەکی راستگۆیانە بەدی دەکرێت، هەروەك (گۆرکی) دەڵێت: گەل یەکەم فەیلەسوف و شاعیر و دروستکەر و داهێنەرە، هەر ئەوە دروستکەری هەموو ئەو رۆشنبیرییە جیهانییە یە، لە هەڵبەست و داستان(٢) و حیکایەت و ئەفسانە و پەند و دابونەریت و کلتوور و... هتد، کاتێ میللەت خۆی داهێنەری هەموو ئەو ئەدەب و هونەر و کلتوورەیە، شتێکی زۆر ئاساییشە، کە بەرهەمی بیر و هێزی جەستەی خۆی بۆ خزمەتی خودی خۆی بەکاربهێنێت و لەپێناوی گەشەسەندن و پێشکەوتن و چاکسازیی کۆمەڵدا بیخاتەوەگەڕ.

هەموو دەقێکی شانۆیی، بەوانەی لە کلتوور و فۆلکلۆرەوە سەرچاوەیان گرتووە و بەوانەشی بەری ڕەنجی خەیاڵ و داهێنانی بیری خودی نووسەرەکەیانن، هەموویان لە پێناو ئاراستەکردنی پەیامێکی مرۆڤایەتی و چاکسازیی کۆمەڵایەتی و رامیاری ئابوری و ئایینی و...هتد، بەرهەمهاتوون. ئەگەر ئاورێك لە ناوەڕۆکی دەقە شانۆییەکانیش بدەینەوە، لە کۆنترین سەردەم تا ئەم ساتەوەختەی ئێستا تێیدا دەژین، هەموویان ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدا بەدی دەکرێت و لە پێناو خزمەتکردنی ژیانی مرۆڤایەتی بەرهەمهاتوون، کەواتە (( ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەر لە سەردەمی لەدایکبوون و سەرهەڵدانییەوە وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کراوە یان بەدەزگایەکی کۆمەڵایەتی چوێندراوە، لە کۆمەڵگای دواکەوتوو یان سەرەتایی، واتە کۆمەڵگای سادە، هەندێ جار زۆر زەحمەت بووە یان زەحمەتە جیاوازی لەنێوان شیعر و مەراسیمی ئایینی یان کۆمەڵایەتی یان شیعر و ئەفسانە، شیعر و کار، شیعر و یاری..)) (٣) دا بکەین، کاریگەریی ئەدەب و کۆمەڵ لەسەر یەکتری بەشێوەیەکە، کە زۆر لە زانا و نووسەرانی سەرسام کردووە، تا ئەو ئاستەی نووسەرێکی داهێنەری وەك (مەدام دواستاڵ) بەهۆی کاریگەریی ئەدەب لەسەر کۆمەڵ و بە پێچەوانەشەوە حەپەساوە، بۆیە دەیەوێت ئەو کارتێکردن و کارلێکراوە دوولایەنەیە بەشێوەیەکی زانستی بخاتەڕوو، لەو بارەوە دەڵێت: (( من دەمەوێت کارتێکردنی ئایین، داب و نەریت و یاساکان لەسەر ئەدەبیات و لە بەرامبەریشدا کارتێکردنی ئەدەبیات لەسەر ئەوان بخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە))(٤). دیارە هەرشتێکیش بچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە، ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە، کە ئەو دیاردەیە بۆتە جێگای مشتومڕ و تێڕامان و لەسەرووەستانی خەڵکی ئەکادیمی، ئەوە دیسان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ژانرەکانی ئەدەب و کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی یەکترین و گوزارشت لە یەکتری دەکەن. جێگای گومان و مشتومڕ نییە، کە زۆر کەسایەتی و پاڵەوان و بابەتی نێو ژانرە ئەدەبییەکان، لەناویشیاندا بەتایبەتی دەقەشانۆییەکان، لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بوونەتە مایەی لاسایکردنەوە و چاولێکردنیان، هەتا

ناوی هەندێ لەو کەسایەتییانە ئەوەندە خۆشەویست یان نەفرەتلێکراون، کە کەسانی خۆشەویستن و رۆڵەکانیان بەناوی ئەوانەوە دەکەن و ئەو کەسانەی رقیشیان لێدەبنەوە بەناوی کەسایەتییە خراپەکان ناویان دەبەن، باشترین نموونەش کەسێتیی (بەکر مەرگەوەر و خانی لەپزێڕین)ە، کە یەکەمیان نموونە و نوێنەری کەسێتیی نەرێنی و قێزەونە، کە لە کۆنترین سەردەمانی زووەوە تا رۆژی ئەمڕۆ وەکو کەسێتییەکی ناحەز لەنێو کلتووری کۆمەڵی کوردەواریدا ماوەتەوە و بۆتە نموونەی کەسانی تێکدەر و دووزمان و نەرێنی بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام کەسێتیی دووەم بۆتە نموونەی کەسێتیی ئەرێنی و ئازا و چاونەترس و چاکەخواز، هەمیشە هەوڵیداوە هەرچی دەسەڵات و سەروەت و سامان و هێزی تایبەتی خۆی هەیە بیخاتە خزمەتی گشتی و لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا خۆی بکاتە قوربانی و هەرگیز بیر لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی نەکاتەوە، بۆیە کەسێتییەکەی بۆتە نموونەی کەسی ئەرێنی، ئەو کەسێتییانەش لەنێو هەموو جۆرەکانی ئەدەب و واقیعی کۆمەڵدا رەنگیانداوەتەوە. ئەوە وەکو نموونە ئەگینا هەموو ئەو داستان و حیکایەت و دەقەشانۆییانەی پشتیان بە سەرچاوەی کلتووری و مێژوویی بەستووە، بێبەش نین لەو جۆرە کەسانە، ئەمەش بۆ ئەو هێز و خەسڵەتە بێوێنە و دەگمەنانەی پاڵەوانی نێو دەقە شانۆیی و داستان و حیکایەت و ئەفسانەکان یان پاڵەوانی راستەقینەی نێو کۆمەڵ دەگەڕێتەوە، چونکە پاڵەوان تاکێکی تاک و تەنیایە لەو سیفەت و ناو و ناوبانگ و دەسکەوتانەی دەدرێنە پاڵی و هەڵیدەگرێت، هەر بۆیە مافی خۆیەتی و لەسەر گەلەکەشی پێویستە، کە گەورەی بکەن و رێزی لێبگرن و پلە و پایەی بەرز بکەنەوە، لەنێو خۆیاندا هەمووکات باسیبکەن، ئەگەر کات و سەردەمیش بەسەریدا تێپەڕێت. ئەگەر پاڵەوان لەچوارچێوەی مێژوو و واقیعیش چووە دەرەوە، کە زۆرجار گومان لە بوونی



قەڵای دمدم

دەکرێت، لەسەرزاری خەڵکە گشتییەکەوە لەمیانەی ئەو حیکایەتانەی باسی رۆژگار و لێقەومان و ماوەی ژیانی ئەو خەڵکە کۆنە دەکرێت و بەشێوەیەکی گەورەکراو پیشاندەدرێن، وەکو پاڵەوانی ئەفسانەیی و خەیاڵی نێو داستانی شانامەی فیردەوسی(رۆستەم، رۆستەمی زاڵ، رۆستەم و سوهراب) کە بەڕای زۆر لە شارەزایان لە بنەچەدا کوردبوونە، بەهۆی ئەو هێز و توانا بێسنوور و لەرادەبەدەرەی پاڵەوان و کارکردنی لەپێناو نەتەوەکەی بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی، بۆتە جێگای رێز و خۆشەویستی هەموولایەك، بەمەش سەردەم دوای سەردەم بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕان و گەشە لە هەواڵی ئەو پاڵەوانە روودەدات. هەروها خەڵکی گشتی (عەوام)، هەر لە سروشتی دروستبوونیاندا ئارەزووی ئەوەیان هەیە، کە باوەڕ بە شتی ئەستەم و محال بکەن و ئەو شتانەش وەردەگرن کە لە خەون و خەیاڵ و ئەندێشەوە هاتوون(٥). بەپێچەوانەشەوە زۆر کاری ئەدەبی و دەقی شانۆیی رووداو و کەسایەتییەکانی لە واقیعی ناو کۆمەڵ وەرگرتووە.

کەواتە هەردوولایەن لە مامەڵە و پەیوەندییەکی بەردەوامی پۆزەتیڤ دان و بە بەردەوامی سوود بە یەکتری دەگەیەنن و شت لە یەکتری وەردەگرن، هەر بۆیە (ڤلادیمێر ژدانۆف) دەڵێت: (( دەبێ ئەدەبیات لە پێوەندییەکی

جیانەبۆوە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها لەسەر بنچینەی ژێرخانی ئەو هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە لەبەرچاو بگرین، کە شوێنیان لەسەر نووسەر داناوە.)) (٦) ، لەمەوە تێدەگەین، کە ئەدەب بەگشتی و دەقی شانۆیی وەکو ژانرێکی ئەدەبی، رۆڵ و ئەرکێکی گرنگ و گەورە دەگێرێت لە ناساندن و گواستنەوەی کەلەپور و فۆلکلۆر و کلتووری نەتەوەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەشێوەیەك، کە وا لە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو دەکات، کە شارەزایی و ئاگاییيان هەبێت لە رابردووی مرۆڤایەتی بە گشتی و نەتەوەکەی خۆیان بەتایبەتی، دەزانن کە چۆن ژیاون و مێژووی رابردوویان چۆن تۆمارکراوە، ئەمەش وادەکات، کە دەرس و پەند و عیبرەت لە هەڵە و خەوشەکانی رابردوو وەربگرن و هەوڵبدەن جارێکی دیکە دووبارەی نەکەنەوە و دووبارە کەسی دیکە باجی ئەو هەڵانە نەداتەوە، هەروەها پەیرەوی لایەنە باش و گەشاوە و ئیجابییەکان بکەن و شانازی پێوەبکەن . لە بارەی ئەرکی ئەدەبیات ( تۆماس وارتن) پێی وایە کە ((... ئامانجی سەرەکی ئەدەب ئەوەیە بە دڵسۆزی کارێکتەر و کەسایەتی سەردەمێك تۆمار بکات و نوێنەرایەتی داب و نەریتی کەسان و کۆمەڵان بپارێزێ، کە سەرنجراکێشە و لەهەمان کات باشترین دەربڕینە...))(٧).

## پەراوێز

١-الادب الشعبی العراقی، ماجد شبر، دار کوفان، لندن، ١٩٩٥، ص١٨، ١٩.

٢-الواقعیة فی الادب الکردی، د. عزالدین مصطفی رسول، اراس، اربیل، ٢٠١٠، ص٢٦.

٣-ئەدەب و کۆمەڵگە، د. موحسین ئەحمەد عومەر، گۆڤاری رامان، ژ(١٠٥)، ٢٠٠٦، ل١١٨.

٤-ئەرکەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات، روبێر ئیسکار پیت، و. عەولا بەهرامی، گۆڤاری رامان، ژ(٣٩)، ١٩٩٩، ل٥٧.

٥-الاسطورة بین العرب والفرس والترك، د. حسین مجیب، دار الثقافة للنشر، ج٤، ص٢٠٠.

٦-ئەرکەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات، روبێر ئیسکار پیت، ل ٥٨.

٧-ئەدەب و کۆمەڵگە، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٢٢.

---

## سەرچاوەکانی هەردوو ژمارەی(٢، ٣)


١. مبادء علم الدراما، د. سمیر سرحان، هلا للنشر والتوزیع، ٢٠٠٠، ص٦٢.

٢. المرشد الی فن المسرح، لویس فارجاس، ت. احمد سلامة محمد، دار الشؤن الثقافیة العامة- بغداد و الهیئة المصریة العامة للکتاب- القاهرة، ص٣١.

٣. دەروازەی دراما، ئەحمەد سالار، ب٢، چ٢، چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٦٤- ١٠١.

٤. معجم المصطلحات الادبیة، ثول آرون وآخرون, ت. د. محمد محمود, بیروت، ٢٠١٢، ص٦٣.

٥. اولیة النص، د. طلال حرب، مؤ سسة الجامعیة للدراسات ، بیروت، ١٩٩٩، ص٦٩،٦٨.

٦. الادب الشعبی العراقی، ماجد شبر، دار کوفان، لندن، ١٩٩٥، ص١٨، ١٩.

٧. الواقعیة فی الادب الکردی، د. عزالدین مصطفی رسول، اراس، اربیل، ٢٠١٠، ص٢٦.

٨. ئەدەب و کۆمەڵگە، د. موحسین ئەحمەد عومەر، گۆڤاری رامان، ژ(١٠٥)، ٢٠٠٦، ل١١٨.


٩. ئەرکەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات، روبێر ئیسکار پیت، و. عەولا بەهرامی، گۆڤاری رامان، ژ(٣٩)، ١٩٩٩، ل٥٧.

١٠. الاسطورة بین العرب والفرس والترك، د. حسین مجیب، دار الثقافة للنشر، ج٤، ص٢٠٠.

١١. ئەرکەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات، روبێر ئیسکار پیت، ل ٥٨.

١٢. ئەدەب و کۆمەڵگە، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٢٢.

# پیاو لە چەند ئیدیۆمێکی کوردیدا



**دێدەوانی یەعقوب**

پیاو, نێر یان ڕەگەزی نێرینەی تەمەن لە١٨ ساڵان بەسەرەوە, لەزمانی کوردیدا, بەچەندین دەربرینی کورت پێناسەکراوە, ئەمەش ئەوەدەگەیێنێ کە زمانزان و کورتگۆکان و زمانپاراوەکانی کوردەواری, ویستوویانە لەچەند دەنگێکدا و زۆر بەکورتی وەسفی پیاوبکەن, ئەوەش دووهۆکاری هەبووە: لەلایەك بۆئەوەبووە لەو کورتە دەربڕینەدا وەسفی شێوە و تەمەن و ئازایەتی و خو و خولیا و خواردن و کارو تواناو زانین و ڕەوشت و باڵا و ڕەنگ و جل و بەرگ و باری کۆمەڵایەتی و ئاینی و هۆزوناوچەی ژیانی پیاوان بکەن, بۆئەوەی خەڵك بتوانن لە بیریان بمێنێ و ڕۆژانە لەوەسفی پیاوێکی گونجاو ئەو وەسفەی بۆ بەکاربهێنن, لەلایەکی تریش تونای خاوەنی وەسفەکە دەردەکەوێ, کە لەو چەند دەنگەدا توانیویانە ئامانجەکان بپێکن و پێناسەکان بکەن و مەبەستەکانیان بگەیێنن. هونەرێکیش بۆزمانی کوردی ئەوەیە لەگەڵ هەمووگۆڕانکارییەکان و پەیدابوونی خوێندەواری و ڕۆژنامە و گۆڤار و دواتر رادیۆ و تیڤی و ئێستاش ئەو هەموو سایت و ماڵپەڕ و تۆڕەی ئەنتەرنێت, هێشتا ئەو پێناسە کورتانە وەك پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و قسەی پێشینان هەر بەسەرزارانەوەن و بەهای خۆیان لە دەست نەداوە.

*(پیاو) کرداری پیاوانەیە و بەکەڵکە.

*(پیاوی پیاوانە) بۆکاتی لێقەومان و هاوار, هاوکارە و دێتەدەست.

*( پیاوی ناو پیاوان) لەڕووی کەسایەتییەوە سەنگی خۆی هەیە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ پیاوەکاندایە.

*( پیاوی تەنگانە) لەوەختی بانگ و هاوارو کارەساتدا فریای خەڵك دەکەوێ.



ژیانی لادێی جاران

*( پیاوی ڕۆژی لێقەومان) لەڕووداو قەومانەکاندا خێرا دێتە دەست و فریای لێقەوماو دەکەوێ.

*( پیاوێکە سەد پیاوی پێدەشکێ ) بەقەد سەد پیاوی بێ کەلك سوودی هەیە یان دەسەڵاتی هەیە.

**( پیاوی دەستوەکەر) (دەستکەرەوە): لە شەڕو دەستکردنەوەدا بەدەستە و زوو دەستدەکاتەوە.

*( پیاوی دیوان دڕ) لە نێو دیوان و دیوەخان و کۆڕی پیاواندا دڕ بەخەڵك دەداو ئازایەتیی خۆی دەردەخات.

*( پیاوێکە پیاونییە شان لەشانی بدا) ئازاو بەتواناو لێهاتووە و هاوشێوەی نییە.

*(پیاوی خۆی دەوێ ) کارەکە سەختە بە هەموو کەسێك (پیاوێك)، ناکرێ.

*( پیاوبە) خۆت چاکەو ڕەفتاری نابەجێ مەکە و کردارت پیاوانەبێ.

*(پیاوبڕان) کاتێك کارێك یان ئەرکێك، پاداشتێك بدرێتە کەسێك کە ناشایستە بێت، یان هیچ لەپیاو ناچێ.

*( پیاوەتیی لێ ناوەشێتەوە ) ئەو شتەی لەپیاوان چاوەڕواندەکرێ لەدەستی ئەو نایە.

*(پیاو نییە) نەمێردە _ نێرە موکە.

*(ناپیاو) چاکە و پیاوەتی لەدەست نایە.

*(پیاوی خێرو خێرات) تایبەتمەندیی لە خێرکردن و کاری خێرخوازیدا هەیە.

*(پیاوەتی لەدەست نایێ) چاکە ناکا و خێرخواز نییە و لەگەڵ ئیشدا نییە.

*( پیسکە پیاو ) قرچۆك و ڕژد و ڕەزیل و دەست قوچاو.

*( بۆرە پیاو) پیاوێکی بێ کەڵك، کە سوودی بۆخەڵك نییە و بەس بۆخۆی دەژی.

*( هەر بەناو پیاوە) تەنیا لە ڕەگەز نێرە و بەپیاو حەسێبە، ئەگەرنا سیفەتی پیاوانەی نییە.

*( گەندە پیاو) بەدوای شتی بێ کەڵکدا دەگەڕێ ولەگەڵ کەسانی بێکەڵك ڕەفتار دەکات، وەك خواردنی گەنیو وایە و تەنیا ڕوخساری هەیە.

*( گەر بەسێمێڵ بایە پشیلە یەکەپیاو دەبوو ) ریش و سێمێل پێوانە نین بۆ پیاوەتیی پیاو.

*(بە هەموو پیاوێك ناگوترێ پیاو) مەرج نییە هەر نێربێ تەمەنی هەبێ و پێی بگوترێ پیاو، چونکە پیاو هەر ئەوەنییە نێربێ و لە قۆناغی لاویەتی گەورەتربێ، بەڵکو دەبێ کردەوەکانی پیاوانەبن.

*( نەژن و نەمێرد) لە ڕەفتاردا وەك ژنیش دەچێ و وەك پیاویش دەچێ.

* (هەرپیاوە یەك و سەد دەبڕێ) چۆن زەویی بەپیت جاری وایە یەك بەسەد داهات و بەرهەم دەدات، لەدوای زەویش هەر پیاوی تەواوکار و تەواو پیاو و ئاکار پیاوانە و مەرد، هێندەی سەد پیاو هەیە.

*(قونچکە پیاو)(دەڵێی قونکی پیاویە) باڵای کورتە و جوان نییە و تەنیا سەرسەکۆتی وەك پیاوی تەواوە.

# The British Museum
# بەهەشتی شوێنەوار وشوێنەوارناسان (مۆزەخانەی بەریتانی)



هێمن نعمان

یەکێکە لە کۆنترین مۆزەخانەکانی جیهان، ئەگەر کۆنترینیان نەبێت، مێژووی دروستکردنی ئەم مۆزەخانەیە بۆ ساڵی (١٧٥٣) دەگەڕێتەوە، کە لەم ساڵەدا (سێر هانس سلۆون) مرد، زیاتر لە (٧٩٥٧٥) پارچە ئەنتیکەی جۆراو جۆری کە لە سەرتاسەری جیهان کۆی کردبووەوە لەدوای خۆی جێی هێشت و میراتگرەکانی بە بڕی (٢٥٠) هەزار پاوەن بە پادشا (جۆرجی دووەم) پادشای بەریتانیای مەزنیان فرۆشت.

ئەنتیکە کۆکراوەکانی (سلۆون ) بوون بە بەردی بناغەی مۆزەخانەی بەریتانی. سەرەتا کەلوپەلەکان گوازرانەوە بۆ بینای پەرلەمانی بەریتانیا، دواتر بۆ یەکەمجار لە بەرواری (١٧٥٩\١\١٥) دەرگای مۆزەخانەی بەریتانی بەڕوی خەڵکیدا کرایەوە، لە کۆشکێك لە قەراغی لەندەن، بە ناوی (مۆنتاگۆ هاوس ). لە ساڵی (١٨٢٣)، دەستکرا بە دروستکردنی بینای ئێستای مۆزەخانەی بەریتانی و چوار قۆناغی تری بەخۆوە بینی، لە فراوانکردن و نۆژەنکردنەوە،



لەمۆزەخانەی بەریتانی (١)

بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١- ١٨٥٣

٢ - ١٨٨٥ - ١٨٩٥

٣- ١٩١٤ - ١٩٣٦

٤ - ١٩٩٤ - ٢٠٠٠

ڕووبەری ئێستای مۆزەخانەی بەریتانی نزیکەی (٤٠) هەزار مەتر چوارگۆشەیە، ڕووکاری بیناکە لەسەر شێوازی بیناسازیی (یۆنانی کۆن) بنیات نراوە، دیزاینی ئەم بینایەش لەلایەن (سێر ڕۆبۆرت مێرك )ەوە کراوە.

وەك لە پێشووتر ئاماژەمان پێدا، مۆزەخانەی بەریتانی چەندین دەوران و قۆناغی جیا جیای دیوە، لەڕووی شوێن و جۆری کەلوپەلەکان و بەشەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەش کە پێشکەشی دەکات.

سەرەتا مۆزەخانەکە شوێنی نمایشکردنی کەلوپەلی ئەنتیکە و شوێنەواری و دەستنووسی کۆن و کتێبخانەو کەلوپەلی سرووشتی و مێژویی بوو، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زانستی شوێنەوارناسی و فراوانبوونی ئەم بوارە، وایکرد کە مۆزەخانەی بەریتانی تایبەتمەند بکرێت بە کەلوپەلی شوێنەواری کۆن.

١

مۆزەخانەکە دابەشی چەند بەشێکی سەرەکی کراوە، کە لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەین:-

١- بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: دەتوانین بڵێین کۆڵەگەی سەرەکییە لە کەلوپەلە نمایشکراوەکانی مۆزەخانەی بەریتانییە ئەویش دابەشی سەر چەند بەشێکی تر دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ- شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن: کە وڵاتەکانی ئێران، ئەڤغانستان، عێراق، تورکیا، سوریا، لوبنان، فەلەستین و ئوردن لەخۆ دەگرێت.

ب- شارستانیەتی میسر و باکوری سوودان لەخۆ دەگرێت.

ج- شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی: لە ساڵی (٦٣٢) ی زاینیەوە دەست پێدەکات تاکو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم. هەموو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامیدابوون، لە هیندستانەوە دەست پێدەکات تاکو دەگاتە مۆریتانیا و تورکیا و بەشێك لە وڵاتانی بەلقان و ئیسپانیاش لە ئەوروپا.

٢- ئەفریکا: کە شارستانیەتی وڵاتانی باکوری ئەفریکا، وەك لیبیا و تونس و جەزائیر و مەغریب و وڵاتانی ناوەڕاست و باشوری ئەم کیشوەرە دەگرێتەوە.

٣- بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا:

شارستانیی وڵاتانی هیندستان و چین و کۆریا و ژاپۆن و وڵاتانی تری باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەخۆدەگرێت.

٤- بەشی ئوسترالیاو وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام.

٥- بەشی ئەمریکای باکور و ناوەڕاست و باشور.

٦- بەشی پێش مێژوو لە ئەوروپا.

٧-بەشی یۆنانی.

٨- بەشی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆما.

٩- بەشی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆما لە بەریتانیا.

١٠- سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا.

١١- چاخی ڕێنسانس.

٢

١٢- چاخی نوێی ئەوروپاو ئەمریکا.

١٣- بەشی چاککردنەوە: یەکێکە لە هەرە بەشە گرنگەکانی مۆزەخانەی بەریتانی، کە کاری چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە و کۆگاکردن و نمایشکردن و چەندین کاری تر ئەنجام دەدەن. ئەوەی جێی سەرنجە لەم بەشەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی هەڵگری بڕوانامەی زانستیی بەرز وەك پرۆفیسۆر و یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بوارەکانی ( فیزیا، کیمیا،بایۆلۆجی، جیۆلۆجی، بەڕێوەبردن و کارگێڕیی مۆزەخانەکان،چاککردنەوەی پارچەو بینا شوێنەوارییەکان...هتد) کاری تێدا دەکەن ونوێترین تەکنیك و تەکنەلۆجیای سەردەم لە کارەکانیاندا بەکاردەهێنن.

١٤- بەشی لێکۆڵینەوەی زانستی: ئەم بەشە هەموو کارێکی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر پارچە شوێنەوارییەکان و پاشماوەی خواردن و ئێسك و پروسکی بەجێماوی مرۆڤی سەردەمەکۆنەکان ئەنجامدەدات، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی ژیان و گوزەران و زمان و بیروباوەڕ و دابونەریت و ڕەچەڵەکی کۆمەڵگا کۆنەکان. سەرەڕای ئەمانەش هاوکاریی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە لە دەرەوەی مۆزەخانەی بەریتانی دەیانەوێت لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەسەر پارچە شوێنەوارێکی ناو مۆزەخانەکە.

ئەگەر لەڕوی کارگێڕی و داراییەوە باسێکی



لەمۆزەخانەی بەریتانی (٢)

مۆزەخانە بکەین و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بەرپرسانی مۆزەخانەکەم بیستووە، مۆزەخانەکە لەڕووی کارگێڕییەوە تەواو سەربەخۆیە و کەسی یەکەمی مۆزەخانە لەڕێگەی (سی- ڤی) ەوە هەڵدەبژێردرێت. لەڕوی داراییشەوە بودجەی ساڵانەی مۆزەخانەکە لەنێوان (٤٠٠-٥٠٠) ملیۆن پاوەنە، کە ڕێژەی (٤٠٪) لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە دابین دەکرێت و (٦٠٪) تریش لە ڕێگەی بەخشینی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و بەخشینی کەسایەتی و خەڵکی ئاسایی



لەمۆزەخانەی بەریتانی (٣)

لەناوەخۆو دەرەوەی بەریتانیا وە لە ڕێگەی ئەو کافتریاو فرۆشگا ناوەکیانەی کە لەناو مۆزەخانەکە هەن کۆدەکرێتەوە، مۆزەخانەش سەربەستە لە چۆنیەتیی خەرجکردن و ئەنجامدانی پرۆژە، لە دەرەوە و ناوەوەی شانشینی یەکگرتوودا، لەهەمان کاتیشدا لیژنەی چاودێریی پەرلەمان بۆی هەیە وردبینی لە خەرجییەکانی مۆزەخانەکەدا بکات.

٣

یەکێك لەو سیفەتانەی کە (مۆزەخانەی بەریتانی) لە مۆزەخانەکانی تری بەریتانیاو جیهان جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە چوونە ژوورەوە بەخۆڕاییە بۆ هەموو تەمەن و چینەکانی کۆمەڵگا لە هەموو کاتەکانی ساڵدا. هەموو ڕۆژێك لە کاتژمێر(١٠) ی بەیانییەوە تاکو (٥:٣٠) ئێوارە کراوەیە بەرۆژە پشوەکانیشەوە، کە ئەم ئۆفەرە لە هیچ یەکێك لە مۆزەخانە گرنگ و بەناوبانگەکانی جیهاندا نییە. یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لە ماوەی (٧٠) ڕۆژ مانەوەم لەو مۆزەخانەیەدا تێبینیم کرد، خەڵکانێکی زۆر بە شێوەی خۆبەخش لەگشت بوارەکانی پەیوەندیدار بەکاروباری مۆزەخانەکە بە شێوەی (الدوام الجزئی)، واتە لە هەفتەی یاخود لەمانگێکدا چەند ڕۆژێك، بە شێوەی خۆبەخش کاریان بۆ مۆزەخانەی بەریتانی دەکرد. مرۆڤ، زۆر بەئاسانی دەیتوانی هەست بەو ڕێز و قەدرزانینە بکات، کە خەڵکی بەریتانیا بۆ کارمەندانی مۆزەخانەکە و خودی دەزگاکەیان هەیە، بەجۆرێك ئێمە کە (٦) شوێنەوارناسی عێراقی بووین، هەڵبژێردرابووین بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولێکی ڕاهێنان، دواتر لەلایەن خودی شازادە (تشارلز) شازادەی (ئینگلتەرا و وێلز)، پێشوازی و میوانداری کراین، کە وەك لای زۆرێکتان ئاشکرایە بینینی کەسێك لە خانەوادەی پاشایەتی لە بەریتانیا بۆ سەرکردە سیاسییەکانیش کارێکی ئەستەمە، چ جای بابایەکی سادەی ڕۆژهەڵاتی. لێرەدا ئەم نموونەیەم تەنها بۆ ئەوە گێڕایەوە تاکو خوێنەرانی ئازیز بزانن قەدری شوێنەوار و شوێنەوارناسان لای ڕۆژئاواییەکان چەندە، خۆزگە گەر کەمێکیش بوایە، لەو هەستە، لای کاربەدەستان و خەڵکی وڵاتەکەم بەگشتی هەبوایە.

خاڵی سەرەکی لە هۆکاری سەرکەوتنی مۆزەخانەکە ئەوەیە کەخودی بیناکە بەشێوەیەك دروستکراوە کە بگونجێت لەگەڵ شێوە و جۆر و قەبارەی پارچە نمایشکراوەکان. بەواتایەکی تر، بیناکەیان لەگەڵ پارچەکاندا گونجاندووە نەك بە پێچەوانەوە، لەگەڵ چەندین هۆکاری تر، لەوانەیە نەتوانین بەچەند لاپەڕەیەکی تریش باسیان لێوە بکەین.

بۆیە وا هەست دەکەم هەڵە نەبم لەوەی کاتێك دەڵێم مۆزەخانەی بەریتانی بەهەشتی پارچە شوێنەوارییەکان و شوێنەوارناسانە.

# دیوێکی ئەدگارەکانی خورافە لە کوردەواریدا



عەبدولکەریم حەمە ساڵح
(مام هەژار)

دوای پەیدابونی بوون و ژیان لەسەر ئەم هەردە پان و بەرینەدا، زۆری نەخایاند (خورافە)، لەناو هەست و هۆشی خەڵکدا چەکەرەی کرد، هێندە قووڵ و پتەو ڕە گ و بنج و بنەوانی داکوتا، بە گوتەی (لیڤی شتراوس) مرۆڤی پێش مێژوو هێندە ئاڵودە و عەوداڵی ئەم شتە غەریب و عەجیبە بوون،کە تا ئێستاش، لە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیا ومەعریفەی هاوچەرخ، نەیانتوانییوە خۆیانی لێ دەرباز بکەن. بۆیە سەیر نییە هێشتا خەڵکانێکی زۆر هەبن لە ژێر کاریگەریی هەژمونی داستان و ئەفسانە و غەیبیات و خورافەدا ڕەفتار بکەن! مرۆڤی بەرایی، لە هۆکاری ڕووداو و گۆڕانی دیاردەکان نەدەگەیشتن، بۆیە ئەو گۆڕانکاری و جوڵەو دیاردانەی بۆ هێزێکی نادیار و میتافیزیکی دەگەڕاندەوە و باوەڕی وابوو ئەم هێزانە دیاردە و ڕوداوەکانیان خولقاندوە و دەیجوڵێنن، لەو ڕۆژگارانەدا تاکە

ئامراز و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەفسانە و بیری پڕ و پوچ بوو، بۆیە (سەموئیل کریمەر) لەم بارەیەوە گوتویەتی:» میتۆلۆژیا یەکەمین هەوڵدانە لە مێژووی هـزری مرۆڤایەتیدا بۆ چەمکی فەلسەفە، لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤ لە نەزانینی نهێنییەکانی سروشت. ئەو ڕۆژگارەی مرۆڤ لەناو دارستان و ئەشکەوتەکاندا ژیانی بەسەر دەبرد، بە بینینی بروسکە و ڕۆژ و مانگگیران حەپەساوە و دەنگی هەورەتریشقە و دیمەنی لافاو و زریان و بڵاوبونەوەی پەتا و نەخۆشی نیگەران بووە»، ئەمانە و گەلێك دیاردە و ڕوداوی سروشتیی دیکە، مرۆڤیان هانداوە بە دوای هێزێکدا بگەڕێ کە لە ناخەوە ورەی پێببەخشێ و بڕوای بە هێز بکات. ئەوە دەرگای لەسەر ئەفسانە و ئاین خستە سەر پشت، لە ئەفسانەدا بە دوای ئەو هێز و هۆکارانەدا گەڕا تا ڕووداوە ترسناکەکانی پێ بەرزەفت بکات، لە ئاینیشدا بە دوای هێزی خوڵقێنەر گەڕا و ناوی لەو هێزە نا (خوداوەند). مرۆڤ لە بەراییدا لەسەر بێ خودایی و دواتر لەسەر فرە خودایی و هەنوکەیش لەسەر تاك خودایی دەڕوا.

## پێناسەی خورافە

خورافە، بریتییە لەو بیرو باوەڕ و مومارەسە و نەریتانەی کە هیچ پاساوێکی عەقڵی و لۆژیکیان لە پشتەوە نییە و ملکەچی هیچ یاسا و ڕێسا و بنەمایەکی زانستی نابن. خورافە هەر لە کۆنەوە لەناو هۆز و تیرە و خێڵ و کۆمەڵگە و گەلاندا دەرکەوتووە و بڵاوبوەتەوە، نەوە لە دوای نەوە، لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر گوازراوەتەوە. دواتر ئەم خورافاتانە بەرگێکی ئاینی و کلتوری و کۆمەڵایەتییان لە خۆ گرتووە. یەکێك لەو گەلانەی لە ڕۆژگارێکی زۆر زووەوە بیری خورافی و غەیبی تێدا بڵاوبووەتەوە، گەلی کوردە. ئەمەش هێندێ لە ئەدگارەکانی خورافیاتی نێو کوردەوارییە:

## نوشتە و دوعا و چاوە زار

نوشتە دوعای نوسراوی سەر کاغەزە و بە ناوەکەیەوە دیارە کە لە نوشتانەوە هاتووە، نوشتە لەسەر کاغەزێکی درێژ کوڵە دەنوسرێت و باریك دەکرێت و دەنوشتێنرێتەوە و لە پەڕۆیەکی شەمیدار دەگیرێت و دواتر لە پەڕۆیەکی دیکەدا دەپێچرێتەوە و دەخرێتە ناو ئاوەوە و ئاوەکەیش یان دەخورێتەوە یاخود خۆی پێ دەشۆردرێ. دوای وشکبونەوەی نوشتەکە لە شانی یاخود لە کورتەکی یانیش بە کڵاوی نەخۆشەکەوە دەدروێت. نوشتە بە خورافیات دادەنرێ، چونکە ئەو ئامانجەی نوشتەی بۆ دروستکراوە لەگەڵ پێوەرە عەقڵییەکاندا یەکناگرێتەوە. بێنە بەر چاوت چەند وشە و هێلکارییەك چ توانایەکیان هەبێت تا نەخۆشێکی دەروونی یان جەستەیی چاك بکاتەوە !!.

دوعا دوو جۆری هەیە:

دوعای نوسراو و دوعای نەنوسراو، دوعای نوسراو بەو شێوەیە بوو :

١. نوشتەی ئاسایی: ئەوەیان ڕۆژانێك زۆر باوی بوو، هەر یەکێك شوێنێکی بەدەنی ئێش و ئازاری هەبایە دەچوە لای مەلایەك یاخود شێخێك، نوشتەیەکی بۆ دەکرد.

٢. نوشتەی باڵا ژن: نوشتەیەکی گەورە بوو، بۆ ئەو ژنانە دەکرا کە ترس و نیگەرانیان بە دواوە بوو، یاخود خەونی ترسناکیان دەبینی.

٣. نوشتەی ئەبو دوجانە: ئەم جۆرە نوشتەیە بۆ

کەسێك دەکرا کە توشی دەردێکی قورس هاتبایە، نرخی ئەم نوشتەیە لە وانەی دیکە گرانتر بوو.

هەندێ لە وانەی نوشتەیان بۆ دەکرا سەرە قەڵەمانەیان دەدا. سەرە قەڵەمانە، بریتی بوو لە پێشکەش کردنی گیسکێك یاخود کاورێك یان مریشکێك لە لایەن نەخۆشەوە بۆ ئەو کەسەی نوشتەکەی بۆ کردووە... !

هەندێ دوعا هەبوو لە خشڵی راستەقینە دروست دەکرا و وەکو ملوانکە لە مل دەکرا، دوعاکە دەبێ ڕەنگەکەی شین بێ و لەسەر شێوەی سەدەف یان هێلکە شەیتانۆکە بێ. هەندێ لە نوشتەکان بە سنجاق یاخود بە دەرزیلە بە کڵاوی منداڵانەوە یاخود لە قۆڵی کورتەك و ناو جل و بەرگی پیاوان و ژنانەوە قایم دەکرا.

## شێتی و خێو وجنۆکە

جاران، کە باری دەروونیی کەسێك تێکدەچوو، واتە شێت دەبوو، دەیانگوت ئەوە جنۆکە چوەتە لەشییەوە، یاخود دەستی لێوەشاندوە !ئیتر ئەو داماوە بەستەزمانەیان لەم شێخەوە دەبردە لای ئەو مەلا، لەم مەلاوە بۆ لای ئەو سەید. ئەم دوعای بۆ دەنوسی و دوعاکەیان دەکردە قەبزە نوشتی و بە کڵاوەکەیەوە دەیاندرووی. ئەویتر دوعای بۆ دەکرد تا بیخاتە ناو ئاوەوە و ئاوەکەی بخواتەوە. هەندێجار دەیانبردە سەر گۆڕی ئەو شێخ و مەشایەخانەی گوایە پێشینەیان لە شێت چاکردنەوەدا هەبوە. جاریش بووە بردویانەتە لای شێخێك، جەنابی شێخیش بردویەتییە ژورێکی تاریکەوە و دەرگای لەسەر داخستوە و دوای ئەوەی هەردوو لاقی بە زنجیر بەستاوەتەوە و بە تێلا کەوتوەتە گیانی و حەسیر مەیدانی ئەو بەستەزمانەی کردوە !

نوسەری فەرەنسی تۆمابوا لە کتێبی ژیانی کوردەواریدا نوسیویەتی:

((ئاشوری و کورد و ئێزیدیەکان بڕوایان بە جنۆکە هەیە، جنۆکەی خێر و جنۆکەی شەڕیش هەیە و هەر یەکەشیان ئاینی تایبەت بە خۆیان هەیە. جنۆکەی خێر جار جار کڵاوێکی سوور لەسەر دەکات و لە دۆڵە قوڵەکاندا دەگەڕێ. هەرچی جنۆکەی شەڕیشە، ئەوا لە ناو چاڵ و کەلاوەی خانوە چۆڵەکاندا خۆی دەشارێتەوە)).

گوایە جنۆکە بە زۆری لە ناو ماڵان لە نزیك دەرگا و سەردابەکان خۆی حەشار دەدا، بۆیە نەشیاوە، بە تایبەتی لە شەواندا، ئاوی گەرم بەو شوێنانەدا بکرێ، چونکە جنۆکەکان توشی ئێش و ئازار دەبن و پاشان ئەوانیش تۆڵە لە ماڵەکە دەسەننەوە !

لەو چەند ساڵەی دوایشدا بیستمان بە پاساوی بوونی جنۆکەوە، چەند خانوێکیان لە هەندێ شاری کوردستاندا رووخاند... !

## قوربانی و نەزر

هەڵبەتە مرۆڤ، بە ڕۆژ و دوو ڕۆژ و لە خۆڕا نەگەیوەتە ئەم ئاست و ئەم ڕۆژگارەی کە هەنوکە تێیدا دەژی. وەکو دیارە مرۆڤ، زۆربەی هەرە زۆری ژیانی لە قۆناغی ناو ئەشکەوت و دارستانەکاندا بەسەر بردووە، ئەو کاتە لە ژێر کاریگەریی بیر و باوەڕی غەیبی و خورافی و لەتەك تارمایی جنۆکە و شەیتان و دێو و درنج و خێو و لەمەچێتردا دەژیا. ئەوێ ڕۆژێ لافاو وشکەساڵی و بومەلەرزە و ڕۆژ و مانگگیران و... هتد، ترس و لەرزیان دەخستە دڵیەوە. بە دێوێکی تردا دەڵێین ژیانێکی ئێجگار سەرەتایی دەگوزەراند، کە میتۆلۆژیای تەنراو بە داستان و ئەفسانە و خورافە،




رۆڵی باڵایان تێدا بینیوه...! مرۆڤی ئەو سەردەمە سەرەتایی و دواکەوتووە پێیوابووە، ئەو ڕوداوە ترسناکانەی سروشت لە ئاکامی توڕەبوون و غەزەبی ڕوحە شەڕانگێزەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە وای بۆچووە دەبێ ئەم ڕوحە شەڕانگێزانە بە هۆی خوای خێر و چاکەوە لە ناو ببرێت، یاخود قوربانی بەو هێزانە پێشکەش بکرێت و ڕازی بکرێت. جا ئەو هێزانە بە شێوەی یەزدان بوبێت یاخود لەسەر شێوەی ڕوحێکی باڵا یان دیاردەیەکی سروشتی بێت! بابەتی قوربانییەکانیش، زیاتر ئاژەڵ و باڵندە و خواردن بووە، وەکو ئەوەی دانیشتوانی کۆنی خۆشناوەتی باوەڕیان وابوو کە لە وەرزی زستان کاتێك باران زۆر باریوە و ڕوبار هەستاوە و لە ئەنجامدا ڕێی هاتوچونی خەڵکی گرتووە، ئەو دەم دەیانگوت: ڕوبار خوێنی کردووه یاخود داوای خوێن دەکات. بۆ نیشتنەوەی ڕوبار و لێکردنەوەی باران، ئاژەڵێکیان سەر دەبڕی و هەڵیاندەدایە ناو ڕوبارەکەوە. جاری وابوە مرۆڤیش کراوەتە قوربانی، وەکو چۆن دانیشتوانی کۆنی زاخۆ لە ڕۆژگارێکی زوودا هەرچی دەیانکرد پردێك لەسەر ڕوباری زاخۆ بنیات بنێن، بەڵام کە لە تەواوبونی پردەکە نزیك دەبوونەوە هەرەسی دەهێنا و دەڕووخا، تا لە ئەنجامدا کچێکی جاحێڵیان بە ناوی (دەلال) ەوە کردە قوربانی و خستیانە ناو ڕوبارەکەوە و بەمەیش توانیان پردەکە تەواو بکەن. لەکاتی گەمارۆدانی شاری ( قەرتاجنە ) لە ساڵی (٠٧) پ.ز، دوو سەد منداڵی ناسك و نازداری بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو شارە، لەبەردەم پەرستگای (مۆلوخ) بە زیندوویی سوتێنران، ئەمیش تەنها لە پێناو هێورکردنەوەی توڕەیی و غەزەبی ئەو خواوەندە بوو گوایە لە پاشای وڵات توڕە بووە !

قوربانی و نەزر لەخۆگرتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بگرە دیاردەیەکی مرۆڤایەتیشە. نەزر لە کۆندا جۆرێك بوو لە پەرستن، پێشکەشکردنی قوربانی و نەزر لە خۆگرتن وەکو لە قورئان دا هاتووە، خێر و چاکەیە، نەزر لە خۆگرتن بریتییە لە وەی یەکێك پەیمان دەدات بڕێك پارە ببەخشێ یاخود ئاژەڵێك سەر ببڕێ بۆ ڕاهی خواو و پیاوچاکان گەر نیازەکەی بۆ بێتە دی... !

ئەوەی نەزر دەکا، بڕوای وایە کە ئەو نەزرە هێز و توانای بەرپەرچدانەوەی قەزا و قەدەری هەیە. نەزر ئەمانە دەگرێتەوە:

١. مەولودی پێغەمبەر، ئەمە لە حاڵەتی زەواجێکی ئاڵۆز یاخود بۆ چاکبونەوە لە نەخۆشییەکی سەخت

دەکرا، مەولود لە لایەن ژنانیش دەخوێندرایەوە کە بە شەربەت و چا خواردنەوە جێبەجێ دەکرا.

٢. سەردانی گۆڕی پێغەمبەرێك، یاخود بردنی چەند کیسە خەنەیەك بۆ سەر گۆڕ و مەزاری چاکێك. ئەو ژنەی منداڵی بۆ نەدەژیا، نەزری لە خۆ دەگرت (لانك) یێك بباتە سەر گۆڕی چاکێك، یاخود نەزری لەخۆ دەگرت گەر خوا کوڕێکی پێببەخشێ دەرۆزەی چل ماڵان بکا.

نەزرگرتن بەم شێوەیە بوو:

* خوایە گیان گەر کوڕەکەم لە بەندینخانە ئازادبێ، شەرتبێ قوربانییەك پێشکەش بکەم.

* کاك ئەحمەدی شێخ بە قوربانت (بە ساقەت)بم، گەر مرازم بێتەدی گایەك لە عەرزی بدەم.

* سوڵتان عەوڵای عارەبی، گەر کوڕەکەم لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵ دەرچێ، شەرت بێ دەستە جلێك بۆ کوڕە هەژارێك بکڕم.

گەر یەکێك نەزر لە خۆ بگرێ، دەبێ جێبەجێی بکات.

## کۆسە بەبە (بووکە بە بارانێ)

بنچینەی ئەم نەریتە زۆر کۆنە، ئامانجیش لە ئەنجامدانی بەزەیی پێداهاتنەوەی خواوەندە بە مرۆڤ. ساڵێك کە باران نەباریوە و وشکە ساڵی ڕووی لە کوردستان کردووە و بوەتە هۆی قاتوقڕیی دەغڵودان و نەبوونی لەوەڕ بۆ مەڕ و ماڵات و وشکبوونی پەرێز و پاوان و چککردنی ئاوی کانی و کارێزەکان و زەردبوونی مێرگ و چیمەن، کە لە ئەنجامدا گرانی بڵاو دەبۆوە، لەمەوە خەڵك پەنایان بۆ نوێژە بارانە دەبرد یانیش دەچونە سەر گۆڕی پیاوچاك و ماڵی سەید و شێخەکان، یاخود کۆسە بەبەیان دەکرد. ژمارەیەك گەنج کۆ دەبوونەوە و لەناو خۆیاندا دوو کەسیان هەڵدەبژارد یەکێکیان بەرگێکی سەیری دەپۆشی و سەر و چاویشی بە تەنی بنی مەنجەڵان ڕەش ڕەش دەکرد و دەبووە کۆسە، گەنجەکەی دیکەشیان لەسەر شێوەی بوك دەڕازاندەوە.

بەم شێوەیە کۆسە لە پێش ئەوانی ترەوە دەڕۆیشت و کوتەکێکی بە دەستەوە دەگرت و لە دەرگای ماڵانی دەداو دەینەڕاند: بەشی کۆسە بدەن، کۆسە ژن دەگوازێتەوە. کابانی ماڵیش، دەستو برد، ئەو کەلوپەلانەی ئاویان تێدابوو لە جەڕە و گۆسکە و تەنەکە و تەشت و مەنجەڵ، کە لەبەر دەستان بوو، دە یبردە سەربان و بە کۆسەیدادەکرد، ئینجا هەر چییەکیان هەبوایە لە گەنم و بڕوش و نیسك و نۆك و قەسب دەیدا بە کۆسە، ئیدی بەم جۆرە ئەو کۆمەڵە گەنجە ماڵ بە ماڵ، گەڕەك بە گەڕەك بە جلی تەڕەوە لەو شەوە تاریکەدا دەخولانەوە، لە پاشانیشدا دوای ئەو هەموو ماندوبونە لە شوێنێك رادەوەستان، ئەو شتانەی کۆیان کردبونەوە بەسەر ماڵە هەژارەکانیان دابەش دەکرد. ئەو نەریتە فۆلکلۆرییە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی کوردەواری دەکرا و لە هەر شوێنێکیش ناو و ناوەرۆکەکەی جودا بوو، بو نموونە لە شاری هەولێر بەم جۆرە دەکرا: گەلە کوڕێك سەری خۆیان پاك دەتراشی و خۆیان ڕووت دەکردەوە، هەموو لەشی خۆیان بە تەن ڕەش ڕەش دەکرد و هەندێ پتکە پەمویان بە لەشیانەوە گیر دەکرد و کڵاوێکیان دەکردە سەر، کە هەندێ ووردە شووشە و پارچە ئاوێنەی بچوك بچوکی لێ قایم دەکراو پێیان دەگوت ((کڵاوقوچ))، جگە لەوە، زەنگوڵەی لە مل دەکرد و دارێکیشی بە دەستەوە دەگرت. کۆسە بەبە بە سەما و هەڵپەڕینەوە لەگەڵ هاوڕێکانی بە کۆڵاناندا دەگەڕا و دەسوڕایەوە، پەیتا

پەیتا خەڵکیان لێ کۆوە دەبوو، ئەمیش واتە کۆسە بەبە لە پڕ بۆ خەڵکەکە دەچوو و کوتکەکەی لە ئەرز دەدا و دەی نەڕاند، منداڵانیش ئاویان پێدادەکرد و بە دوای دەکەوتن، ئەم زەنگوڵ لە مل کردنە و دانانی پەموو بە لەشی کۆسەوە، لاسایی کردنەوەی ئاژەڵە، ئەوەش بۆ ئەوە بوو بەڵکو خوا بەزەیی بە ئاژەڵاندا بێتەوە. لەو سات و کاتەدا منداڵان جۆرە گۆرانییەکیان دەگوت کە لە شێوەی دوعا کردن و پاڕانەوە بوو لە خوا تا باران بباریێنێ :

هەیاران و مەیاران

یاخوا دا کاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

بۆ گوڵ و لالە زاران

***

باران خێر و خێراتە

دەغڵ و دانی پێ هاتە

گەنمی حەسەن و حوسێنی

قڕ بوون هەمو لە تێنێ

***

بوکە بە بارانە

ئاوی بن دەغلانە

سعاتی جارانە

هەیاران و مەیاران

لە بادینانیش بە هەمان شێوەی سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان بووکە بە بارانەیان دەکرد، منداڵانیش بۆ ئەم بۆنەیە گۆرانی دەڵێن :

بویکا مە باران باران

بویکا مە باران باران

بویکا مە باران دڤێت

گەنمی دوو چالان دڤێت

بویکا مە خێلی خێلی

ئەم نادەینە حەسەنە گێلی

دێ دە دەینە ئامێدیا

دا دێنن سەر کورسیا

لە ناوچەی هەورامانیش بوکە بە بارانە دەکرا، ئەم رێ و رەسمە لە لایەن منداڵانەوە ئەنجام دەدرا، ئەمیش کۆپلەیەکە لەو گۆرانییەی منداڵان:

یا خوا وارۆ پەی خەلەی

گیوا و بزیو پەی کەلەی

هەرچی دەڤەری کەرکوك و دەوروبەریشی بوو، ئەوا منداڵانیان بەم شێوەیە وەسفی بوکە بە بارانەیان دەکرد:

بوکە بە بارانمان دەوێ

رەحمەتی جارانمان دەوێ

باران خێر و خێراتە


دەغڵ و دانی پێ هاتە

خوایە دا کاتە باران

بۆ نەخۆش و هەژاران

سەرەڕای کۆسە بەبە و بوکە بارانە، لە هەندێ شوێن نوێژە بارانەیان دەکرد بۆ باران بارین. کاتێك وشکەساڵی ڕوی لە کوردستان دەکرد، مەلا و ریشسپی و خەڵکی ئاوایی ڕویان لە دەشت و دەر دەکرد و روەو قیبلە دەوەستان و نوێژە بارانێیان دەکرد. ئامانج لەم نوێژە بارانە، پاڕانەوە و دوعاکردن بوو بەرەو قاپیی خوا، بەڵکو بەزەییی بەو خەڵکەدا بێتەوە و باران بباریێنێ و کۆتایی بە وشکە ساڵی بێنێ.

# یارییە فۆلکلۆرییەکان



هۆشیار بەکر عەزیز
کەرکوک

کەلەپوور لە چەندەها بەش پێک هاتووە، لەوانە ئەدەبی فۆلکلۆری، یاری فۆلکلۆری، کەلەپووری نەتەوایەتیمان لێوانلێوە لەبەهای ناوازە و بەهرەمەندی، بەرجەستەی زاخاوی مێشکن و لە ئاسۆی خەیاڵێکی کوردییەوە گزنگیان داوە، باو و باپیرانمان گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوویان بۆ بەجێهێشتوین کە زادەی هزر و بیر وئەندێشە و لێهاتویانە، تا زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت مرواری و گەوهەری زۆرتر و بەهادارترمان چنگ دەکەوێ. هەر بەشێکی کەلەپوور زادەی قۆناغێکی دیاریکراو و بارودۆخێکی تایبەتن. جاران بە هۆی نەبوون یا کەمی هۆکاری ڕاگەیاندن وەك تەلەفزیۆن و ئامێرە جۆراوجۆرەکانی یاری مناڵان و سەرقاڵ نەبوونی مرۆڤەوە وەك ئێستا، بۆ کات بەسەر بردن چەندین یاری فولکلۆری هەبوو کە مناڵان لە کوڕ و کچ و لاوان و پیاوان خۆیان پێوە سەرقاڵ دەکرد، هەندێك لە یارییەکان تایبەت بوو بە مناڵان و هەندێکی تایبەت بوو بە پیاوان، هەندێ یاری ئافرەتان بۆ منداڵانی بچکۆڵە دەیانکرد، زۆربەیان بە ڕۆژ یاری دەکرا هەبوو تەنها بە شەوان، زۆربەی یارییەکان خۆی لە خۆیدا کارێکی وەرزشی بوو، هێز و توانای جەستەیی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بەردەوام بونیان، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر یارییەك شێواز و تەکتیکی خۆی هەبوو سەرباری هێز و توانای جەستەیی، کارامەیی و چوست و چالاکی و زیرەکی و وریایی هۆکاری سەرکەوتنی یاریزان بوو. ئەم یارییانە زۆربەیان لە لادێیەکان دەکران بەهۆی کۆچی خەڵکی لە لادێیوە بۆ شار گواسترایەوە بۆ شار و لە زوربەی گەڕەکە میللیەکان خەڵکی دەیان کرد، ناوی یارییەکان لە کەرکوك و دەوروبەری بەو جۆرەیە کەنوسراوەتەوە لەوانەیە لە شوێنەکانی تری کوردستان ناوی تریان هەبێ یا گۆڕانکاری هەبێ لە چونیەتی ئەنجام دانیان. لەم ڕۆژگارەدا یارییە فۆلکلۆرییەکان بوونە بە حکایەتی زەمانە، نەوەی ئێستا سەرسام دەبن کاتێ کە ناویان دەهێنری و باسی شێواز و چۆنیەتی ئەنجام دانیان دەکرێ. یارییەکان هەندێکی تایبەتە بە نەتەوەی کورد و هەندێکی هاوبەشە لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دراوسێدا، بیگومان چەندەها یاری تر هەن بە سەر چون و نەماون یا کەس نازانی چۆن چۆنی ئەنجام دراون چونکە ئەوانەی کاتی خۆی کردویانە لە ژیاندا نەماون و کەس نەیخستووەتە سەر کاغەز، ئەمانە ناوی زۆربەی یارییەکان و چۆنیەتی ئەنجام دانیان:-




فۆتۆ/ عادل زرار

یاری نیشتنەوەی جوجك: ئەم یارییە لە نێوان ئافرەتێكی بە تەمەن و منداڵێكدا دەكرا، ئافرەتەكە منداڵەكەی ئەخڵافان بۆ ئەوەی نەگیریت یان نارەحەتی نەكات، ناولەپی دەستی چەپی ئەكردەوە و ئەیوت جوجكێك لێرە نیشتەوە، بە دوو پەنجەی دەستەكەی تری یەكە یەكە پەنجەكانی دەستی چەپی ئەگرت و ئەیوت پەنجەی یەكەم گرتی، پەنجەی دووەم سەری بڕی، پەنجەی سێیەم كوڵانی، پەنجەی چوارەم خواردی، پەنجەی پێنجەم ئەیوت كوا بەشم، ئافرەتەكە هەندێ ڕائەما و ئەیوت ئەرە وەڵا فڕی، منداڵەكە سەرسام ئەبوو دەستی ئەكرد بە پێكەنین.

یاری توتە برای توتە: ئەم یارییەش لە نێوان ئافرەتێكی بە تەمەن و منداڵێكدا دەكرا، ئافرەتەكە منداڵەكەی ئەخڵافان بۆ ئەوەی نەگیریت یان نارەحەتی نەكات، ئافرەتەكە ناولەپی دەستی چەپی ئەكردەوە بە پەنجەكانی دەستی ڕاستی یەكەم پەنجەی دەستی چەپی ئەگرت و ئەیوت توتە و بەری ئەدا بەو شێوەیە پەنجەكانی تری ئەگرت و بەری ئەدا بۆ پەنجەی دووەم ئەیوت برای توتە بۆ پەنجەی سێیەم زەرنەقوتە بۆ پەنجەی چوارەم دۆشاو مژە بۆ پەنجەی پێنجەم ئەیوت ئەسپێ كوژە، كەتەواو ئەبوو بە پەنجەكانی دەستی ڕاستی ختۆكەی سكی منداڵەكەی ئەدا ئەیكرد بە پێكەنینەوە.

یاری كڵاوێن: چەند كەسێك بە شەوان لە ماڵێكدا كۆئەبونەوە و ئەبوون بە دوو كۆمەڵ، جاری وا هەبوو لە سەر قەلێك یا بەرخێك دەكرا، ئەو لایەی بێدۆڕانایە دەبوایە هەر بەو شەوە بیهێنایە و دەكرا بە چێشت و دەخورا، تا درەنگانیەكی شەو ئەمانەوە. یاریزانەكان ئەبوون بە دوو كۆمەڵی یەكسان بەرامبەر یەك دائەنیشتن، شێر و خەت دەكرا بۆ ئەوەی كام كۆمەڵە ببێ بە یەكەم و دەست بەیاری كردن بكا، یەكێك لە كۆمەڵی یەكەم دەستی ئەكرد بەشاردنەوەی ئەنگوستیلەیەك لە ژێر كڵاوەكاندا، كۆمەڵی دووەم لە كاتی شاردنەوەدا چاودێریان ئەكرد پاش تەواوبونی شاردنەوەكە، كۆمەڵی دووەم بۆ دۆزینەوەی ئەنگوستیلەكە پاش و توێژ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ یەكتردا یەكێكیان دەستی ئەكرد بەلابردنی كڵاوەكان لە كاتی لابردندا ئەگەر بیوتایە فت و ئەنگوستیلەكە لە ژێر كڵاوەكەدا نەبوایە ئەوا بەردەوام ئەبوو، ئەگەر بیوتایە فت و ئەنگوستیلەكە لە ژێر كڵاوەكە دەرچوایە ئەوا كۆمەڵەكەی بە دۆڕاو ئەژمار دەكرا خاڵ بۆ كۆمەڵەی یەكەم ئەبوو و دووبارە دەستیان ئەكردەوە بەشاردنەوەی ئەنگوستیلەكە، بەڵام ئەگەر بیوتایە گوڵ ئەنگوستیلەكە لە ژێر كڵاوەكە دەرچوایە ئەوا كۆمەڵەكەی بە براوە ئەژمار دەكرا یارییەكە لە دەستی كۆمەڵەی یەكەم دەرئەچوو، كۆمەڵەی دووەم ئەنگوستیلەیان ئەشاردەوە، لە كاتی هەر شاردنەوەیەكدا تەنها یەكجار دەیانتوانی گوڵ دەست نیشان بكەن، ئیتر بەو شێوەیە یاری كردن بەردەوام ئەبوو هەتا كۆمەڵەیەك خاڵی لەوانی تر زیاد ئەبوو بە براوە ئەژمار دەكرا.

(ماویەتی)